نەوزاد عەلی ئەحمەد

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## مانیفێستی شۆڕش لە برادۆست

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

نەوزاد عەلی ئەحمەد

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# مانیفێستی شۆڕش لە برادۆست

« یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مانیفێستی شۆڕش لە برادۆست

« نووسین: نەوزاد عەلی ئەحمەد

« دیزاین: کەمال حامد

« تیراژ: 500 دانە

« ساڵی چاپ: 2025

« چاپ: چاپخانەی تاران

« زنجیرە: (560 - 93 )

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (٢١٠٢) ی ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

# پێڕست


بەرەو نووسینەوەی مێژووی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان............................................................ ٧
بابەتی یەکەم
برادۆست؛ جوگرافیا، مێژوو، ململانێ .................................................. ١٠
بابەتی دووەم
یەکەم مەفرەزە و یەکەم بنکە............................................................ ١٥
بابەتی سێیەم
سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان.................................... ٢٠
بابەتی چوارەم
یەکەمین گوتاردانی مام جەلال لە شۆڕشی نوێ دا
لە ناوچەی برادۆست بووە.............................................................. ٢٨
بابەتی پێنجەم
مام جەلال، لە کوێ و چۆن بوو بە سکرتێری گشتی
!یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟....................................................... ٥٨
بابەتی شەشەم
پەیامی تێپەڕبوون بەسەر یەکەمین ساڵەی خەباتی پێشمەرگایەتی.......... ٦٢
بابەتی حەوتەم
بڕیارەکانی کۆبوونەوەی دەورەی یەکەمی
کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی..................................................... ٦٨
بابەتی هەشتەم
بەیاننامەی کۆتایی خولی یەکەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوەڕاستی ئەیلولی ١٩٧٧............................ ٧٨
بابەتی نۆیەم
یەک سەرکردایەتی و یەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان.......................... ٩٢

بابەتی دەیەم
بەڵگەنامەیەکی گرنگ بۆ یەکڕیزی کوردایەتی.............................................. ٩٨
بابەتی یانزەیەم
گفتوگۆی ١٩٧٧، چۆنکرا؟ ئەنجام چی بوو؟.................................................... ١٠٥
بابەتی دوانزەیەم
ئایدیۆلۆجیا و گوتار و پەیوەندییەکانی یەکێتیی.............................................. ١١١
بابەتی سیانزەیەم
!ئەوانەی لە برادۆست بوون.................................................................... ١١٩
بابەتی چواردەیەم
کەی، بۆ، ناوچەی برادۆست چۆڵکرا؟........................................................ ١٢٢
ئەنجام و پوختە........................................................................................... ١٢٦
دەقی سێ نامە............................................................................................... ١٢٨
بەڵگەنامەکان................................................................................................... ١٤٣
سەرچاوەکان................................................................................................... ١٥٩

## بەرەو نووسینەوەی مێژووی
## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پوختەترین پێناسەی مێژوو، بریتییە لە نووسینەوەی ڕووداوەکان. بچووک و گەورە، کورت و درێژ، لەکاتی نووسینەوەی مێژوودا کاریگەرییان نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە، ڕاستگۆیی و بێلایەنییە. کەواتە ڕووداوەکان چۆن پۆلێن و ڕێکدەخرێن، لەو ڕووەوە چەندان ڕێگە و ڕێباز هەن، لە هەموویان ئەکادیمیتر نووسینەوەی مێژووی مێژووە، واتە ڕۆژ، مانگ، ساڵ ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لەکاتی پۆلێنبەندکردنەکەدا. من ڕێبازی ژمارەم پێباشترە بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان. ئەوەی لێرەشدا بۆتە ڕێبازی کارکردنم ژمارەبەندکردنی ڕووداوەکانە، واتە؛ ڕۆژ، مانگ، ساڵ و کارئاسانیم بۆ دەکەن.

دەرفەتێک هاتۆتە پێشەوە دەتوانرێت، مێژووی حزب و ڕێکخراویی سیاسی کوردی و کوردستانی بنووسرێتەوە، ئەو دەرفەتەش پەیوەندی بە بوونی بەڵگەنامەیەکی زۆرەوە هەیە، کە پێشتر دەستکەوتنیان قورس بوو، چونکە بەڵگەنامە بنیاتی نووسینەوەی مێژووە.

ژیانی حزبایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر لە ساڵی ١٩٧٥ تا ئەمڕۆ، ڕووبەڕووی چەندان هەوراز و نشێو، سەرکەوتن و شکست بۆتەوە، بۆ هەریەکێک لەو وێستگانە سەدان، بگرە زیاتریش بەڵگەنامە بەردەستن. لە هەمووی سەختتر قۆناغی (شاخ و نهێنی ١٩٧٥-١٩٩١)ی ئەو ڕێکخراوەیە، بەڵام ئەوەی ئاهێکی بە مێژوونووسان داوە، زۆربەی هەرەزۆری ئەدەبیاتەکانی ئەو ماوەیە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، یاخود دەتوانرێت سۆراغیان بکرێت.

سەرەتا نەخشەکەم بەمجۆرە بوو، کە لە سوریاوە دەستپێبکەم، پاشان بەرەو برادۆست و مەفرەزە سەرەتاییەکان و قۆناغی ئارام

«شاسوار جەلال» و کاروانی هەکاری و خۆڕێکخستنەوەی دوای هەکاری و .... تاد. شۆڕبیمەوە، بەڵام نەبوونی وەڵامی دروست بۆ چەند پرس و پرسیارێک پڕۆژەکەی دوادەخستم. هەڵوەستەم کرد و خۆم رازیکرد، زۆر ئاساییە، باز بدەم و قۆناغێک بنووسمەوە، ئینجا بۆ قۆناغەکەی پێشوو بگەڕێمەوە، کە تەواو بووم، واپێدەچێت پڕۆژەکە، چەندان ساڵ بخایەنێت، ئینجا لەگەڵ سەرنج و رەخنەی مێژوونووس و شارەزا و خوێنەران بە کتێبەکاندا بچمەوە و لەچەند بەرگێکدا چاپیان بکەمەوە.

لە کارەکانمدا سوود لە دەرفەت دەبینم، ئەمڕۆ لەسەر مێژووی قۆناغی برادۆست-ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەوەستم، کە بەشێکی گرنگ و کاریگەرە لە مێژووی ئەو هێزەدا، یەکەمجاریشە ئەو چەندان مانگەی مانەوەی یەکێتیی لەو ناوچەیەدا بە هەند وەردەگیرێت و وەک قۆناغ پۆلێنبەندی بۆ دەکرێت!

من زیاتر پشت بەو بەڵگەنامانە دەبەستم، کە گومان هەڵناگرن، ئەو شێوازەی دەستم بۆ بردووە، زیاتر نووسینەوەی بەڵگەنامەکان و بەراوردکردنیانە بە سەرچاوەی دیکە و را و سەرنجی خۆشم فەرامۆش نەکردووە. رەنگە دوای من کەسانێک بێن و سوود لەم پڕۆژەیەم ببینن، بەڵگەنامەکان وەربگرن و دیوێکی دیکەی ئەو مێژووە بخوێننەوە و بنووسنەوە.

ئەم کتێبە بریتییە لە چواردە بابەت، لەژێر چواردە ناونیشانی جیاوازدا، بۆ هەر بابەتێک، کە گرێدراوی مێژوویین پشت بە چەندان بەڵگەنامە و کتێب و چاوپێکەوتن بەستراوە، لەچەندان شوێندا بەڵگەنامە و سەرچاوەکان بە سەرچاوەی دیکە بەراورد کراون، تا دەسەڵاتی رێبازی ئەکادیمییەت بەسەر نووسینەکەدا زاڵ بێت. ناوەڕۆکی کتێبەکە پەیوەستە بەو هەموو رووداوانەی لەنێوان هەردوو ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ لە ماوە و مەیدانی خەباتی ناوچەی برادۆستدا، کە یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان پێشکەشی کردوون.

لە کۆتایدا چەند بەڵگەنامەیەک داندراون، کە بەشێکی زیندووی ئەم کتێبەن، دەکرێت وەک تەواوکار و درێژەپێدەری بابەتەکان ئەژمار بکرێن.

نەوزاد عەلی ئەحمەد

ستۆکهۆڵم- سوید

هاوینی ٢٠٢٥

# بابەتی یەکەم

## برادۆست؛ جوگرافیا، مێژوو، ململانێ

برادۆست، ناوچەیەکی زۆر فراوان و دەوڵەمەند و گرنگ و سەختی کوردستانە، سەر بە پارێزگای هەولێرە، شوێنەکەی ئەوەندە هەستیارە سێ دەوڵەت چاودێری دەکەن! بەڵام کەمترین سەرچاوەی زانستی دەربارەی ئەو ناوچەیە لە کتێبخانە کوردییەکان هەیە.

بۆ کلیلی کردنەوەی بابەتەکەم دوو مانگ گەڕان و پشکنینم کرد، بەڵام ئەوەی زۆرتر جێ ئومێدم بوون، ئەو دوو کتێبەن، لەم بەشەدا سوودم لێیان بینیوە، کە هەر یەکێکیان لە گۆشەیەکەوە قسە و باسی سەبارەت بە برادۆست کردووە.

سەرەتا لەباری جوگرافی لە ناوچەکە دەڕوانین: «دەڤەر و ناوچەی برادۆست دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر، ئەم دەڤەرە هاوسنورە لەگەڵ دوو وڵاتی دراوسێ و چەندین قەزا و ناحیەی تری پارێزگای هەولێر لە خۆدەگرێت، لەلای رۆژهەڵاتیدا سنوری ئێرانە (کوردستانی رۆژهەڵات)، لەلای باکووریدا سنوری وڵاتی تورکیایە (کوردستانی باکوور)، بەڵام لە باشووریدا هەریەکە لە ناوچەی باڵەکایەتی لە قەزای چۆمان و ناحیەی دیانا لە قەزای سۆران و لەلای رۆژئاوایدا ناحیەی پیران و مەزنێ لە قەزایی مێرگەسۆر» (زێدان برادۆستی ٢٠٢١، ل٢٦ و ل٢٧).

لەم سەرچاوەیەشدا بە دیوێکی دیکە باس لە جوگرافیای ناوچەکە

دەکرێت: «ناوچەی برادۆست: کەوتۆتە نێوان ٣ سنور، لای سەروی هاوسنورە لەگەڵ شنۆی ئێران و لای رۆژاوای هاوسنوری شەمزینانی تورکیایە. ناوەندی ئیداری ناوچەکە سیدەکانە، کە سەر بە قەزای رەواندزە (ئێستا سەر بە قەزای سۆران)ە، ئەویش سەر بە محافەزەی هەولێرە. کێوە بەرزەکانی سپیریزی خەیلانی و کێلەشین و دالانپەڕ لە ئێران و روباری سەرکەم، کە پێشی ئەڵێن روباری حاجی بەگ لە تورکیای جیائەکاتەوە» (هەندێن شێخ راغب، ٢٠٢٢، ل١٧).

سێ دەوڵەتی هەمیشە ناکۆک، بەردەوام چاودێری ئەو خاڵە سنوورییەیان کردووە، چونکە «گرنگی ئەو دەڤەرە لەوەدایە، کە شوێنەکە بایەخێکی ستراتیجی تایبەتی خۆی هەیە، لەڕووی ناوخۆ و نێودەوڵەتیەوە، بەهۆی بەستنەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بە سنووری وڵاتانی ئێران و تورکیاوە، بەمەش خاڵێکی سێ گۆشەی سنوری گەورە و فراوان دروست دەکات» (زێدان، ٢٠٢١، ل٢٧). ئەمەش پەیوەستە بە خاسیەتی ناوچەکە: «ناوچەکە یەکێکە لە ناوچە هەرە عاسێ و سەختەکانی کوردستان. چەندین ریزە شاخی بڵند و سەخت و دۆڵی قوڵ و لێڕەواری چڕ و سەدان کانی و چەمی بچوکی تێدایە» (هەندێن شێخ راغب، ٢٠٢٢، ل٢٣)

هۆزی برادۆست ساڵانێکە لەو ناوچەیەدا دەژین و دەسەڵاتداران: «هەر لە کۆنەوە، ئەو هۆزەی خۆی بە خاوەنی ناوچەی برادۆست دەزانێت، پێیان دەڵێن هۆزی برادۆست، ئەمانە ئەسڵیان بۆ شێخ جیهانگیری نەوەی خانی لەپ زێڕین دەگەڕێنەوە، دانیشتوانی ناوچەکە لە چەند تیرەیەکی گەورە پێکهاتوون، وەک: خواکوڕکی، پیرەنی، رەوەندۆکی بازەی و هەرۆیی، مام ناسرەی، شێخزادە و بۆڵی.. (زێدان برادۆستی، ٢٠٢١، ل٤٢).

مێژووی برادۆست بەندە، بەو ئاوەدانییەی لە ئەشکەوتی شاندەر

هەبووە، هەمیشە، کە ئاماژە بە مێژووی ناوچەی برادۆست دەکرێت، ناکرێت ئەو ئەشکەوتە فەرامۆش بکرێت، هەروەها خاوەنی چەندان شوێنەواری دیکەیە. ئەگەر باس لە مێژووی برادۆست بکرێت، پێویستە وەک هەر ناوچەیەک بەسەر چەندان تەوەر و رۆژگاردا دابەش بکرێت، پێش هەموو شتێک مێژووی کۆن و تازەی لە یەکتر جیابکرێتەوە.

لە سەدەی شانزدەوە میرنشینی برادۆست هەبووە، کەواتە جۆرێک لە ئیدارەدان کاروباری ناوچەکەی رێکخستووە، وەک باسکراوە ساڵی ١٨٧٢ ناحیەی برادۆست دامەزراوە، کەواتە ئەو ناحیەیە، یەکێکە لە ناحیە هەرە کۆنەکانی باشووری کوردستان.

هۆزی برادۆستییەکان، وەک زۆربەی هۆزەکانی دیکە پەیوەندی نێوانیان پتەوە و هەمیشە بەرگرییان لە خاک و خوێن و دابونەریتی خۆیان کردووە. یەکێک لەو لایەنانەی، کە لە ساڵی ١٩٣٢-ەوە کێشەیان لەگەڵ هەبووە، بنەماڵەی بارزانییەکان بووە، ئەو ساڵە هێزێک هێرش بۆ سەر ناوچەی برادۆستییەکان دەکات، ئەو کێشەیە سەری کێشاوە تا سەرهەڵدانی بزاڤە چەکدارییەکەی ساڵی ١٩٦٢ هێزێکی گەورە لەژێر ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان، برادۆستییەکانیان لە خاک و مەسکەنی خۆیان وەدەرنا و بۆ ئێران پەڕینەوە، بەڵام دوایی ئێران یارمەتی ئەوان و هۆزی هەرکییەکانی دا بۆئەوەی بۆ ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، تا گواستنەوەی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ئۆردوگە زۆرەملێکان، زۆربەی هەرە زۆریان بە پچڕ پچڕ لە ناوچەکەیان دەژیان. (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم بەحری برادۆستی، لە رێگەی تۆڕی پەیوەندی WhatsApp، ٢٠٢٥/٧/١٤). دوای راپەڕینی ١٩٩١-یش وەک ساڵانی پێشوو، پەیوەندی نێوان برادۆستییەکان و بنەماڵەی بارزانییەکان نەگەیشتۆتە پلەیەکی باش و متمانە بەیەکترکردن.

ناوچەکە بەجۆرێک گرنگ و ستراتیجە، زۆربەی هێز و لایەنە کورد

و کوردستانییەکان «دەیانەوێ خاوەنی نفوزی ناوچەی برادۆست بن، کاتی خۆی یەکیەتی بڕیاریدا بێتە ناوچەی برادۆست بۆیە کارەساتی هەکاریش روویدا، بەهەرحاڵ لێرەدا ئەمە بابەتی ئێمە نیە، بەڵکو زیاتر رونکردنەوەی گرنگی جیۆسیاسی برادۆستە» (هەندێن شێخ راغب، ٢٠٢٢، ل٣٠).

یەکێک لەو هێزانەی، لەگەڵ ناردنە دەرەوەی یەکەم مەفرەزەی شۆڕشی نوێ، چاوی لەوە بووەوە، بنکە و بارەگا لەو شوێنە دابنێت، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە: «لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی سەرکردایەتیدا تەگبیر دەکەن چی بکەن و بیردەکەنەوە، کە بچنە ناوچەکانی برادۆست و لەناوچەی (سێ سنوور)ی ئێران، تورکیا و عێراق، بارەگای سەرکردایەتی دابنێن! چونکە ئەو شوێنە لەوکاتەدا لەم روانەوە شوێنێکی گرنگ و پڕ بایەخ بوو:

- دەکرێ لەوێوە رێگەی هێنانی چەک و تەقەمەنی دابین بکەن.
- نزیک بوو لە سوریاوە و بۆ هەموو کارێکی سیاسی و لۆجیستیکی و شوێنێکی باش و لەبار بوو، بەتایبەتی بۆ هاتوچۆ و پەیوەندیەکانی (یەکێتی) و دۆستەکانی لە (التجمع الوطني العراقي)دا.
- نزیکی ئەو ناوچەیە لە رێکخراوی (دەدەقەدە)، لە باکووری کوردستان، کە چەند جارێک داوایان کرد بوو (یەکێتی)، لە سنووری تورکیا نزیک بێتەوە، کارێکی گونجاو بوو.
- ناوچەیەکی شاخاوی قایم بوو، بۆ دانانی بارەگاکانی سەرکردایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)». (فەرەیدون عەبدولقادر، ٢٠١٧، ل٣٠٢).

با بزانین لە ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چۆن باسی لە برادۆست کردووە: «یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسان لە ساڵی ١٩٧٧ لەناوچەی برادۆست بووە. کۆبونەوەکە، کە لە سەرچاوە میدیاییەکانی دواتری یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستاندا خراوەتە ئاستی پلینۆمەوە، سیانزە رۆژی خایاندووە لە ٣١ی ئابەوە دەستی پێکردووە و لە ١٢ی ئەیلولدا کۆتایی هاتووە.

ئەم کۆبوونەوەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە تا ئەوکاتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نە سکرتێری هەبووە، نە مەکتەبی سیاسی و نە کۆمیتەی سەرکردایەتی و هێشتا هێزی پێشمەرگە رێک نەخرابوو. تاکە دامەزراوە، کە هەبوو، دەستەی دامەزرێنەر بوو، کە لە حەوت ئەندام پێک هاتبوو و هیچ نوێنەرێکی کۆمەڵەی رەنجدەران و بزوتنەوەی سۆشیالیستی تێدا نەبوو. لە سالانی دواییدا، کاتێک دەست بە نووسینی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دیاریکردنی وێستگە سەرەکییەکانی کرا، ئەم کۆبوونەوەیە پلەی (پلینیۆم)ی پێدرا و لەسەر ئەم بنچینەیە بە یەکەم پلینیۆم لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرا» (ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ٢٠٢١، ل٢١١). لەدووتوێی ئەم کتێبەدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ئەو بەیاننامەیە دادەنێم، کە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە برادۆست دەرچووە.

کەواتە پێگەی جوگرافی و عەشایەری ناوچەی برادۆست بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوەندە گرنگ بووە، کە چاوی لەو دەڤەرە بێت و ئەویش بکا بە مەڵبەندی سەرەکی بۆ سەرکردایەتی و نەخشە ئاراستەکراوەکانی بۆ ناوچەکانی دیکە.

# بابەتی دووەم

## یەکەم مەفرەزە و یەکەم بنکە

تـا هاتنـەوەی مـام جـەلال، یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە ناوچـەی برادۆسـت دا، تەنیـا وەک مەفـرەزەی بچـووک بچـووک بوونیـان هەبـوو، بەتایبەتیش ئـەو چەند مەفرەزەیـەی لەبەردەم لەمپـەر و ڕێگرییەکانی پارتی دیموکراتـی کوردسـتان- سـەرکردایەتی کاتی «قیادەی موەقەتە» ڕزگاریان دەبوو، کە لـە سـوریا و لـە تورکیاوە بەرەو باشـووری کوردسـتان دەهاتن، بەتایبەتیـش، ئەوانـەی، کـە لـە سـوریا خولـی سـەربازییان تـەواو دەکـرد، وردە وردە بـۆ باشـوور دەناردرانـەوە، هەروەهـا ئەوانـەی لـە باڵەکایەتـی بـۆ ئـەوێ دەپەڕینـەوە.

ئەوانەی دوای هەرەسی ١٩٧٥ لە چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەنهێنی لەنێوان خۆیـان کۆبوونـەوە و بڕیاریاندا حزبێک، یاخـود بزاڤێک دروست بکـەن، وەک خەتـی سـێیەمی بزوتنـەوەی کوردایەتـی بێت، دواجار پارتـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان-ی لێکەوتـەوە، کـە دوایـی ناوەکـەی دەکـەن بـە بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی دیموکراتـی کوردسـتان، پاشـان دەیکـەن بـە بزووتنـەوی سۆشیالیسـتی کوردسـتان. ئـەو نـاو گۆڕینـە لەسـەر پێشـنیاری دەسـتەی دامەزرێنـەری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو، کە دوای ئـەوەی بڕیـاردەدەن ببنـە باڵێک لەنـاو نیمچەبەرەیی یەکێتیی دا، ئەمـەش لەگـەڵ میتـۆدی کاریـی بەرەیـی نەدەگونجـا، ئیتـر ناوەکـە دەکـەن بـە بزوتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان (عومـەر شـێخمووس، پرسـیار و

وەڵام لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندی WhatsApp ٢٠٢٥/٧/١٦).

لەم سەرچاوەیەدا نووسراوە: «دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و کۆتایی خەباتی چەکداری لەنێو بەشێکی کادیر و سەرکردەکانی شۆڕش، جموجۆڵێکی سیاسی دروست دەبێت، لە کانوونی دووەمی ١٩٧٦، سەیدا ساڵح یوسفی دەستپێشخەری دەکات بۆ دامەزراندنی بزوتنەوەیەک، کە سەرەتا ناوی بزوتنەوەی راستکردنەوە (الحركة التصحيحية) دەبێت» (هیوا سەید سەلیم، ٢٠٢٤، ل١٠٤). ئەو دەستەیە لەدوا کۆبوونەوەیاندا بڕیاردەدەن، هەموویان بۆ عێراق بگەڕێنەوە. لە عێراقیش بەنهێنی دەست بە جموجۆڵ بکەن، لە دواجاردا زۆربەی بەشدارانی کۆبوونەوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە بۆ خوارووی عێراق دوورخرابوونەوە، وردە وردە بەرەو شاخەکانی باشووری کوردستان بەڕێدەکەون.

ئەمە و خەڵکانێکیش هەبوون لە شاخ و لە دەوروبەری شار و شارۆچکەکان مابوون و خۆیان رادەستی عێراق نەکردبووەوە، یاخود لە شارەکانەوە دیسان پەیوەندییان بە شاخ کردەوە. ئەوەی تا ئێستا روونبۆتەوە، عەلی عەسکەری و د. خالید سەعید رۆژی ١٩٧٦/٧/٧ دەچنەوە شاخ. د. خالید دوای ماوەیەک روو لە ناوچەی برادۆست دەکات و لەوێ بنکە دادەنێت.

مەلا شێم حەمەدی حاجی هۆمەرانی ئەم رووداوەمان بۆ دەگێڕێتەوە: «ئێوارەی رۆژی ١٩٧٧/٧/٣ گەیشتمە گوندی (دەریا سۆر) لەسەر رووباری نێوانی سنووری عیراق و تورکیا. لەکاتی پشوودان بووین، دیم دەرەوەمان ئابلۆوقە دراوە، لەسەرەوەی گوندەوە بانگیان کرد، مەلا شێم حەمەدمان دەوێ بێتە لامان، کاک زیاد خۆرانی لەگەڵ کاک لەشکری عومەر قەرەج، کە هاوڕێی خۆم بوون زۆر چالاکانە راپەڕین و شوێنی خۆیان وەرگرت! من خۆم تێک نەدا، زیاد خۆرانی بانگی کرد (مەلا) ئەوانە هاتوون بۆ کوشتنی تۆ، تۆش دەڵێی رەشکەکای بۆچی

خۆت ناشارییەوە. دیسان خۆم تێک نەدا، کاک مەلا تەها یەکێک بوو لە دانیشتوانی ئەو گوندە و خانەخوێی خۆم بوو، ناردمە لایان تاکو بزانێ کێنە و چیان دەوێ؟ ئەویش چووە لایان و گەڕایەوە گوتی: (ئەوانە کاک سەید کەریم و ملازم کاک حەسەن خۆشناو و کاک قادر خەباتن، دەیانەوێ بچی بۆ لایان) پێیان بڵێ ئەگەر ئیشیان هەیە و بەنیازێکی پاکەوە هاتوون ئەوا بێنە خوارێ و بێنە لام، ئەگەر نیازیشیان خراپە با دەست پێ بکەین!!

بەخۆشحاڵییەوە ئەوان هاتنە لام و لێیان پرسیم بۆ کوێ دەچی؟ منیش لێم پرسین پێم بڵێن: (ئێوە بۆچی هاتوون؟ وا ئابلووقەی ئێمەتان داوە؟) ئەوان وتیان: (کاک دکتۆر خالید ئێمەی ناردووە و دەڵێ: (حەزم دەکرد لایان دابایە مەقەڕی ئێمە)، مەقەڕی ئەوان لە سێکۆیانی سنووری عیراق و ئیران و تورکیا بوو، لەسەر ڕێگای ئێمە زۆر دوور بوو، لەبەرئەوە پێم وتن: (توانام نەبوو بگەمە بنکەکەتان و ئەگەرنا لەبەر هیچ هۆیەک نییە لام نەدابێ، بەڵام لەڕاستیدا مەبەستیان لادان و سەروسۆراغی بۆ کوێ چوونمان نەبوو، چونکە دەیان زانی بۆ کوێ دەچین. هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی شەهید ملازم سەید کەریم و شەهید ملازم حەسەن خۆشناو بۆ ئەو بیر و هەستە کوردانەی بەکاریان هێنا و زۆر باش لە واقیع گەیشتن و منیش لە رووبار پەڕیمەوە ناو خاکی تورکیا و بۆ گوندی (کەتینە) و چوومە ماڵی مەلا عیسا، لەوکاتەدا ملازم نیهادیش لەوێ بوو، کە یەکێک بوو لە جەماعەتی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ یەکەم جار چاوم پێی کەوت، لەوێشەوە لە شەوی ٤-١٩٧٧/٧/٥دا بە هاوڕێیەتی کاک ملازم نیهاد، بەناو خاکی تورکیادا چوومە (بێگۆڕ) و (هەرکێ) و (بێداو)، جەماعەتی سەرکردایەتی کاتی لە (بێداو) بوون، چاوم پێیان کەوت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی هەستم پێکرد و لێی حاڵی بووم، وتوێژەکانیان بۆنی شەڕی

براکوژی لێوە دەهات!! بەداخەوە لە ئەنجامیشدا روویدا» (مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، ١٩٩٢، ل٤٣ تا ل٤٥). کەواتە هەر لە ساڵی ١٩٧٦دا مەفرەزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەوڵیانداوە بنکە و پێگەیان لە ناوچەی برادۆست هەبێت.

ئەمەشیان بەڵگەیەکی دیکەیە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوچەی برادۆستی بە هەند وەرگرتووە، بەڵام ئاگادار نەبووە، کە پێشتر د. خالید لە برادۆست بووە: «بۆ کاری رێکخستن و کۆکردنەوەی پێشمەرگە و پەیوەندی کردن لەگەڵ پیاوماقوڵانی ناوچەکانی بادینان و سۆران دکتۆر خالید چەندجار سەردانی ئەم ناوچانەی کرد. بەهاری ساڵی ١٩٧٧ سەردانێکی کرد بۆ ناوچەی برادۆست بۆ پێشوازی لە بەڕێزان مام جەلال و کاک نەوشیروان و هەڤاڵانی دەرەوە» (رەهبەر سەید برایم، ٢٠٢٤، ل٥٠٧).

پێش کاروانی هەکاری، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاوی لە برادۆست و بەتایبەتیش ناوچەی بادینان بووە. ئەمەشیان بەڵگەیەکی دیکەیە، کە یەکێتی لە ناوچەکەدا بوونی هەبووە. لەم کتێبەدا چەند وێنەیەک بڵاوبۆتەوە، کە لە ناوچەی برادۆست گیراون: (ئەمیرە محەمەد، ٢٠١٨، ل٤٩١ و ٤٩٢). لەژێر وێنەکان نووسراوە ١٩٧٧.

لەم سەرچاوەیەشدا ئاماژە بە ژمارەی هێزەکەی د. خالید کراوە، لە ناوچەی برادۆست دا: «ئیمڕۆ نیوەڕۆ کاکی کاکان گەیشتە دیمەشق، لە رێگای قامیشلیەوە، کە ئەمە مانگ و چەند رۆژێکە بەڕێکەوتوون لەلای حاجی ئۆمەرانەوە.. تا هاتوەتە تورکیا و لەوێ د. خالید بە خۆی و هێزە ١٠٠ کەسیەکەی گەڕاوەتەوە بەرەو ناوچەی حاجی ئۆمەران. ئەوانەی لە گەڵی هاتوون؛ دوو کوڕەکەی کاک عەلی عەسکەری و دوو برازای خۆی لەگەڵ جەوهەری برای د. خالید، وە هەروەها جەوهەر نامیقیشیان لەگەڵ هاتبوو» (رۆژی ١٩٧٦/١١/٦، دەفتەری یاداشتەکانی د. فوئاد مەعسووم).

کەواتە هێزەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە فەرماندەیی د. خالید سەعید، هاوکاریی جەوهەر نامیق سالم-یان کردووە تا گەیشتۆتە وڵاتی سوریا، دواییش لە هەکاری قیادەی موەقەتە، د. خالید سەعید شەهیدی دەکەن، کە جەوهەر نامق سالم یەکێک بووە لە سەرکردەکانی ئەوکاتەی قیادەی موەقەتە!

# بابەتی سێیەم

## سەرکردایەتی کاتی- قیادە موەقەتە
## پارتی دیموکراتی کوردستان

بـە خوێندنـەوەی بەرگـی چـوارەم لـە کتێبەکـەی مەسـعود بارزانـی «بارزانی و بزوتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد (١٩٧٥-١٩٩٠)، رووبـەڕووی کۆمەڵێـک تەناقـوزات و موفارەقـات دەبینـەوە. لـەو بەشـانەی بـاس لـە دەسـپێکردنەوەی شـۆڕش دەکات، کـە ئـەو نـاوی لێنـاوە شۆڕشـی گـوڵان. جـارێ تـا کۆنگـرەی نـۆ لـە سـاڵی ١٩٧٩، ئـەو زاراوەیـە لـە ئەدەبیاتـی «سـەرکردایەتی کاتـی» بوونـی نەبـووە، مەبەسـتم لـە زاراوەی (شۆڕشـی گـوڵان)ە. لـە چەنـدان شـوێن هێرشـی تونـد دەکاتـە سـەر سـکرتێری سـەرکردایەتی کاتـی «قیادەی موەقەتـە»ی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، واتـە؛ سـامی عەبدولرەحمـان. مەسـعود بارزانـی لـە کتێبەکەیـدا سـامی بـە مەترسـی زانیـوە لەسـەر پارتـی و بنەماڵەکەیـان، ئەوەبـوو لـە کۆنگـرەی نـۆدا کەسـی یەکـەم و دووەمـی سـەرکردایەتی کاتـی پارتـی، کـە دەکاتـە (سـامی عەبدولرەحمـان- دارا. جەوهـەر نامیـق سـالم- سـەلیم) و چەنـدان سەرکردە و کادری پێشکەوتوویان دوورخرانەوە و ئەوانیش کوردستانیان بەجێهێشـت، ئـەم قسـانەم بـۆ ئـەوە نییـە، بنەماڵـەی بارزانـی بخەمـە دەرەوەی بڕیـار و چالاکـی و کردەوەکانـی سـەرکردایەتی کاتـی پارتـی. نەخێـر مەسـعود بارزانـی، خـۆی و بنەماڵەکەیـان، بـە خـاوەن و کەسـی یەکەمـی ئـەو سـەرکردایەتییە کاتییـە دادەنێـت، لـەلای یەکێتیـی نیشـتمانیی

کوردستان-یش هەروابووە، بە بەڵگەی ئەوەی مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەر ساڵی ١٩٧٦ ڕێکەوتنی لەگەڵ ئیمزا دەکەن، هەروەها چەند کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵیش دەکەن، کە مەسعود بارزانی ئامادە بووە. لەبابەتەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا ئەو راستییانەمان بۆ دەردەکەوێت.

لە یەکێک لە بابەتەکانی ئەم کتێبەدا باس لە دەستپێشخەرییەکانی مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دواییش بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان دەکەین، کە دوای دەرچوونی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی داویانە، بۆ تەبایی و هاوکاری نێوان سەرکردایەتی کاتی پارتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

«لە هاوینی ١٩٧٧دا کاتێک هەڤاڵان مام جەلال و نەوشیروان و شەهید حەسەن خۆشناو و سەید کەریم و چەندین هەڤاڵی تر بە کوردستانی تورکیادا هاتنەوە وڵات، لە دۆڵە گوستە گەیشتنەوە، هەڤاڵانی نەمر دکتۆر خالید سەعید و عەلی عەسکەری و شێخ حسین و ئینجا هەڤاڵان بەختیار و سالار و کاک ئازاد، و کاک رەسوڵ مامەند و کاک حاجی حاجی برایم و کاک تایەری عەلی والی، دیسان مەسەلەی هەوڵدان بۆ پەکخستنی شەڕی کورد بە کورد بە کوشتندان هاتەوە کایەوە و دیسان بڕیار درایەوە هەوڵێکی تریش بدرێت بۆی. ئەوەبوو پێشوازی کرا لە نوێنەری ق. م و هەندێ چەک و کەلوپەلیان پێدرایەوە. بەڵام لەو رۆژەدا، کە کاک حاجی حاجی برایم و کاک تایەری عەلی والی و چەند پێشمەرگەیەکی ی ن ک دەچون بۆ رێکخستنی هاوکاری و هاریکاریی نێوانمان چەکدارەکانی ق. م بۆسەیان بۆ دانابونەوە. خۆشیان لە رێگە توشی هەندێ پێشمەرگەی (ی ن ک) هاتبون، کە لەوانە بوون نێردرابون دۆشکا بهێنن لەدیوی تورکیاوە، کەچی لەگەڵ شەهیدی نەمر ملازم حەسەن خۆشناو و هەڤاڵەکانیدا کەوتبونە بۆسەی ق. م و چەتەکانیانەوە، بێ دەنگدان درابونە بەر دەسڕێژ و دە کەسیان

لـێ کوژرابـون و کاروانەکەشـیان تـاڵان کرابـوو... (یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، بانگـەوازی کوردایەتـی، ١٩٨١، ل٧٤ و ٧٥).

سـەدان و بگـرە زیاتریـش لـە بەڵگەنامـەی هـەن، کـە بـاس لـە ڕۆڵـی خـراپ و تێکدەرانـەی سـەرکردایەتی کاتـی- پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکـەن، لـە نێو مێژووی کوردایەتیدا. دەکرێت هـەروەک نموونـە سـەیری ئـەم کتێبانـە بکرێت:

- حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران، خیانەتەکانی قیادەی مووەقەتە بە نەتـەوەی کـورد، لـە بڵاوکراوەکانـی ئینتشـارات و تەبلیغات، سـاڵی ١٣٦٠، بەرامبـەر بە ١٩٨١.

- یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، قیـادەی موەقەتـە لـە چ بەرەیەکـدا وەسـتاوە؟، تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٠

- نەوشـیروان مستەفا، لەکەنـاری دانوبـەوە بۆ خـڕی ناوزەنگ ١٩٧٥- ١٩٧٨، چاپی دووەم، سلێمانی، مایسی ١٩٩٧.

- بڵنـد شـاڵی، کاروانـی ٣٨ شۆڕشـگێڕەکە، وەرگێـڕان و داڕشـتنەوەی: بورهـان حاجـی سـلێمان، لەبڵاوکراوەکانـی؛ مەکتەبـی گەشـەپێدانی بیـر و هۆشـیاریی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، چاپخانـەی حەمدی، سلێمانی ٢٠٢١

ئـەم کتێبـە داسـتانی ئـەو ٣٨ پێشـمەرگەیە دەنووسـێتەوە، کـە لـە سـوریاوە بەمەبەسـتی بەشـداریکردن لـە شۆڕشـی نوێـدا بەڕێدەکـەون، بـەڵام پارتی دیموکراتـی کوردسـتان- قیادەی موەقەتـە شـەهیدیان دەکـەن، یاخـود دەبن بـە هۆکارێک بـۆ شـەهیدبوونیان، ئـەو ٣٨ کەسـە ویسـتویانە بگـەن بە بادینـان و برادۆسـت و ناوچەکانی دیکـە. «ئـەو ٣٨ شۆڕشـگێڕە، کـە زۆربـەی هـەرە زۆریـان تـا شـەهیدبوون و چـوون بـۆ بەردەمـی پەتـی سـێدارە، یـان زیندانیکـردن، یـان تـا کۆتایـی کاروانـی خەبـات بـەردەوام دەبـن. چیرۆکـی زۆربەیـان لـە داسـتانێک دەچێـت، بەتایبەتـی چیرۆکـی

ئیبراهیم عـەزۆ فەرماندەی مەفرەزەکە و شـەهید سـەعید و عەبدولرەحمان شـەنگالی و ئەوانـی دیکـە، کـە لـەو شـەوەزەنگ و کەشـە پڕ بێهیواییـەدا، دوای ئاشـبەتاڵی ١٩٧٥ بەماوەیەکـی کـەم، مەشـخەڵی هیوایـان لەبادینـان داگیرسـاند... ل٥ و ل٦».

ناوەکانـی مەفرەزەکـەی ئیبراهیـم عـەزۆ: «ئیبراهیـم عـەزۆ، عیـزەت شـەنگالی، عەبدولرەحمـان شـەنگالی، عەبدولجەبـار سندی، فەیسـەڵ کاشـان خدر، حوسێن ئەحمـەد، عومـەر ئیبراهیـم رەشـید، تەهـا عومـەر بەروشـکی، سـعود عەلـی خالید، رەشـید محەمـەد عەبدولڕەحمـان، ئەحمـەد عەرجـەف خالیـد، بـەدۆ سـیدۆ سـینۆ عیسـۆ، یاسـین حامیـد یوسـف، فوئـاد مـەلا موسـڵیح کۆیـی، عیـزەت سـدیق هەرێـم خۆرانـی.... تـاد. ل٦٥».

لـە درێـژەی زانیارییەکانیـدا، کتێبـی ئامـاژە پێکـراو دەنووسـێت: «لـە ترسـی ئـەوەی نـەوەک دەمسـپیانی خێڵـە کوردییەکانـی تورکیـا بـەدەم بانگەوازەکـەی (د. د. ک. د)ەوە بچـن بـۆ ئازادکردنـی ئیبراهیـم عـەزۆ و هەڤاڵەکانی، (قیـادەی موەقەتـە)، بۆ مـاوەی سێ مانگ لـە تەویلـەی ئاژەڵان و ئەشـکەوتەکانی سـنووری هـەردوو خێڵـی (سـندی- عێـراق و گویـی- تورکیا) دەستبەسـەری کردبوون، ئەمـە سـەرەڕای ئەو نامانـەی مام جەلال، کـە ئاراسـتەی قیادە موەقەتـەی دەکردن و داوای ئازادکردنی مەفرەزەکـەی دەکـرد، بـەڵام قیـادەی موەقەتـە هەمـوو ئـەو بانگەوازانـەی رەتکـردەوە.. ل١٣٥». (د. د. ک. د)واتـە (رێکخـراوی شۆڕشـگێڕانی دیموکراتـی کلتوریـی- نـەوزاد). سـەبارەت بـەو رووداوە فوئـاد چەڵەبـی دەڵێـت: «شـەهیدکردنی ئیبراهیـم عـەزۆ و هەڤاڵانـی لەلایـەن عەشـایرە کوردییەکانـی تورکیـا بـوو وەکـو؛ قشـوری، گۆیـی، مـام خـور لەژێـر سەرپەرشـتی هاشـم رەمـەزان ناسـراو بە (ئەبو عەنتـەر) کە سـەر بە قیادەی موەقەتە بوو» (فەیسـبووکی فوئـاد چەڵەبـی، رۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٨).

لـە کتێبـی «پەنجا سـاڵ تەمـەن و سـی و سێ خەبـات، ئـەم ناونیشـانە

هەیە؛ «سەفەر بۆ برادۆست». ئەم بابەتە دوو لاپەڕەی بۆ تەرخانکراوە و زانیاری وردی تێدایە و بەم شێوەیە دەست پێدەکات: «صدیقی کوێخا طە ناسراو بە حەمەسووری کانی کوردە سەفەری برادۆستی بەم شێوەیە بۆ گێڕامەوە: لە ١٩٧٧/٣/١٨ لە ئاشقۆڵکەوە لەگەڵ کاک د. خالید و دەستەکەی خۆمان بەرەو دەربەندی رایات بەڕێ کەوتین بە شاخی کۆدۆدا، ئێوارە لە رێگای رێکخستنی چۆمانەوە ئاگاداریان کردین، کە لە پشتی دەربەندەوە چاوڕێمان دەکەن. لە پشتی دەربەندەوە پردێکی دار هەبوو پەڕینەوە و شەو چووینە گوندێک و لەوێ حەواینەوە. بەیانی بە شاخی هەڵگوردا سەرکەوتین، پێشمەرگەکان میزیان پێ نەدەکرا، چونکە گونیان ئاوسا بوو. حەمەسوور لە کاک خالیدی پرسی بۆ پێشمەرگەکان وایان لێ هاتووە، کاک خالید لە وەڵامدا گوتی رۆڵە ئەوە هی سەرما و سۆڵەیە هەریەکە کیسەیەکی نایلۆنی تێ ئاڵێنن، ئیتر لە سەرما دەیپارێزێ، پاش ماوەیەک خۆشی وایلێهات. شەو گەیشتینە گوندی بێرمکە، بەیانی هاتینە دەشتی هرتێ، کە ناوچەی برادۆستە. چەند شەوێک لەوێ ماینەوە، دوایی پەڕینەوە چووینە دەشتی بەرازگر، کە ناحیەی کانیەڕەشی لێ بوو لەگەڵ دوو سریە عەسکەر بۆ پاراستنی ناحیەکە.

ئەو ناوچەیەش دانیشتوانەکەی هەرکی بوون، بەشی زۆریشیان سۆفی شێخ رەشیدی لۆلان بوون. چەند رۆژێک لە ناوچەی بەرازگر ماینەوە جەولەمان دەکرد لە ناوچەکە، رەحمان بێشەیی و قادر رۆستایی، کە دوو مەفرەزە بوون، ئەوانیش بزووتنەوە بوون و لەگەڵمان بوون، چووینە گوندی بێ رۆخ بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. پیاوێک هەبوو بەناوی بەکر خانی بێ چەنی (١٠ تا ١٢) چەکداری خۆی هەبوو چووینە لای ئەو زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کردین، دوو شەو لەوێ لەلای ماینەوە، ئەویشمان بەگەڵ

کەوت چووینە گوندی زێتێ، کە نیو سەعات لە سنووری تورکیاوە دوورە، دوو شەو لەوێ ماینەوە کاک خالید خەڵکی دێکەی کۆکردەوە و قسەی بۆ کردن لەکاتی قسەکردنی د. خالید، هێزێکی چەکداری قیادەی موەقەتە لە پشت گوندەکەوە هاتنە ناو دێ. پاش کۆتایی قسەکانی د. خالید. عبداللە ئەبوریش، کە لێپرسراوی ئەو هێزەی قیادە موەقەتە بوو، ئەویش قسەی بۆ خەڵکەکە کرد، بەڵام ویستی قسە  بە مام جەلال بڵێ. د. خالید پێی ووت رازی نیم قسەیەک بە مام جەلال بڵێیت و لەبەرئەوە کورد زەرەری زۆر بووە لە شەڕی ناوەخۆ، ئەوا ئێمە بەیانێکمان بەدەست گەیشتووە، کە لە سوریاوە لەنێوان مام جەلال و کاک مەسعود ئیمزا کراوە، بەڵام عبداللە ئەبوریش لە وەڵامدا ووتی من مەسعود بارزانی بە مەسئولی خۆم نازانم تانەیەتەوە کوردستان و ئەو بەیانەش لەلای ئێمە هیچ اعتباری نییە. کاک خالید پێی ووت فەرموو با ئێمە لە ساحەکە بەیانێک مۆربکەین و دەربارەی نەبوونی شەڕ و پێکدادان و هامووشۆکردنی بادینان و سۆران هاوکاری کردنی یەکتری، بەڵام ئەو، ئەو پێشنیارەشی هەر رەت کردەوە. ئەمانە هەمووی بەڵگەن، کە قیادە موەقەتە هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە بۆ دژایەتی کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دامەزرابوو» (بەهرۆز گەلاڵی، ١٩٩٨، ل٤٥ و ل٤٦).

سەید کاکە یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی، دوای هەرەسی ١٩٧٥ هەر زوو دەستی دایەوە چەک و رووی لە شاخ کرد، سەبارەت هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەی سەرکردایەتی کاتی (قیادە موەقەتە) دەنووسێت: «قیادە موەقەتە خۆیان حازر کردبوو ئەگەر مام جەلال شۆڕش بکات لێیان تێک بدەن و هەر کەسێک بە بادینان دابێت بیکوژن، هەروەکو برایم عەزۆ و ٢٧ کادیریان  شەهید کردن لە بادینان. هەروا ملازم حەسەن خۆشناویان شەهید کرد لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک. چەک و امکانیاتێکی

زۆریـان هێنابـوو لـه سـوریا هەموویـان بـرد» (سـەید کاکـه، ١٩٨٩، ل١١٣ و ل١١٤).

دەمەوێت ئـەم بەشـە بـەم پرسـیارە کۆتایی پـێ بێنم، بۆچی مـام جەلال، نەوشـیروان مسـتەفا و چەندان ئەندامی یەکێتیی دەچنە قوڵایی تورکیا ئینجا دەسـووڕێنەوە و خۆیـان دەگەیەننـە ناوچـەی برادۆسـت؟ ئەگـەر هەڕەشـە و پاوانخـوازی سـەرکردایەتی کاتـی- پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نەبێت، بۆچـی مـام جـەلال لـه وڵاتـی سـوریا بـه پەسـاپۆرتی خەڵکی دیکـه سـنووری چەنـد وڵاتێـک دەبڕێـت، ئینجـا بـۆ لـه سـێ سـنووری تورکیـا- ئێـران- عێـراق بـۆ ناوچـەی برادۆسـت دەپەڕێتـەوە؟ ڕەنگـە سـەرکردایەتی کاتـی لـه بەیاننامـەی دامەزرانـدن و ناوەڕۆکـی مانیفێسـتی «یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، بۆچـی؟» حاڵـی نەبووبێـت، یاخـود خوێندنـەوەی خۆیـان بـۆ ئـەو نامیلکەیـە هەبووبێت! یـان گەلەکۆمەکییەکـی هەرێمیـی دژی دامەزراندن و جموجۆڵەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هەبـووە و قیـادەی موەقەتەیـان بەکارهێنـاوە، یـان ئـەو دەسـتەیە دەیانویسـت دەسـتبەرداریی دەسـەڵاتی تاکحزبـی نەبـن!؟ ئـەی ئـەوە نییـە، لـە بنەمـادا سـەرکردە دوورخراوەکانـی سـەرکردایەتی کاتـی پارتـی، بەرنامـە و نەخشـەی خۆیـان هەبـووە، کـه جیـاواز بـووە لـه پارتییـە کۆنەکـە و بنەماڵـەی بارزانـی، ئاسـۆ کەریـم، لـه کۆتاییەکانـی مانگـی نـۆی ١٩٧٨ لەگـەڵ چەنـد برادەرێکـی خـۆی، پەیوەنـدی بـه ریزەکانـی سـەرکردایەتی کاتـی پارتـی دەکـەن، لـه دەمـی (جەوهـەر نامیـق- سـەلیم) ئەمـە دەگێڕێتـەوە: «لـە گفتوگـۆ و دانیشـتنەکاندا کاک جەوهـەر پێـی لەسـەر ئـەوە دادەگـرت و موناقەشـەی دەکـرد: کوردسـتان موسـتەعمەرەیە، ئـەوەی ئێسـتا هەیـە کوانـووی شـۆرشـگێرییە (البـؤرة الثوریـة)، لـەو کوانووەوە حزبـی شـۆرشـگێڕ دروسـت دەبـێ». (فەیسـبووک، بەکـر کەریـم محەمـەد، ڕۆژی ٢٠٢٥/٥/٢٧). کەواتـە سـەرکردایەتی کاتـی بەرنامـەی دامەزراندنـی حزبێکـی دیکەیـان هەبـووە، یاخـود بەنیازبوونـە،

ئەو حزبە، جیاواز بێت، لەو پارتی دیموکراتی کوردستان-ەی، کە ساڵی ١٩٧٥ هەرەسی هێنابوو!، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکە بۆ دوورخستنەوەی ئەو کەسانە لە کۆنگرەی نۆی ساڵی ١٩٧٩.

لێرەدا لەسەر هەڵسوکەوتەکانی سەرکردایەتی کاتی دەوەستم و لە کتێبەکانی دادێ، بەتایبەتیش لە کتێبی؛ یەکێتیی لە سوریا و کتێبی؛ کاروانی هەکاری، دیسان دێمەوە سەر ئەم بابەتە.

## بابەتی چوارەم

## مانفێستی شۆڕشی نوێ
## لە شۆڕشی نوێ دا، لە ناوچەی برادۆست بووە
## یەکەمین گوتاردانی مام جەلال

مام جەلال لە کۆتاییەکانی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٧٧ بە یەکجاری بۆ کوردستان گەڕایەوە و راستەوخۆ لە نزیکەوە سەرکردایەتی شۆڕشی نوێی کرد. لە سێ سنووری عیراق- تورکیا- ئێران داخیلی کوردستان بوو، سەرەتا لە ناوچەی برادۆست بارەگایەکی کاتی دانا. زۆربەی هەرەزۆری سەرکردەکانی دیکەی شۆڕش و سەدان پێشمەرگە لە پێشوازی مام جەلال دا بوون. لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٧ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری و پێشمەرگەیی سازکرا، لە کۆبوونەوەکەدا وتارێکی وردی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، هەر ئەو ساڵە و دوای ماوەیەک کۆمیتەی لقی ئەوروپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وتارەکەیان لەبەر کاسێتدا تۆمار کردووە و پاشان تایپیان کرد و چەند دانەیەکیان لەبەر گرتەوە و بە شێوەیەکی سنووردار بۆ چەند کەسێکیان نارد.

ئەوەی لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە دەقی گوتاری ناوبراوە. شیکاری ورد بۆ قسەکان ناکەم تەنیا ئەوەندە دەڵێم بریتییە لە نەخشەرێگای شۆڕشی نوێ و ئاماژەی بە چەندان بابەت کردووە، کە پێویستیان بە لێکدانەوە و هەڵوەستە بۆ کردنە و وا پێویست دەکات بەراورد بکرێن

بـه ڕووداوەکانـی دوای گوتارەکـە، تـا بـە بارودۆخـی ئەمـڕۆی کـورد و کـوردەواری دەگات.

پێـش چەنـد سـاڵێک ئـەو گوتـارەم لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ و گۆڤـاری k21 بڵاوکـردەوە، بەبـێ ئـاگاداری مـن یەکێـک لـە مەڵبەندەکانـی ڕێکخسـتنی یەکێتیـی وەک نامیلکـەی سـەربەخۆ چـاپ و بڵاویکردۆتـەوە، نازانـم دەقـاودەق چاپیـان کـردووە، یاخـود بژاردەیـەک لـە گوتارەکەیـە! ئـەو دەقـە مـن کاتـی خـۆی لـە ئەورووپـا دەسـتم کەوتبـوو، و پێشـتر کـەس نەیبینی بـوو. گرنـگ ئەوەیـە ئەمـە یەکەمیـن گوتاردانـی مـام جـەلال-ە، کـە دەگاتـەوە باشـووری کوردسـتان، ئـەو شـوێنەی گوتارەکەشـی لـێ پێشکەشـکردووە، ناوچـەی برادۆسـتە.

کۆمیتـەی لقـی ئەوروپـای یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان پێشـەکییەکیان بـۆ گوتارەکـە نووسـیوە و پاشـان چاپیـان کـردووە. ئەمـە دەقەکەیەتـی:

(لـە پـاش گەڕانـەوەی هەڤـاڵ مـام جـەلال لەگـەڵ چەندیـن هەڤاڵانـی تـردا، کـە لـە دەرەوەی وولات بـوون بـۆ کوردسـتان. هـەر لـە پـاش گەڕانەوەیـان دەسـتی کـرد بـە جەولەکـردن بەنـاو ریزەکانـی پێشـمەرگە قارەمانەکانـدا و دوان و لێکۆڵینـەوە لـە گیروگرفتـەکان، ڕوونکردنـەوەی زۆربـەی ئـەو مسـائلە مولحانـەی کـە لەبـەردەم شـۆڕشـی تـازەی ئـەم جارەمانـدا خۆیـان قـووت کردۆتـەوە و قـووت ئەکاتـەوە. وە لـە یەکـێ لـەو دانیشـتنانەدا، کـە زۆربـەی پێشـمەرگە قارەمانـەکان و سـەرکردەکانی شـۆڕش تیایـا بەشـداربوون لـە ناوەڕاسـتی مانگـی ئابـی ١٩٧٧ وە تاڕادەیـەک ئـەو پێشـمەرگە قارەمانـە و هەڤاڵـە پێشـکەوتوانە لـە زۆربـەی هەرێمەکانـی کوردسـتانەوە هاتبـون.

وە لـەو دانیشـتنەدا هەڤـاڵ مـام جـەلال لەبـەر ڕۆشـنایی بـاری ئێسـتای کوردسـتان و شـۆڕش و ئامانجەکانی شـۆڕشـە تازەکەمان هەلومەرجەکانـی سـەرکەوتنی و درێـژەدان و بەردەوامـی بـە خەباتـی شـۆڕشـگێڕانە و تقدیرکردنـی تێکۆشـان و جهـودی هەمـوو ئـەو پێشـمەرگە پاڵەوانانـە

و هەڤاڵانـە، کـە لـە نـاوەوەی وڵات خەباتـی سـەختی خوێنـاوی خۆیـان پەرەپێـداوە بەرەنـگاری فاشسـتەکانی بەغـداد بونەتـەوە.

هەروەهـا ناسـینی دۆسـت و دوژمـن و گرتنـی هێڵـی سیاسـی راسـت، پشـت بەسـتن بـە هێـزی لەبـن نەهاتـووی جەمـاوەری زەحمەتکێشـی کوردسـتان و دەسـت نیشـان کردنـی مەرجەکانـی سـەرکەوتنی شـۆڕش و دانانـی نەخشـەی گونجـاو و لەبـار بـۆ بەرەوپێشـەوە چونـی شـۆڕش و کـەم کردنـەوەی کـەم و کـوڕی و هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی سـەرچاوە بـۆ پەیداکردنی پێداویستەکانی شۆڕش، چۆنیەتی پوچ کردنـەوەی پیلانەکانی دوژمـن، دیاریکردنـی ناکۆکـی سـەرەکی و لایەنـی سـەرەکی لـە ناکۆکیـدا و لەسـەر هەمـوو ئـەم مەسـەلانە بـە دوور و درێـژی دووا بـە زمانـی سـادەی پێشـمەرگە و جەمـاوەر، وە سـەبارەت بـەوەی، کـە وتەکـەی باسـی ئـەو مسـائلە مولحانـە ئـەکات لـە خەباتـی ئەمڕۆمانـدا. وەک رووداوێکـی مێژوویی یەکێـک لـە سـەرکردەکانی شـۆڕش لـە کۆبوونەوەیەکـی وا فراوانـدا لـەم بـارە ناسـکە و ئاڵـۆزە پـڕ لـە مەترسـیەدا لەگـەڵ جەمـاوەر و پێشـمەرگە دلێرەکانـدا بـە صەراحـەت ئەدوێـت.

بۆیـە بـەو امکانیاتـە کەمـەی خۆیـان سـەبارەت بـە بایەخـی ووتەکـە توانیویانـە، کـە ئـەو ووتەیـە تسـجیل بکـەن... هـەر چەنـدە بـە شـێوەیەکی پچـڕ پچـڕ وە کەموکـوڕی زۆری تێدابـوە سـەبارەت بـە ئاوهـەوا و بـاری سـەربازی شـوێنەکە و نەبونـی امکانیـات، کۆمیتـەی لقـی ئەوروپـاش بـە پێویسـتی زانـی دەقـی (نصـی) ئـەو وتـارە کـە بـە زمانـی پێشـمەرگە و جەمـاوەر وە بـۆ ئاسـتی بیرکردنـەوەی ئـەوان وتـراوە چاپـی بکـەن بـەو هیوایـەی هەڤاڵانـی یەکێتیمـان سـودی لـێ وەربگـرن»

ئەمەی خوارەوە دەقی گوتارەکەیە:

«برایانـی خۆشەویسـت.... بەنـاوی خـۆم و هەمـوو ئـەو برایانـەی کـە شـەرەفی شـادبوون بـە دیـداری ئێـوەو خاکـی پیـرۆزی نیشـتمانمان

وەرگـرت زۆر سوپاسـتان دەكەیـن بـۆ ئـەو كۆبوونەوەیـە وە سوپاسـی هەڤـاڵ د. خالـد دەكەیـن بـۆ ئـەو وتەیـەی پێشكەشـی كـرد بـەو بۆنەیـەوە.

هەڤـاڵان گەڕانـەوەی ئێمـە بـۆ ریزەكانـی ئێـوە دەبوایـە زووتـر رووی دابـا بـەڵام بەداخـەوە چەنـد هۆیـەک ڕێگـری ئـەوە بـوو كـە ویسـتەكانی ئێمـەش و ئێـوەش زووتـر بێتـەدی، كـە هەمووومـان پێكـەوە لـە ریـزی شۆڕشـی تازەماندا خەبات بكەیـن لـە پێنـاوی ئامانجەكانـی دیـاری كراوی شۆڕشـەكەمان، كـە لـە پێشـەوە: (دیموكراتییـە بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی راسـتەقینەیە بـۆ كوردسـتانی عێـراق).

هەڤـاڵان ... شۆڕشـی ئەمجارەمـان لـە كات و باریكـی یەكجار نالەبار و سـەختدا روویـدا، كـە ئێـوە لـە ئێمـە باشـتری دەزانـن، چونكـە زیاترتـان لـە تـاڵ و تفتـی چەشـتووەوە ئـەو دژواری و زەحمەتییـەی، كـە هاتووتـە ڕێـی ئێـوە هێشـتا ئێمـە نەمـان دیـوە بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەتوانـم بڵێـم، كـە ئێمـەش لـەدوورەوە وەزعـی دژواری وڵاتەكەمـان هیـچ نەبـێ بەشێوەیەكی گشـتی دەزانی وە بەپێی هەڵسـەنگاندنی راستەقینەی وەزع و رووداوەكانـی وڵاتمـان لەگـەڵ ئێوە و هەمـوو برایانـی تر دەتوانیـن زیاتر هـاوكاری بكەیـن لـە دانانـی ریبازێكـی راسـت و گونجـاو بـۆ سـەركەوتنی شۆڕشـی ئەمجارەمـان. شۆڕشـی ئەمجارەمـان دەبـێ سـەركەوێ، چونكە گەلەكەمـان زۆر بـە زەحمـەت بەرەنگاری شكسـتێكی تـر دەبـێ وە ئەگـەر بێتـو دووچـاری شكسـتێكی تـر بـێ خەباتـی میللەتـی ئێمـە، خەباتـی خەڵقـی عێراق، بۆ مـاوەی چەندین سـاڵی دیكە بـەرەو پاش دەڕوات و دوا ئەكەوێ لەبەرئـەوە پێویسـتە زۆر بـەوردی لـەو هۆیانـە بكۆڵینـەوە، كە دەبێتـە هـۆی سـەركەوتنی شۆڕشـەكەمان و لـەو شـتانە خۆمـان دوورخەینـەوە، كـە دەبێتـە هـۆی ژێركەوتنی، یان دواكەوتنی ئـەو شۆڕشـە پیرۆزەی، كە ئێوە شـەرەفی دەسـت پێكردنتـان بۆخۆتـان سـەندەوە. شۆڕشـی ئەمجارەمـان لـەدوای شـكانی شۆڕشـێكی (١٤-١٥) سـاڵی كوردسـتان هەڵگیرسـایەوە،

لەبەرئەوە گەنجیەیەک لە دەرس‌و تەجروبە و عبرەتمان هەیە، کە دەبێ کەڵکی لێ وەربگرین و جارێکی تر هەڵەکانی رابردوو دووپات نەکەینەوە و ئەو شتانەی، کە دەبێتە هۆی سەرکەوتن بەدوایدا بگەڕێین پەیدایان بکەین بۆئەوەی شۆڕشەکەمان سەرکەوێ، ئەمجارە دەبێ دروشممان (سەرکەوتن یان مردن) بێت لەبەرئەوەی پێویستە مردنەکەشمان لەجێی خۆی بێ. بۆیە گرتنی رێبازێکی راست و دۆزینەوەی هەلومەرجەکانی زامنی سەرکەوتنمانە.

شۆڕش بەڕاستی هەر ئەوە نیە مرۆڤ دەست بداتە چەک و مل بداتە کێوەکان و دەست بکات بە تەقوتۆق کردن، ئەوە لایەکی رواڵەتی شۆڕشە، لای دەرەوەیەتی، ئەوە لا میکانیکیەکەی شۆڕشە، کاکڵ و ناوەڕۆکەکەی شۆڕش لە واقعدا خەباتی سیاسییە، شۆڕش خەباتی سیاسی و چەکدارە، خەباتێکی سیاسییە و چەکی بە دەستەوە گرتووە، بە جۆرێکی تر شۆڕش خەبات کردنە بە جۆرێکی توندو تیژ و شۆڕشگێرانەیە لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی ئەو سەردەمەی میللەتەکەمان، کە شۆڕشەکەی تێدا دەکرێ.

ئێمە بە تەجروبەی (١٥) ساڵی شۆڕشی کوردستانی عێراق بۆمان دەرکەوتووە، کە لە زروفی ئێستاماندا ئامانجی میللەتەکەمان لە دیموکراتیەکی راستەقینە خۆی دەنوێنی، کە بۆ هەموو سەرانسەری خەڵقی عێراق بێنێتەدی وە حوکمێکی زاتی راستەقینەش، کە بۆ کوردستانی عێراق بێتەدی، سەبارەت بەوەی، کە ئێمە دروشمی جیابوونەوەمان لە عێراق هەڵنەگرتووە لەبەرئەوەی حوکمی زاتییەکەی ئێمە لە هەموو حاڵێکدا بەشێک دەبێ لە حکومەتە مەرکەزییەکەی بەغداد لە ڕووی گیانی ئابوورییەوە، لە ڕووی گیانی کشتوکاڵەوە، لەڕووی گیانی قانونییەوە، لە ڕووی گیانی زانستیەوە، لە ڕووی گیانی محکەمە و گومرگ و هەموو روویەکی ترەوە. بۆیە ئەگەر سەرچاوەکە سەرچاوەی ئەو حوکمی

زاتییەیـە، کـە ئێمـە خەباتـی بـۆ دەکەیـن، بەجۆرێـک نەبـێ، کـە مـاوەی گەشـەکردن و بەکارهێنانـی ئـەو حوکمـە

زاتییە بدا لە بۆ خاتری میللەتی ئێمە و بەپێی دەستکەوتەکانی میللەتی ئێمە ئەوسا ئەگەر حوکمی زاتیەکەشمان بدرێتێ بە شێوەیەکی ناوەڕۆک پوچەڵ و ناتـەواو و نادروست دەبـێ، بۆیـە ئێمـە، کـە داوای دیموکراتـی دەکەیـن بۆ عێراق، دیموکراتـی لـە پێش هەمـوو شتێکەوە بۆ خۆشمانە، بـۆ میللەتـی کوردیشـە، کـە ئـەو سەربەسـتی و ئازادییـە دیموکراتیانـەی پێـی بدرێـت، کـە تیـا بتوانـێ بـە سەربەسـتی بیـروڕا و هێـز و توانـای خـۆی ڕێکخـات و بیخاتـە جۆش و خرۆش لەپێنـاوی ئامانجەکانی خۆیدا، لەهەمـان کاتـدا دیموکراسـی مەرجـی ژیـان و گەشـەپێدانی ئۆتۆنۆمییـە، دیموکراسـی ئەو ئاوەیە، کە ماسیەکەی حوکمی زاتی تێدا دەژی، هەروەکو ماسـی ئەگـەر لەنـاو ئـاودا دەربهێنێت دەمـرێ، هەروەهـا ئەگـەر ئۆتۆنۆمـی لـە دیموکراتـی جیا بکرێتـەوە پوچـەڵ دەبێت و دەمرێت. بۆیـە هـەر لـە بـەر هەمـان شتیشـە بـە چـاوی خۆشـمان دیتمـان، کـە رژێمـە فاشسـتەکەی بەغدا لـە بەغـدا و لـە سەرانسـەری عێـراق حوکمێکـی دیکتاتـۆری و شـوفێنی و دوژمـن بـە گـەل دەبابەڕێوە، ئـەو حوکمـە زاتیۆکـەی، کـە دەڵـێ داومـە بـە کـورد شتێکی زۆرە حوکمـی زاتـی و پوچـەڵ و بێمانـا و بـێ تـام بـوو. ئەگـەر ئـەو رژێمـە بـە پێچەوانـەی ئـەو رژێمـەی ئێسـتا بایـە، ئەگـەر حوکمێکـی دیموکراتـی راسـتەقینە لـە عێـراق هەبایـە، بێگومـان ئـەو حوکمـە زاتیـەی، کە لێی وەردەگیرا باشـتر و رێـک و پێکتـر دەبـوو، هـەروەک ئـەو جـۆرە شـتانەی، کە حوکمـی دیکتاتـۆری رژێمـی عێـراق دژی میللەتـی کـورد دەیکا ئەوسـا نەدەکـرا، مەسـەلەی راگواسـتنی بـە کۆمەڵـی جەمـاوەری میللەتـی کـورد لـە خانەقیـن و مەندەلـی و کەرکـوک و عەیـن زالـە و دەشـتی سلیڤانی و شـەنگار و شـێخان و تەلەعفـەر و زۆر شـوێنی تـر، ئـەو شـتانە ڕووی نەئـەدا لـە رژێمێکـی دیموکراتیـدا، خەڵـک ڕاگواسـتنی بـە کۆمـەڵ، خەڵـک

ئیعدامکردن بەبێ محاکەمە، خەڵک کوشتن لەژێر جەزرەبەدا، تاڵانکردنی سەروەت و سامانی کوردستان، ڕاماڵینی هەموو ئەو خەڵکانەی، کە لەسەرتانسەری سنوری عێراق و ئێران، عێراق و تورکیادا دەژین، سوتاندنی دێهاتەکانمان، ئەو شتانە لە رژێمێکی دیموکراتیدا مومکین نیە ڕووبدات، چونکە رەقابە و چاودێری میللەت هەیە وە حکومەت پێویستی بە دەنگ و یارمەتی میللەت هەیە، بۆیە شۆڕشە نوێکەمان دروشمەکەی شۆڕشی کۆنی دیسان بەرپاد کردۆتەوە بەڵام بە شێوەیەکی نوێ و لەسەر رێبازێکی راست دەری بڕیوەتەوە، کە رژێمێکی دیموکراتی بۆ عێراق و حوکمێکی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بوو بۆ کوردستانی عێراق.

جا ئێمە، کە ئامانجەکەمان زانی بە پێی ئەو ئامانجە دەتوانین رێگاو شوێنی خۆمان دابنێین و ڕێبازی خۆمان دیاری بکەین بەرەو هێنانەدی ئەو ئامانجەی، کە هەمانە، ئەگەر ئێمە ئامانجمان جیابوونەوە بوایە بەپێی ئەو ئامانجە دۆست و دوژمنی خۆمان دیاری دەکرد، کە ئامانجمان وەکو ئێستا ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان و دیموکراتییە بۆ عێراق، بەو پێیە دەتوانین بزانین چۆن ڕێگای خۆمان دیاری دەکەین بەرەو ئەو ئامانجەی، کە دیموکراتییە بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینەیە بۆ کوردستانی عێراق.

بەپێی ئامانج، دۆست و دوژمن دیاری دەکرێت، تۆ دژی کێیت و دۆستت کێیە؟ کێ دوژمنتە و کێ لایەنگرتە؟ کە ئامانجەکەمان دیموکراتی بوو بۆ عێراق، هەموو گەلی عێراق، کە دیموکراتی دەوێت هەموو ئەو هێز و پارت و تاقم و کۆمەڵانەی، کە لە عێراقدا دژی دیکتاتۆریەت خەبات دەکەن بۆ دیموکراتی دەبن بە دۆست بۆ ئێمە، وەکمە، کە ئامانجمان ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردستان، هەموو ئەو کوردپەروەرە راستەقینانەیەی، کە میللەتی خۆیان خۆشدەوێت و دەیانەوێ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان وەربگرن دەبن بەهاوخەبات و هاوڕێی خەباتی شۆڕشگێرانەی ئێمە،

ئەگـەر ئامانجمـان شـتێکی تـر بێـت بـەو پێیـە دۆسـت و دوژمنەکانمـان دەگۆڕێت، ناسینی دۆست و دوژمن لە شۆڕشدا شتێکی یەکجار گرنگە، وە مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتن. گەلێ کەس واتێدەگا شەڕ بە چەک و بە فیشەک و بە پارە دەبڕێتەوە، هیچ شەڕێک لە دونیا بەوە نابڕێتەوە بە تایبەتی شەڕی شۆڕشگێرانە، شەڕی پێشمەرگانە، شەڕی گەل. شەڕی گەل بەگەل دەبڕێتەوە، ئینسان لە چەک بەتواناترە، ئینسان چەکی بەدەستەوەیە، ئینسان چەک بەکاردێنێ، ئینسانە ئەو کەسەی، کە دەتوانی چەک بە چ جۆرێک بیەوێت بەکاربێنێ، چەک نییە ئینسانە بەکاربێنی، چەک زاڵ نابێت بەسەر ئینساندا، ئینسانە زاڵە بەسەر چەکدا، خۆتان تەجروبەتان هەیە پێشمەرگەی کوردستانی ئێمە چەکی زۆر ساکاریان بەدەستەوە بوو بە کەچە تفەنگێک راوەستان دژی دوژمن، کە بەڕێی راستا رۆیشتن و خەباتی شۆڕشگێرانەیان کرد زۆر چاک توانیان بەرەنگاری چەکی دوژمن ببنەوە، کە زۆر گەورەبوو، تۆپ و تەیارە و تانک و چەکی کوشندەی هەبوو، زۆرجار لە دونیا ڕووی داوە هەمیشە هەروا بووە لە شۆڕشەکانی هەموو دنیادا حکومەتێک، کە شۆڕشی لەسەر کراوە چەکدارتر و پڕ چەکتر بووە چەکی گەورە و قورسی هەبووە، پارەی زۆرتری هەبووە، هەموو سەروەت و سامانی میللەتی لەدەست بووە، شۆڕشگێرەکان هیچیان نەبووە رووت هاتوونەتە مەیدان تەنها بیروباوەڕێکی نەگۆڕیان هەبووە بەهێزی لە بن هاتووی میللەت و توانیویانە ئەو هێزە بخەنەگەڕ وە بیهێننە جۆش و خرۆش وە بەکاریبهێنن بەڕێگایەکی راست و پلانێکی راست و ڕێبازێکی راست و تیا سەرکەون، هەر شۆڕشێک لە دنیادا تەماشا دەکەیت لەسەرەتادا زۆر زۆر بێ هێزترە لەو ڕژێمەی، کە شۆڕشی لەسەر دەکرێت لەدوایدا وردە وردە هێزی ئەو شۆڕشە ئەگەر ڕێبازێکی راست هەبێت پتەوتردەبێ و بەرەو پێشەوە دەڕوات دوژمنیش بەرەو لاوازی دەچێت و پاشەکشێی

لێ دەکات.

هەمیشە دوژمن لەسەرەتادا بەهێزترە، ئێستا ئێمەش واین دوژمنی ئێمە گەلێک لە ئێمە بەهێزترە، دوژمنی ئێمە تۆپی هەیە، تەیارەی هەیە، دەبابەی هەیە، ساروخی هەیە، نوێترین چەکی هەیە، وە پارەیەکی یەکجار زۆری هەیە و لەبەردەستیەتی سەرفی دەکا، پارەی نەوتی ئێمە، نەوتی عێراق، کە بەشێوەیەکی یەکجار ناڕاست و بەشێوەیەک، کە بە پێچەوانەی ویست و بەرژەوەندی گەلی عیراق بەکاردەهێنرێ، کەچی ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕمان بەوە هەیە ئەگەر ئێمە رێگای راست بگرین سەردەکەوین، چونکە سەرکەوتن لە شۆڕشدا بەچەک و بە پارەو بە تۆپ و تەیارە نییە، ئینسانە، کە شەڕ دەباتەوە، ئینسانیشە، کە شەڕ ئەدۆڕێنێ، ئەگەر ئەو ئینسانە چاک هێنرایە جۆش و خرۆش، چاک پێگەیشت، چاک ڕابەری کرا، چاک ڕێبازی راستەقینەی خۆی دۆزییەوە ئەو ئینسانە سەردەکەوێ، ئەگەر ئینسان بە پێچەوانەی ئەمە بوو ئەوە ژێر دەکەوێ، لە دونیادا چەسپاوە، وە تەجروبەی چەندین میللەتان دەریخستووە، کە میللەتێکی بچووک بەتوانای کەمەوە بەهەژارییەوە وە بەبێ چەکییەوە دەتوانی دەوڵەتێکی گەورەی پەلاماردەری زۆردار بشکێنێ، یا ناچاری بکات کە بشکێت. سەبارەت بە خەباتی راستەقینەی خۆی، هەرچەندە ئەو دەوڵەتە گەورەیە پارە و چەک و تۆپ و تەیارە و شتی زۆری هەبێ. نموونەی جەزائیر و فەڕەنسا زۆری تر، شۆڕشی جەزائیر بە گوێرەی حکومەتی فەڕەنسا چکۆڵە و دواکەوتووترە یەک ملیۆن فەڕەنسی هەر لە جەزائیر دەژیان و جەیشێکی (٦٠٠-٧٠٠) هەزاری فەڕەنسی لە جەزائیر شەڕی دەکرد، بەڵام لەکۆتاییدا جەزائیرییەکان وایانکرد فەڕەنسایان ناچار کرد، کە بکێشتەوە و لەمەیدانی شەڕدا بشکێن. هەڵبەتە بەوە نەبوو، کە جەیشی فەڕەنسی لەمەیدان شەڕدا بشکێنن، بەڵکو بەوە بوو، کە بیپسێنن وای ماندوو بکەن حکومەتی

فەرەنسی لە لێکدانەوەیدا لە بەینی مانەوە و دەرچوون لە جەزائیر قازانجی خۆی لەدەرچووندا بینی. هەروەها شەڕی میللەتە قارەمانەکانی ڤێتنام و لاووس و کەمبۆدیا دژی گەورەترین دەوڵەتی ئەم سەردەمەی دنیا، دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، کە خاوەنی چاکترین و نوێترین چەکی دونیایە، وە پارەی لەبن نەهاتووی هەیە ساڵێ دەیتوانی ئەمریکا لە ڤێتنام (٢٠) هەزار میلۆن دۆلار سەرف بکا، وە ئەمریکا نوێترین جۆر چەکی بەکاردەهێنا، کە هێشتا هیچ دەوڵەتێک هەر نەیبیستبوو لەگەڵ ئەوەشدا خەباتی قارەمانانەی ڤێتنام و لاووس و کەمبودیا، حکومەتی ئەمریکایان ناچار کرد، کە نەک لە ڕێی ئەوەی جەیشی ئەمریکی لەمەیدانی شەڕدا بشکێنن و دەریپەڕێنن، بەڵکو لە ئەنجامدا وای ماندوو بکەن وە وای بپسێنن و تەنگ و چەڵەمەیەکی وای بۆ دروست بکەن، حکومەتی ئەمریکی بیر لەوە بکاتەوە، کە مانەوەی چەند دەکەوێ لەسەری و دەرچوونی چەند قازانجی هەیە، نەتیجە وای لێهات ناچاربوو دەربچێت و ڕابکات، میللەتەکان بە ئازادی و یەکیەتی نیشتمانی خۆیان گەیشتن.

ئێمەش لەم سەردەمەدا دەبێ هەمان ڕێگا بگرین سەبارەت بەوەی هێزی دوژمن لەئێمە بەهێزتر و گەورەترە، ئێمە ناتوانین دوژمن بشکێنین لەمەیدانی شەڕدا، ئێمە دەتوانین دوژمن بپسێنین لەمەیدانی شەڕدا. ئێمە ناتوانین ئەو جۆرە چەک و ژمارە و هێزەمان هەبێت، کە بتوانین لەشکری ڕژێمی فاشستی عێراق لەمەیدانی شەڕدا پوچ بکەین بیبپسێنین و دەری پەڕێنین و ئەسیری کەین، وە بچینە بەغداد، ئێمە دەتوانین ماندووی کەین وە بیبپسێنین و وای لێ بکەین، کە نەتوانێ درێژە بدات بەشەڕ لەهەمان کاتدا، چونکە ئێمە دەمانەوێ حوکمی زاتی وەربگرین لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی عێراقدا، وە ئەو ماندووکردن و پساندنەی لەشکر و حوکمی فاشی عێراق دەبێتە هۆی زیاتر لەباربوون و ئاسانکردنی شەرتەکانی سەرکەوتنی خەباتی گەلی عێراقیش، کە برا

عەرەبەکانیشمان لە شوێنەکانی عێراق دژی رژێمی عێراق خەبات دەکەن بۆئەوەی شەرتەکانی سەرکەوتنی خەباتی ئەوانیش پێی بگا و ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێرانە لە بەغداد و سەرانسەری شارەکانی تری عێراق ڕووبدا و رژێمی دیکتاتۆری فاشی عێراق سەرنگون بکرێت. لەبەرئەوەی ئێمە ئەمجارە شۆڕشی خۆمان بەدووجار دەدەینە قەڵەم، پارچەی یەکەم شەڕی پێشمەرگانەی شۆڕشگێرانی کوردستانە، یان شەڕی شۆڕشگێرانەیە لە کوردستانی عێراقدا، کە ئێمە و برا عەرەبەکانیشمان لە گەڵماندا بەشدارئەبن، وە ئێستا چەند برای عەرەب هەیە لەگەڵماندا بەشداری شۆڕش دەکەن.

بەشی دووەم، گرێدانی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلەکەمان و شۆڕشەکەمانە بە خەباتی هەموو هێزە شۆڕشگێر و هێزە پێشکەوتووخوازەکانی گەلی عەرەبی عێراقەوە، کە لەگەڵ ئێمە هاوپەیمانن وە خەبات دەکەن لە شارەکانی تری خوارووی عێراقدا لە شارە عەرەبەکاندا دژی حکومەتی فاشستی، کە ئێستا لەسەر حوکمە، ئەو خەباتە پێکەوە گرێدراوە. هی ئێمە کاری ئەوان ئاسان دەکا، هی ئەوانیش کاری ئێمە ئاسان دەکا، هی ئێمە ئەو شەرتانەی پێویستە، کە پێویستە بۆ سەرکەوتنی ئەوانی دەهێنێتەدی، هی ئەوانیش پشتیوانییە لە خەباتی ئێمە و تەنگ و چەڵەمە دروستکردنە بۆ حکومەت و سەرلێشێوانیەتی وە بەدرۆ خستنەوەی ئیشەکانیەتی.

ئەگەر لە بیرتان بێت ئێوە بەشی زۆرتان پێشمەرگەی کۆنن، جارێکی تر شەرێکی تر جیاواز بوو لەشەڕی جارەکانی پێشوو، کە جەیشی عێراق لەگەڵ میللەتی کوردی دەکرد زۆر بە ئازایانە و گەرموگوڕ جەیشی عێراق شەڕی دەکرد. سەبارەت بەوەی جەیشی عێراق پڤدرابوو، پەمپ کرابوو بە کۆمەڵێک درۆ و دەڵەسە، یان هەندێک شتی راست دژی شۆڕشی کوردستان بۆی تەحلیل کرابوو، کە شۆڕشی کوردستان

گرێدراوی ئێرانە و گرێدراوی ئیمپریالیزمە، دژی عەرەبە، لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی عەرەب پەیوەندی نییە و جەیشی عێراق دەچێت وڵات و یەکیەتی وڵات دەپارێزی. ئێمە دەمانەوێ ئەمجارە ئەو چەکە ئەو پەمپە لە دەستی حکومەتی عێراق دەربهێنین و نەتوانێ لەشکری خۆی پێ پەمپ بکات، کە شۆڕشی کوردستان دژی عەرەبە. شۆڕشی ئێمە دژی عەرەب نییە، شۆڕشی ئێمە هاوخەباتە لەگەڵ خەباتی برا تێکۆشەرە عەرەبەکانمان، شۆڕشی ئێمە گرێدراوی هیچ دەوڵەتێک نییە، شۆڕشی ئێمە دژ بە ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و کۆنەپەرستە، شۆڕشی ئێمە هی میللەتەکەی ئێمەیە، سەرچاوەی هێز و توانای خۆی میللەتەکەی ئێمەیە لەبەرئەوە ئێمە ئەبێ، وە برا عەرەبەکانیشمان لەوەدا یارمەتیمان بدەن بەهۆی پڕوپاگەندە و دعایەیەکی راست و ڕەوانەوە لەشکری عێراقیش تێبگەیەنین، کە ئەوان لە جێیەکی هەڵە دژی برای خۆیان شەڕدەکەن. دەبێ وردە وردە تێیان بگەیەنین، کە کورد برای ئەوانە، کورد داوای حەقی خۆی و حەقی میللەتی عیراق دەکات، داوای حەقی خۆی و حەقی کەسوکاری لەشکری عێراقیش دەکات.

لەبەرئەوە، ئەو شەڕەی، کە ئەوان دەیکەن لەدژی میللەتی کورد شەڕێکی هەڵە و ناڕەوایە، وە هیچ دەسکەوتی خۆیانی تێدا نییە و لە جێیەکی خراپ خۆیان دەدەن بەکوشت، هەروەها دەبێ لەشکری عیراق وردە وردە بە هۆی ئێمە و بەهۆی هێزە پێشکەوتووە عەرەبەکانیشەوە لەو راستییە بگەیەنین، کە چیاکانی کوردستان ئەو جێگایە نییە ئەوان پێویستە شەڕی لێ بکەن بەڵکو ئەرکی لەشکری هەر وڵاتێک هەر حکومەتێک ئەوەیە، کە ئەم لەشکرە ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی بپارێزێ و دژی پەلاماردان بوەستێ، ئەگەر ئەوانە خۆیان بەعەرەب دەزانن و هەستی نەتەوایەتی عەرەبییان لەدەروون دایە، پێویستە ئەوان بچن لە فەلەستین و لە ئوردن و لە جۆلان بوەستن، لەگەڵ ئیسرائیل

دوژمنی عەرەب شەڕبکەن ئەوە شوێنی ڕاستەقینەی ئەوانە ئێم،ە دوژمنی عەرەب نین، ئێمە برای عەرەبین تێگەیاندنی ئەو راستیانە ئەو پڕوپاگەندە و درۆ و دەلەسانەی، کە دوژمن لەشکرەکەی خۆی دێنیتە جۆش و خرۆش پێی لەناو دەبا. لەبەرئەوە شەڕەکەیان بەجۆرێکی تر دەبێ لە گەڵمان. ئێمە پێویستە ئەو راستییە بزانین، کە بەتەنها ناتوانین سەرکەوین، بەتەنها ئەوە چەندەها ساڵە خەبات دەکەین، هەر لەم شاخانە ماینەوە و حکومەتیشمان ماندووکرد، چەندین گۆڕانیش هات لە حکومەتەکانی بەغداد ئەو گۆڕینانە هیچیان بەپێی دەسکەوت و قازانجی گەلی ئێمە نەبوو. رەنگە ئەم حکومەتە بڕوات یەکێکی دیکە بێت، ئەویش هەر شەڕمان دەکاتەوە، ئەویش دەڕواو یەکێکی دیکە دێت ئەمیش هەر شەڕمان دەکاتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە خۆمان بەشداربین لە گۆڕانی حکومەت لە بەغد و لەهێنانی حکومەتێک کەوا ئەو دیموکراتییە ئەدات بەعێراق وە ئەو حوکمە زاتییە بۆ کوردستان دەستەبەر دەبێت، ئەگەر ئەوەمان کرد دەتوانین سەرکەوین ئەگینا لەناو بۆشاییەکدا دەسوڕێینەوە، لەناو گێژاوێکدا دەسوڕێینەوە، کە لێی دەرناچین.

لەبەرئەوە ئەمجارە ئێمە بیروڕامان وایە، کە شۆڕشەکەی ئێمە گرێدراوی خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەموو عێراق بێت بۆ روخاندنی حکومەت، وە هێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی، کە نوێنەری هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی عیراق بە کوردو عەرەبی تیابێت وە لەو ڕێگایەدا چارەسەری راستەقینە و دیموکراتی مەسەلەی کوردیش بکەین، کە بە ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە دەکرێت. ئێمە هەر گوتمان هێزی دوژمن ئەمڕۆ لە ئێمە بەهێزترە، وە ئێمە لاوازترین لە ڕووی چەک و تفاقەوە بەڵام ئەم نسبەتە هەتا سەر ونامێنێ، تابێت ئەو کز دەبێت ئەگەر ئێمە ڕێی راست بگرین ئێمە زیاد دەکەین. تا بێت ئەو لاواز دەبێت ئێمە بەهێز

دەبین. خۆگرتن و مانەوەی ئێمە خۆی لەخۆیدا وەسیلەیەکی گەورەیە بۆ لاوازکردنی رژێمی فاشستی عێراق، بۆ پساندن و ماندووکردنیان، وە بۆ ڕووخاندنیان، خۆ ئەگەر ئێمە هاتوو ڕێی راستمان گرت خۆمان توند بەستەوە بە جەماوەری گەلەکەمانەوە، هەموو کوردێکمان وا لێکرد هەست بکات، کە ئێمە خزمەتکاری ئەوین لەپێناوی ئەودا خەبات دەکەین، وە بۆ میللەتی ئەو  خەبات ئەکەین و وامان کرد، کە ڕایگشتی عیراق لەوە بگات، کە ئێمە برای عەرەبین و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی عیراق، کە  دیموکراتی راستەقینەیە خەبات دەکەین، ئەو وەختە ئەوانیش هەموو دەبنە دۆست و پەناو پشتیوانی ئێمە وە دوژمن لەیەک دادەبڕین و ریزەکانی پارچە پارچە دەکەین، لاواز و کزی دەکەین تا وای لێدێت دەتۆپێ و دەڕوخێ.

بۆیە دەبێ ئێمە لەسەرەتاوە بەپێی بەڕەی خۆمان پێمان راکێشین و بزانین، کە ئەو تاکتیک و شێوەی شەڕی پێشمەرگانەی بەکاردێنین هەموو هەڵهێنجراوە لەو راستییە ستراتیجیەی، کە دیارمان خست ئەویش ئەوەیە سیاسەتی ستراتیجی ئێمە سیاسەتی گشتی ئێمە، شکاندنی هێزی رژێمی عیراق نییە بەڵکو ماندووکردن و پساندنیەتی، بەو پێیە تاکتیکەکانی شەڕەکانمان پلانەکانی رۆژانەی خەباتمان بەجۆرێک دەبێ، کە بگونجێ لەگەڵ شەڕی پێشمەرگانەی ئەم سەردەمەدا. شەڕی پێشمەرگانەی ئەم سەردەمە شەڕێکە ناوەڕۆکەکەی شەرێکی سیاسییە شەرێکە، کە هەموو ئینسانێکی وشیار و تێگەیشتوو (وشیار و تێگەیشتوو مەخسەدم ئەوە نییە خوێنەوار و شەهادەی هەبێت زۆر خوێندەوار و شەهادەدار ناتێگەیشتوونە و وشیاریش نین زۆرکەسی بێ شەهادەنە، خوێندەوار و تێگەیشتونە وە وشیاریشن) تێبگات و بزانێ بۆچی ئەو چەکە بەکاردێنی و بۆچی هاوبەشی ئەم شۆڕشە دەکات، پاش ئەوەی، کە لە ئامانجەکە دەگەین دەبێ بزانین دۆست و دوژمنمان کێیە؟ ئێمە لەم سەردەمەدا لەو

ڕاستیە گەیشتینە مەرجێکی زۆر ئەساسی و سەرەکییە سەرکەوتنمان. بۆیە ئێمە، کە باسی مەرجەکانی سەرکەوتن دەکەین لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ بزانین، کە شۆڕشەکەمان خەباتێکی سیاسی چەکداری گەلەکەمانە تاقمێکی لەخۆبوردی فیداکار، کە شەڕەفی پێشمەرگایەتیان هەیە و خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەو مەبەستە بە شێوەی شەڕی پێشمەرگانەی ئەم سەردەمە، کە باش دەزانن ستراتیجی عەسکەری شەڕەکەیان شکاندنی هێزی دوژمن نییە، بەڵکو پساندنیەتی. دەزانن لە ڕووی سیاسییەوە خۆگرێدان و خۆبەستنەوە بە جەماهیری گەلەکەمانەوە شەرتی ئەساسی سەرکەوتن و ژیان و مانی پێشمەرگەیە، ئینجا دوای ئەوە دۆست و دوژمنی خۆمان دەبێ بناسین، دوژمنی هەرە ئاشکراو دیاری ئێمە ئەمڕۆ حوکمی فاشیستی بەغدادە، ئەو حوکمە دوژمنی ڕاستەوخۆی ئێمەیە، دوژمنێک، کە بەرەنگارمان دەبێت دەستەویەخە دەمان گرێ و دێ بەگژماندا، دەیەوێ بمانکوژێ و بمانخنێکێنی، ئێمەش دێین بەگژیا، بەڵام لەپشت ئەو دوژمنەشەوە، دوژمنی دیکە هەیە، ئێمە هەرچەندە ئەمڕۆ هەموو خەبات و تێکۆشانی خۆمان دژی ئەم دوژمنە تەرخان دەکەین، دەبێ لەبیرمان نەچێ لەدوارۆژدا تووشی دوژمنی دیکەش دەبین، بەڵام ئەمڕۆ دەبێ ئێمە هەموو ئەو چین و هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازانەی، کە دەیانەوێ دژی ئەو حکومەتە بجەنگین کۆیان بکەینەوە و یەکیان بخەین و ڕێکیان بخەین، بیکەین بە گژ ئەو دوژمنەدا.

ناسینی دۆست و دوژمن شەرتێکی ئەساسیە، دوژمنەکەمان، کە حکومەتی فاشستی عیراقە و هەر خۆی تەنها نییە هێزە ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستی ناوخۆ و دەرەوەشی لەپشتە، ئەو حکومەتە نوێنەری هێزە ئیمپریالیستەکانیشە، کە عێراق دەچەوسێننەوە، لە سامان و سەروەتی دەخۆن، ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیستانە، کە پشتی ئەم حکومەتە دەگرن

ئەوانیش دوژمنی ئێمەن، لەبەرئەوە دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ، کە ئەو دوژمنانەمان هەیە هەمیشە تەڵەو داومان بۆ دەنێنەوە بۆئەوەی پێوە بین و پابەندمان بکەن بە پلانەکان و نەخشەکانی خۆیانەوە بە پاشکوی خۆیانەوە گریمان بدەن و نەهێڵن خەباتەکەمان بەرێگایەکی راستدا بڕوات.

هێزی میللەتی ئێمە سەرچاوەی ژیان و مانی پێشمەرگەیە، پێشمەرگە، کە تێکۆشەری شۆڕشگێری چەکدار بێ لە پێناوی گەلدا سەرچاوەی گەل دەبێت. پەیوەندی بەینی پێشمەرگە و میللەت وەکو پەیوەندی بەینی ماسی و ئاو وایە، ئەگەر ماسی لەئاو دەرهات دەمرێ ئەگەر پێشمەرگە لە میللەت دابڕا دەمرێ، هەرچەندە بە ژمارە زۆر بێ، هەر چەندە چەکی زۆربێ، ئەگەر پشتیوانی و یارمەتی میللەتی لەگەڵ نەبێت سەرناکەوێ، لەبەرئەوە پێویستە چاک ئاگاداری کردار و رەفتاری خۆمان بین لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک، پێویستە هەمیشە نەک وەکو ئاغای نوێ، بەگی تازە بەسەر میللەتدا بخورین و رەفتار بکەین، پێویستە وەکو خزمەتکاری دڵسۆز و وشیاری ئەو خەڵکە رەفتار بکەین، دەبێ وا لەهەموو کەسێک بکەین لە میللەتەکەماندا، کە تێبگات بەراستی ئێمە خزمەتکاری ئەوین بۆ ئەو خەبات دەکەین، وە لەپێناوی ئەودا خۆمان بەخت دەکەین ئەگەر ئەو راستیەمان لەخەڵک گەیاند ئەو وەختە خەڵک ئێمەی خۆش دەوێ یارمەتیمان ئەدا بەهەموو جۆرێک، ئەبێ ئەو راستیەمان لەبیرنەچێت کەوا ئێمە کوڕی ئەو میللەتین و ئەو پێشمەرگانەی کەوا شەهید دەبن رۆڵەی ئەو میللەتەن، ئەوانەی کەوا دێنەوە جێگاشیان وەجێی ئەوانیش پڕدەکەنەوە کوڕی ئەو میللەتەن، ئیشەکەی ئێمەش هەر لەپێناوی ئەم میللەتەیە، هەمیشە ئەو پێشمەرگەیە پێویستە شیعارەکەی خۆی لەبیر بێ، بۆچی خەبات دەکا؟ ئایا ئێمە چەتەین خەڵک روتدەکەینەوە؟ ئایا ئێمە زەوی و گوندمان دەوێ بۆ خۆمان داگیری بکەین؟ ئایا ئێمە

دەمانـەوێ ڕێـگای تیجـارەت بـۆ خۆمـان بکەینـەوە، ئایـا ئێمـە کەسـابەت دەکەیـن، یـان ئێمـە شـۆڕش دەکەیـن؟ کـە زانیمـان شـۆڕش چییـە، کـە زانیمـان دروشـمەکەمان دیموکراتـی بـۆ عێراق و ئۆتۆنۆمـی بۆ کوردسـتانی عێراقـە. هەمـوو ڕەفتارەکانمـان دەبێ لەگـەڵ ئـەوە بگونجێ. مـادام یەکێک هاتـووە گیانـی خـۆی بەخـت دەکا ئـەوە ئەوپـەڕی فیداکاری و لەخۆبردنـە، مـادام ئێمـە ئامانجمـان هێنانـەدی دیموکراتـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمییـە بـۆ کوردسـتان و خۆمـان بەخـت دەکەیـن لـە پێنـاوی ئـەوەدا، لەبەرئـەوە پێویسـتە ڕەفتـار و کردارمـان لەگـەڵ ئـەو خەڵکـە بگونجـێ لەگـەڵ ئـەو فیداکارییـەی، کـە دەیکـەی و کردارەکانـت وانەبـێ بـە پێچەوانـەی ئـەو ئامانـج و ئـەو خۆبەخـت کردنـە بێـت، کـە تـۆ لـە پێناویـدا دەیکـەی، ئـەوە نوختەیەکـی زۆر زۆر گرنگـە، چونکـە ئێمـە دەبێ ئـەو ڕاسـتیە بزانیـن، کـە خەباتـی ئێمـە درێژخایەنـە مانـای ئەوەیـە ئێمـە بـۆ ماوەیەکـی زۆر بەسـەر ورگـی ئـەم میللەتەمانـەوە دەبیـن و هاتوچـۆی بەسـەر دەکەیـن، دەبینـە هـۆی سـوتانی مـاڵ و دێهـات و بەتـاڵان بردنـی مـاڵات و حەیـوان و مێگـەڵ و گاڕانیشـی، ئەگـەر وانەکەین میللەتەکەمـان چاک تێبگات ئێمـە بۆ خزمەتـی ئـەو هاتووین لـە پێنـاوی ئـەودا خەبات دەکەیـن، گیانـی خۆمـان لەبـۆ ئامانجەکانـی ئـەو بەخـت دەکەیـن، ئـەو وەختـە ئێمـە لەدڵـی ئـەودا جێگایەکـی ئەوتۆمـان نابێتـەوە، کـە بهێنـی یارمەتیمـان بـدا بگـرە لەبـەر چـاوی ڕەش دەبیـن و ئـەو وەختـە ئێمـە وردە وردە لەنـاو دەچیـن.

کەواتـە پێویسـتی سـەر شـانمان و ئیشـمان هـەر ئـەوە نییـە شـەڕی حکومـەت بکەیـن و بیپسـێنین، بەڵکـو وشـیارکردنەوەی میللەتیـش دەبێتـە ئەرکێکـی تـری سەرشـانمان، کە پێشمەرگە دەچێتە هـەر ناوچەیـەک و ڕێی دەکەوێتـە نـاو میللـەت، کە وەکـو خزمەتکار و دڵسـۆزی میللەتەکـەی خـۆی نیشـاندا لەهەمـان کاتیشـدا هەڵسـا بـە وشـیارکردنەوەی کۆمەڵانـی خەڵـک، سیاسـەتی ڕۆژانەی دەوڵەتی بۆ شیکردنەوە و پلانەکانی حکومەت و هێزی

کۆنەپەرستی ناوخۆ و دەرەوە و هێزە ئیمپریالیزمەکانی دیکەی لەپشت ئەو حکومەتەوە دەوەستن رسوا کرد. ڕێگای یەکیەتی و یەکگرتنی هەموو هێزە شۆڕشگێر و پێشکەوتنخوازەکانی میللەتی نیشانداوە، وردە وردە بەمجۆرە ئاستی وشیاری میللەتەکەمان بەرز دەکاتەوە.

بە جەهالەت هیچ شتێک سەرناکەوێ بە ناتێگەیشتن هیچ شتێک سەرناکەوێ، ئەگەر نەزانین لە پێناوی چیدا خەبات دەکەین، ئەگەر میللەتەکەمان نەزانێ ئێمە بۆچی خەبات دەکەین، هیچ مومکین نیە سەرکەوین، ئەوە وەختێکی زۆری دەوێ بە رۆژێک و دوو رۆژ نابێ، بەساڵێک دووساڵ نایەتەدی، لەبەرئەوە خەباتی ئێمە درێژخایەنە، خەبات وەختێکی دوور و درێژی دەوێ، بەهێزبوونی پەیوەندیمان لەگەڵ میللەت بۆ ئەوە باشە، کە ئەو خەباتە درێژخایەنە قورس نابێت لەسەر دڵی میللەت، بەڵکو پێی خۆش دەبێت و پێشوازی لێ دەکات.

لەلایەکی ترەوە پێویستە بزانین کەوا بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، ڕێکخستنی ڕیزەکانی جەماوەری گەل زۆر زۆر پێویستە لە شار و لە لادێ، ئەوانەی دائیمەن شۆڕش دەکەن تاقمێکی کەمن بەشی هەرە زۆرەکەی دەمێنێتەوە. بەشی هەرە زۆری دەبێ دائمەن ڕێکخستنی باشی لەناودا هەبێ، وشیاری سیاسی باش لە ڕیزەکانیدا بڵاوببێتەوە، ڕێکخستن هەبێ، ئیش و خەباتی نهێنی هەبێ لەو ناوچانەدا، کە لە ژێردەستی دوژمنن، بۆئەوەی ئەو سەرچاوەیەی ئێمە، کە میللەتەکەمانە هەمیشە جۆگەلەی جیاجیای لێوەبێ بۆ ناو پێشمەرگە، یارمەتی، دەنگوباس، ئاگادارکردن لە فیت و پیلان و ئۆینی دوژمن، هەروەها هەموو جۆرە شتێکی وا، کە پێویستە هەتا خەباتی ناوشاریش وەکو کوشتنی خائینەکان، تەقاندنی مستەودع و ئەو شوێنانەی کەوا زەرەر لە دوژمن دەدا وەکو بڵاوکردنەوەی دەنگوباس و خەباتی قارەمانانەی پێشمەرگەکان.

ئێمە لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دا، کە باسی سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستانمان کردووە شەرتەکانیمان وا داناوە، کە دەبێ پێنج شەرت بێتەدی تا ئەو خەباتە دوورو درێژەی ئێمە سەردەکەوێ.

یەکێکیان بوونی پارتێکی پێشڕەوە، کە بەداخەوە ئێمە لەم سەردەمەدا نیمانە. دووهەمیان یەکخستنی هێزە نیشتمانییە پێشکەوتخوازە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستانە، ئەویش (یەکیەتی نیشتمانی کوردستانە)، کە تیایا چەند تەیار و جەماوەری گەلی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەری هۆشیاری کۆکراوەتەوە. شەرتی سێهەمیان بوونی هێزی چەکداری گەلە، یانی هێزی پێشمەرگە، کە ئێستا هەمانە و خەباتی قارەمانانەی خۆی دەکا. شەرتی چوارەهەم یەکیەتی تێکۆشانە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی ناو برا عەرەبەکانمان لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو یەکیەتی تێکۆشانە شەرتە هەم بۆ هێنانەدی ئامانجە گەورەکەمان، کە دیموکراتییە بۆ عێراق، هەم بۆ سەرکەوتنی خەباتی ئێمە لەپێناوی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق. شەرتی پێنجەم، کە بۆ سەرکەوتنی ئێمە پێویستە ئەویش یەکیەتی تێکۆشانە لە بەینی بەشەکانی کوردایەتی، بەشەکانی کوردستانی داگیرکراو و دابەشکراودا. تاقیکردنەوەی حکومەتەکانی دەوروپشتمان دەریخست مەسەلەن ئێران چ زەرەرێکی هەبوو علاقە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکی، دەوڵەتە کۆنەپەرەستەکان چ زەرەرێکی هەبوو، ئەوانە شۆڕشی کۆنی ئێمەیان کرد بە جۆکەری یاری وەکو خۆیان لە راپۆرتەکانیدا باسی دەکەن هەتا ئەو رۆژەی ئامانجەکانی خۆیان هاتەدی دەستێکی تەڕو تازەیان پیاهێنایەن و فرۆشتیانین، سەرکردایەتی شۆڕشەکەش سەری بۆ شۆڕکردن و دەستەوەستان وەستا و خۆی خستە باوەشیان، بەم جۆرە شۆڕشەکەمان ڕووخا. لەبەرئەوە ئەم تەجرەبە گەورەیە، کە بەنرخێکی زۆر زۆر لەسەر میللەتەکان وەستاوە دەبێ دەرسێکی زۆر باشی لێ وەربگرین. دەوڵەتانی

دەورووپشتمان  هیچیان دۆستی ئێمە نین بەتایبەتی ئێران و تورکیا ئەوانە باش دەزانن، کە ئێمە سبەینێ سەرکەوین کوردستانی ئێران و تورکیا و هێزە پێشکەوتوەکانی ئێران و تورکیا هەڵدەستن ئەوە بۆ زانینە بۆ  ئاگادارییە. ئێمە ئێستا شەڕمان لەگەڵ حکومەتی عێراقە، خەباتی ئێمە دژی حکومەتی عێراق و ئاغا ئیمپرالیستەکانی حکومەتی عێراق و ئەو هێزانەی، کە پشتیوانی حکومەتی عێراق ئەکەن، بەڵام ئەبێ بشزانین چیمان لە دەورەیە بۆ ئەوەی نەکەوینە داویانەوە، بەتایبەتی لەوەختی تەنگانە و لێقەوماندا هەڵنەخەڵەتێینەوە جارێکی، کە لوقمێکمان بدەنێ و لەناویان ژەهر هەبێ وا دەزانین نەرم و خۆشە و دەیخوین لەدوایدا پاش ماوەیەکی دیکە درەنگ، یان زوو بە ژەهرەکە دەمرین و تەواو دەبین، ژەهر هەیە یەکسەر ناتکوژی، ژەهر هەیە چەند ساڵێکی پێدەچێ ئینجا دەتکوژی، ئەوجۆرە یارمەتیانەی، کە لەو دەوڵەتە کۆنەپەرستانەوە بێت، لە نەوعی ئەو ژەهرانەیە، کە پاش چەند ساڵێک دەتکوژی. لەبەرئەوە ئەو قسەیەم کرد، کە بزانین چی لەدەورمانە، بەڵام ئێمە هاوخەباتین لەگەڵ میللەتی کوردی خۆمان، لەگەڵ برا کوردەکانمان لە ئێران و لە تورکیا لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، ئەم هاوخەباتییە شەرتێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی خەباتی ئێمە و میللەتی ئێمە، هەروەکو لە پێشەوە باسم کرد یەکێک لە مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان یەکیەتی تێکۆشان و هاوخەباتییە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیا. ئەمرۆ دنیا وەکو جاران نەماوە پێکەوە گرێدراوە بە ئەنواعی عیلاقاتی بازرگانی و سیاسی و ئابووری و عەسکەری لە یەکی نزیک کردونەتەوە، هەر دەوڵەتە لەگەڵ چەند دەوڵەتێک عیلاقەی هەیە هەر دنیایەک کۆمەڵ و تاقمی تیایە، لەبەرئەوە ئێمەش بەتەنها ناتوانین بەتاقی تەنها خۆمان جیابکەینەوە لەو شتەی، کە لە دنیادا دەبی، دەوڵەتانی کۆنەپەرست لەپاش پەرەسەندنی خەباتی ئێمە بێگومان

لەگـەڵ دوژمنـی ئێمـە رێکدەکـەون. بـا ئێـران بـە نموونـە بێنینـەوە، ئێمـە هیچمـان دژی ئێـران نەکـردووە، ئێـران خراپـە لەگـەڵ میللەتـی کـورد دەکا، شـا شـۆڕشـی کوردسـتانی فرۆشـت، بـە ئاشـکرا شـا لـە گفتوگۆیەکدا، لەگـەڵ رۆژنامەنوسـی عـەرەب مامۆسـتا حسـین هەیکـەل دا (ڕەنگـە هەندێکتـان ئـەم گفتوگۆیەتـان دیبێت) لەوێدا بەئاشـکرا دەڵێت؛ کـە شـۆڕشـێکی کـورد هەبـوو، مەسـلەحەتم ئەوەبـوو کـە بەکاریبێنـم و بـەکارم هێنـا هەتـا حکومەتـی عێراقـم ناچارکـرد ئـەوەی مـن دەویسـت بمداتـێ، کـە دایمـێ بەڕەڵـڵام کـرد و نەمویسـت، هەروەهـا دەڵـێ؛ لـەوە سـەراحەتترت دەوێـت قسـەت بـۆ بکـەم هەیکەلیـش لەوەڵامـدا دەڵـێ نـەوەڵا ماڵـت ئـاوا بـێ، لـەوە سـەراحەت تـر قسـە دەگوتـرێ هەتـا بیکەیـت!؟ ئەمـە لەجیاتـی ئـەوەی شـا ئـەو هەمـوو خراپـە و ناپیاوییـە و نامەردییـەی لەگـەڵ خەڵکـی کوردسـتاندا کـرد، ئێسـتا هێشـتا ئێمـە قەرزاریـن، ئـەوان هێشـتا تـازە زابـت و ئەفسـەریان ناردووە بـۆ رانیـە و بـۆ هەنـدێ شـوێنی تـر بـۆ هاوکاریکـردن لەگـەڵ لەشـکری عیـراق و مەعلومـات دەدەن بـە لەشـکری عێـراق بـۆ بەربەرەکانـی ئێمـە.

تـا شـۆڕشـەکەمان زیاتـر پەرەبسـتێنێ دوژمنایەتـی ئـەو دەوڵەتـە کۆنەپەرسـتانە دژی ئێمـە زیاتـر دەبـێ، تـا ئـەو دوژمنایەتییـە زیاتـر بـوو، زووتـر کار و رەفتـار دەکـەن دژی شـۆڕشـی ئێمـە، لەبەرئـەوە ئێمـە دەبـێ لـە ئێسـتاوە خۆمـان بـۆ ئـەو دوژمنایەتییـە ئامـادە بکەیـن، خـۆ ئامادەکردنـی ئێسـتا ئـەوە نییـە وەکـو وتـم واز لـە خەباتـی یەکسـەری راسـتەوخۆمان بێنیـن دژی حکومەتـی عیـراق و رووی تفەنگمـان بکەینـە ئێـران و تورکیـا، ئـەوە ئیشـی ئێمـە نییـە، ئـەوە ئیـش و خەباتـی میللەتانـی ئێران و تورکیایـە، بـەڵام ئـەوە مانـای ئەوەیـە ئاگاداربیـن لـە دوا رۆژ چیمـان لـێ دەکـرێ و پێویسـتە هـەر لـە ئێسـتاوە وردە وردە بەپێـی توانـا تەدابیـری خۆمـان وەربگریـن بـۆ ئـەو رۆژەی، کـە ئەوەمـان لـێ دەقەومـێ.

هاوخەباتـی لەگـەڵ هێـزە پێشـکەوتووەکانی گەلانـی عـەرەب و تـورک و

ئازەر و فارس، میللەتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر زۆر پێویستە بۆ ئێمە، بۆئەوەی بتوانین لەوەختی پێویستدا و هەر لە ئێستاوە لە تاقیکردنەوەی خەباتی یەکتری کەڵک وەربگرین و لەوەختی پێویستدا خەباتمان بەجۆرێک یەکخەین، کە بتوانین بەرامبەر بە دوژمنی هەموو لایەکمان بەیەکەوە لەیەک ڕیزدا بوەستین.

ئەگەر ئەو مەرجانەمان هێنایەدی ئەوە شۆڕشەکەمان سەردەکەوێ، ئەگەر نەشمان هێنایەدی ئەوە زۆر زۆر زەحمەتە بتوانین بە ئامانجێکی باش بگەین وە خەباتەکەمان بەری ببێت، وە خوێنی شەهیدانمان بەفیرۆ نەڕوا، لەبەرئەوە دیسان ئەو هەموو شتانە بەم وشەیە کورت دەکەمەوە، ئەویش ئەوەیە؛ ئەگەر خەتێکی سیاسی راستمان بوو سەردەکەوین خۆ ئەگەر خەتێکی سیاسی راستمان نەبوو چەند زۆر بین و چەند چەکمان زۆربێ و توانای تۆپ و تفاق و شتمان چەند زۆربێ سەرناکەوین و دەدۆڕێین. ئێمە لەو خەباتەدا، کە ئێستا دەیکەین بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو لایەنگیر و پشتیوانییەی پێویستە لەمیللەتانی دنیا دەستمان نەکەوتووە و لێمان نەکراوە، دەنگی شۆڕشی ئێمە نەگەیشتوتە دنیا. خۆتان دەزانن بۆمبایەک دەتەقێ لەپەنایەک نەفەرێک دەگیرێ لە وڵاتێک، یان لە شارێک چوار کەس دەکوژرێ هەموو رادیۆکانی دنیا باسی دەکەن، کەچی رۆژ نییە لە کوردستانی ئێمەدا (٥-٦) فڕۆکەی عێراقی هجوم نەهێنێ و شەڕ نەکرێ، صەدان کەس لە دوژمن نەکوژرێ، دەیانیش لە ئێمە شەهید نەکرێ، کەچی هەر باسی نییە، هەڵبەتە ئەوە هۆی هەیە خەتای خۆمانی تێدایە بە دەرەجەی یەکەم، چونکە لە رابردوودا ئێمە دۆستمان لە خۆمان کردەوە. سەرکردایەتی پێشوومان پشتی لە دۆستکرد و لەگەڵ دوژمن دەستی تێکەڵاوکرد، کە دوژمنیش دەستی لێبەردان دۆستەکانمان نەک هەر بەفریامان نەکەوتن بەڵکو بەلاشماندا نەهاتن، ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بەوە هەیە جارێکی دیکە رووی ڕاستی

شۆڕشـە تازەکەمـان بـە دنیا بناسـێنینەوە، عەدالەتـی مەسـەلەی کـورد و مەسـەلەی میللەتـی دابەشـکراوی کـورد بـۆ دنیـا روون بکەینـەوە، وردە وردە ئـەم مەسـەلەیە وا لـێ بکەیـن خەڵـک تێبگات، یەکێـک لـە چاکتریـن هۆیەکانی ناساندنی مەسەلەی کورد و عەدالەتی مەسەلەی کورد راستی و رەوانـی خەباتی خەڵکی کوردستان بەدنیا هاوخەباتیمانە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی عـەرەب. ئەگـەر لەگـەڵ هێـزە پێشکەوتووەکانی عـەرەب وەکـو ئێسـتا پێکهاتویـن پێکهاتیەکەمـان پەرەیسـەند و پێشـکەوت و هێـزە پێشـکەوتووەکانی عەرەبیـش شـان بەشـانی ئێمـە خەباتیـان کـرد ئەوسـا ئـەو پڕوپاگەندەیـەی دوژمـن لێمـان دەکا و دژمـان دەکا هـەر لـە خۆیـەوە پوچـەڵ دەبێ و بـەدرۆ دەکەوێتـەوە، مەسـەلەن ئـەو بوختـان و توهمەیـەی دژمـان دەڵێـن، کـە ئێمـە دەمانـەوێ عێـراق دابـەش بکەیـن و جیاببینـەوە و زەرەر لـە عـەرەب بدەین بـەدرۆ دەکەوێتـەوە، ئـەوا ئێمـە لەگـەڵ هێـزە پێشـکەوتووەکانی عـەرەب خەبـات دەکەیـن بـۆ یەکیەتییەکـی راسـتەقینەی عێـراق و بۆئـەوەی کـەوا حکومەتێکـی دیموکراتـی بـێ بـۆ عێـراق ئـەو قسـەیە هـەر خـۆی لـە خۆیدا بـەدرۆ دەکەوێتـەوە، ئەگـەر ئێمـە لەگـەڵ هێزە پێشـکەوتووەکانی عـەرەب هـاوکاری و هاوخەباتیمـان بـۆ مەسـەلەی ئـەو توهمـە و بوختانانـەی بۆمـان دێنن، کـە گوایـە ئێمـە ئیسـرائیلی دووەمینـن، لەلایەکـی تـرەوە بەگـژ عەرەبـدا دەچیـن دەردەکـەوێ، کـە درۆیـە ئەوسـا بەکردەوە دەتوانین بەخەڵکی بسـەلمێنین کـە ئێمـە فەلەسـتینی دووەمینـن، ئیسـرائیلی دووەم، چونکـە ئـەوەی سـەهیۆنییەکان لـە فەلەسـتین بەعەرەبـی دەکـەن هەمـان شـتە، کـە رژێمـی فاشسـتی عێراق بـە کوردی دەکـەن، خەڵک راگواسـتن لـە شـوێنی خـۆی ئـەو شـتەیە کـەوا سـەهیونییەکان بەعەرەبـی دەکـەن رایـان دەگـوازن لەجێگای خۆیـان، عەینـی شـتە ئـەوا ئێمـەش رادەگـوازن لـە وڵاتـەکان و شـارەکانی خۆمـان، ئـەوان دەیکـەن بەهـی جـوو، ئەمانیـش دەیکـەن بەهـی عـەرەب، ئـەوان مەسـەلەن ( حـدودی ئامینـەی)

پێ دەڵێن یانی حدودێکی ئەمین ئەوە عەینی شت (بیگن) داوای دەکا و دەڵێ بەدرێژایی رووباری ئوردن پێویستە ئێمە موستەعمەراتی جوولەکە بچێنین تا سنوری خۆمان بپارێزین، ئەوا (صدام)یش عەینی شت داوا دەکا و دەڵێ بە درێژایی سنوری تورکیا-عێراق، ئێران-عێراق. کورد بۆماوەی (٢٠کم) هەڵکەنین و رایگوێزین، لەوێ موستەعمەرەی عەرەبی لێدانێین تا پارچەکانی کوردستان لەیەک دابڕین، بە بیانووی ئەوەی تەسەلل نەبێ بۆ عێراق و بە ئاشکرا ئەوە دەنووسن و دەیڵێن. ناو گۆڕینی دێهاتەکان لە فەلەستینی یەکەم. کە فەلەستینی عەرەبە، وەلە فەلەستینی دووەم کە کوردستانی ئێمەیە دەکرێ، ئەم راستیە ئێمە ئەگەر بۆ میللەتی عەرەب و بۆ میللەتانی دنیای روون بکەینەوە لەجیاتی ئەوەی درۆ و پڕوپاگەندەی دوژمن سەربگرێ و هەڵیانبخەڵەتێنێ ئەو وەختە راستی و ڕەوانی مەسەلەی ئێمە دەردەکەوێت و خەڵک پشتیوانی لە ئێمە دەکا لەدژی حکومەت، ئێستا ئەو مەسەلەیە هەتا دێ وردە وردە باشتر دەڕوا لە پێناوی مەسەلەحەتی ئێمەدا بەتایبەتی، کەوا شۆڕشی ئێمە و هێزی پێشکەوتووی عەرەبیش دەیەوێ تیدا بەشداربێت، شۆڕشی تازەی ئێمە تا دێ رۆژ بەرۆژ رووی گەشی زیاتر بۆ دنیا روون دەبێتەوە، بەتایبەتی ئێمە هەوڵ دەدەین، کە هەندێ کەموکورتی لەخۆماندا هەیە لای بەین وەکو ئەوەی درەنگ دەنگوباسمان دەگاتە دەرەوە، ئەگەر دەنگوباسی شەڕەکانمان زوو نەگات بەدەرەوە بڵاوناکرێتەوە، ئێستا ئێمە لە دەرەوە بە پێنج زمان شت بڵاودەکەینەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەعەرەبی، لە ئەمریکا بە ئینگلیزی لە فەڕەنسا بە فەڕەنسی، لە ئەڵمانیا بە ئەڵمانی بڵاودەکەینەوە. ئەو دەنگوباسەی، کە ئەبیستریێ لەمەودوا ئەگەر زۆر زوو بتوانین ئیخبارەکانمان بگەیەنین بەو وڵاتانە و بەو شوێنانە ئەو دەنگوباسانەی ئێمە بڵاودەبێتەوە، ئەو وەختە هەرچی شتێکمان هەیە بەدنیا رادەگا و دنیای پێشکەوتوو رای دەگۆڕێ لەسەر ئێمە. ئێستا

ئێمە وەنەبی بێ کەس بین وەنەبێ بێ پشت و پەنابین، بەڵام دیسان وەکو پێویستە ئەو دۆستو پشتانەی خۆمان هێشتا نەدۆزیوەتەوە کۆمان نەکردونەتەوە ئەوە لەسەر ئێمەیە، ئینسان هەتا سەری خۆی نەخورێنێ خورشتی ناشکێ. مەسەلەی کوردی خۆمان هەیە دەڵێ هەتا منداڵ نەگرێی شیری پێنادرێ. لەبەرئەوە ئێمەش دەبێ خۆمان بچین یەخەی دنیای پێشکەوتوو بگرین. بچینە لای میللەتان، بچینە لای هێزە پێشکەوتووەکانی دنیا عەدالەت و راستی مەسەلەی کوردیان بۆ روون بکەینەوە و خەڵک تێبگەیەنین کەچی هەیە لە وڵاتی ئێمە و چی لەکایەدایە تا خەڵک ببێ بە دۆست و پشتیوانمان، بەتایبەتی ئەمجارە شۆڕشی تازەی ئێمە بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە شێوەیەکی پێشکەوتووانەی بەخۆیەوە گرتووە دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنزم، دژی کۆنەپەرستی ناوەخۆ و دەرەوەیە، دژی حوکمی دیکتاتۆری و فاشییە.

ئەم شۆڕشە چەسپا کارێکی گەورە دەکاتە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ئێمە لە ناوچەیەکی زۆر زۆر گرنگدایین ئەم لایەمان کوردستانی تورکیایە و ئەو لایەمان کوردستانی ئێرانە هەردوکیان کارێکی گەورە دەکەنە سەر تورکیا و ئێرانیش، وە لە عیراق گەلی عەرەبیش گرێدراوی مەنتیقەی عەرەبییە، کارێکی زۆر موهیم دەکاتە سەر مەنتیقەی عەرەبی، لەبەرئەوە جێگیروبوون و چەسپاندنی شۆڕشی ئێمە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنێتە هەژان. هێنانە هەژانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هیچ دەسکەوتێکی بۆ ئەو هێزە کۆنەپەرست و موحافیزکارانەی تێدانیە، کە دەیانەوێ هەموو شت وەکو خۆی بمێنێو کەس قیرە قیڕ نەکا و هەر کەسە لە شوێنی خۆی دانیشی، لەبەرئەوە بێگومان کارەکەمان سەخت و زەحمەت دەبێ، بەڵام بەڕاستی سەرووەری و شەڕەفێکی گەورە چاوەڕانمان دەکا.

ئێمە تا ئێستا شۆڕشەکەمان بە پشتیوانی خۆی و میللەتی خۆیەتی،

ئەو برا پێشمەرگە قارەمانانەی، کە شەڕیان کردووە بە چەک و نانی خۆیان و بە پشت بەستن بەخۆیان ئیشەکەیان درێژە پێداوە، بەڕاستی ئەمەش سەرەتایەکی زۆر زۆر باشە و نیشانەیەکی زۆر دڵخۆشکەرە، نیشانەی ئەوەیە، کە میللەتی ئێمە دەتوانێ دیفاع لە حەقی خۆی بکات و راپەڕێ لەپێناوی ئامانجی خۆیدا، هەڵبەتە ئەمە مانای ئەوە نییە کاربەدەستانی ئەم شۆڕشە کەمتەرخەمی بکەن لەپەیداکردنی سەرچاوە و پێداویستیەکانی شۆڕش لە جۆری جیا جیای چەک و فیشەک و پارە، بگرە بە پێچەوانەوە ئەوە واجبیانە زۆر چاک هەوڵ بدەن و بەپەلە هەوڵ بدەن  بۆ ئەوەی بەزوترین کات ئەو شتانە پەیدا بکەن و بگاتەوە وڵات و بڵاوی بکەنەوە بەسەر برادەراندا، بەڵام ئەو بناغەیەی، کە دادەڕێژرێ تا تەئسیری  هەیە لەسەر ئەو کۆشک و باڵەخانەیەی، کە لەسەری دروست دەکرێ، بناغەی ئێمە بناغەیەکی زۆر چاکە و دەبی لە شۆڕشدا هەمیشە ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، کە هەموو رێگرتنەبەرێک لە ژیاندا هەوراز و نشێوی تێدایە، خۆشیو ناخۆشی تێدایە، لە شۆڕشدا هەیە ئەوەڵجار زۆر دەبێ دوایی کەم دەبێتەوە، دوایی هەڵدەستێتەوە، دوایی نوێ دەبێتەوە، لەبەرئەوە شتێکی  تەبیعییە و زۆر ئاساییە، کە دەبینین هەندێجار خەڵک  هەیە ماندوودەبێ و رادەکاتەوە لای حکومەت، هی دیکە هەیە لای حکومەتەوە ڕادەکاتەوە ناو شۆڕش، هی دیکە هەیە دەوەستێ و پاشان دەست پێ دەکاتەوە و گەرم دەبێ و دێتە مەیدانەوە ئەمە تەبیعەتی ژیانە، ئەوە شتێکە لەهەموو دونیا روویداوە لە وڵاتی ئێمەش روویداوە و هەر رووش دەدا.

مەسەلەن تۆ لێرەولەوێ بڕۆی بۆ ڕێیەک لەو ڕێیەدا هەوراز و نشێوی تێدایە، خۆشی و ناخۆشی تێدایە ئەو ڕێی خەباتەش، ڕێی ژیانەش، هەمان شتە، کە لەپێشمانە، لەبەرئەوە پێویستە بەو شتانە مشەوەش نەبین و خۆمان تەنگاو نەکەین بەوە، کە دەبینین هەندێ لەو

برادەرانـەی لەگەڵمانـن ماندوو دەبن و هەندێک لـەو برایانـە دەچنـەوە نـاو حکومـەت، هەندێـک لەوانـە مومکینـە خیانەتیشـمان لێبکـەن ئـەوە شـتێکی تەبیعییـە روویـداوە و رووش ئـەدا، ئێسـتا تـا سـاڵێکی کـەش ئـەوە هـەر رووئـەدا، لەژیانـدا قانونێک هەیە ئەو قانونـە شتێکی زۆر سـادە و بەسیتە بەخـواردن میسـالتان بـۆ دێنمـەوە، لـە هەمـوو بزوتنەوەیـەک و حزبێک و تاقمێـک و شۆڕشـیکدا رووئـەدا ئـەوەش، مەسـەلەی خواردنـە، قانونەکـە بەمەسـەلەی خـواردن بۆتـان دێنمـەوە، بڵێیـن ئینسـان برنـج و گۆشـت بخـوا، برنـج و گۆشـت شـتێکی خاوێنـە، برنجەکـەش خاوێنـە و گۆشـتەکەش خاوێنـە خـۆت لێت نـاوە و خـواردت، کـە دەچێتـە نـاو سـکتەوە دەبێ بـە دوو بـەش، پـاش ئـەوەی هـەزم دەبێ بەشـێکی دەبێ بـە ئێسـقان و گۆشـت و خوێـن لـە لەشـدا، بەشـێکی دیکـەی دەبـێ بـە پیسـایی و دەردەچـێ، هەمـوو ئـەو قانونـە لەبەرچاوتـان بێ لەهەمـوو کارێـک، لـە شۆڕشـدا وایـە کۆمەڵێک کۆدەبێتـەوە ئـەو کۆمەڵـە هەندێکـی پیـاوی قارەمـان و تێکۆشـەر و نەبـەز لێدەردەچـێ و هەتـا سـەر دەڕوا هەندێکیشـی خائیـن دەردەچـێ، هەندێکیشـی ماندوو دەبێ و لەپەل دەکەوێ، وەکو پەلکی باینجانێـک، کـە پاک دەکرێ و پەلکەکەی لـەوێ دەکەوێ و ناوەڕۆکەکەی دەخورێ، ئـەوە تەبیعەتـی ژیانـە، ئـەوە قانونـی ژیانـە، ئـەو قانونـە لەهەمـوو شـتێکدا خـۆی دەنوێنـێ و بەسـەر هەمـوو شـتێکدا تەتبیق دەبێ، لەبەرئـەوە هیـچ خۆمـان سـەغلەت نەکەیـن بـەوەی، کـە چەنـد برادەرێکمـان چۆتـەوە لای حکومـەت و هەندێکیـان رادەکـەن و هەندێکیـان مانـدوو دەبـن وا رووی داوە و واش رووئـەدا، هـی دیکـەش دێتـەوە لامـان، هـی کـەش رادەکا، موهیـم ئەوەیـە وەکو وتمـان بـاوەڕی نەگۆڕمـان بەهێـز و توانـای خۆمـان و بەسـەرکەوتنی خۆمـان هەبێت و رێگای راسـت ون نەکەیـن، رێگای خەباتـی شۆڕشـگێرانە ون نەکەیـن، کـە رێـگای سـەرکەوتنە.

ئەگـەر هاتـوو رێبازێکـی راسـتمان گـرت، رێـگای خەباتی شۆڕشـگێڕانەی

پشت ئەستوور بە جەماوەری گەلەکەمان، ڕێگای خەباتی یەکگرتوو لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی عێراق لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیا، بێگومان دەگەینە ئامانجمان، بێگومان سەردەکەوین، سەرکەوتنەکەمان بێگومان قازانجێکی زۆری میللەتەکەمانی تێدادەبێ و تۆڵەی ئەو هەموو فیداکاری و زەحمەت و ناخۆشییە دەداتەوە، کە برا پێشمەرگەکانمان و شەهیدە قارەمانەکانمان و میللەتەکەمان لەم ڕێگایەدا دەیدەن. جا ئێمە پێویستە لەسەرمان هەروەکو خەبات دەکەین بۆ چەک زیادکردن و بۆ سیلاح پەیداکردن و بۆ پەیداکردنی چەکی دژی تەیارە و هەلیکۆپتەر و دەبابە و شتی تر، لەهەمان کاتدا خەبات بکەین بۆ چەکێکی تر، کە لە دڵدایە، چەکی بیروباوەڕ، چەکی زانینی ڕێگای خەبات، چەکی تێگەیشتنی ئامانجەکانمان، چەکی ناسینی دۆست و دوژمنانمان، چەکی وشیاری سیاسی. ئەم چەکە لەو چەکە زۆر موهیمترە، ئەم چەکە ئەگەر نەبوو، ئەو چەکە دادمان نادات، ئەگەر ئەم چەکەمان بوو، چەکی وشیاری سیاسی، ئەوە چەکی دیکە پەیدا دەکەین ئەو چەکە بە ئاسانی دەست دەکەوێ، ئەوە لەهەموو دنیادا ساخبۆتەوە، کە وشیاری و خەباتی ڕاستەقینە و شۆڕشگێرانە مەرجی سەرەکی سەرکەوتنە، چەک ناتوانێ مەرجی سەرەکی سەرکەوتن بێ جارەکەی تر لە شۆڕشەکەی ترمان، کە ژێر کەوت لەسەد هەزار چەک و عەمباری چەک و پارەی زیاتر هەبوو، لە سەد هەزار چەکداری زیاتر هەبوو بە ملیۆن فیشەک دانرابوو، هەموو جۆرە چەکێکمان هەبوو، کەچی سەرنەکەوتین، نەک هەر سەرنەکەوتین، بەڵکو بەیەک ئیتفاقی سیاسی لە (١١) ڕۆژدا وا تواینەوە، کە بەفری بەهار وا بە ئاسانی ناتوێتەوە، سەبەبی ئەوە چییە؟ سەبەب ئەوە نییە، کە پێشمەرگەکانمان ئازانەبوون، ئەوە نییە، کە چەک و پارەی باشمان نەبوو، سەبەب ئەوە بوو، کە خەتی سیاسی، ڕێبازی سیاسی ڕاستمان نەبوو، دۆست و دوژمنی خۆمان نەناسی

بوو، پشتمان بەدوژمن بەستبوو، ڕوومان لەدوژمن کردبوو، دەستمان لەناو دەستی دوژمن بوو، پشتمان کردبووە دۆستەکانمان و خۆمان لێ دوورخستبونەوە).

گوتارەکە لێرەدا تەواو بوو.

بەڕای من ئەگەر گوتارەکە کۆتایشیی نەهاتبێت، بەڵام زۆری نەماوە، وەک کۆمیتەی ئەورووپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاماژەیان پێداوە، ئاووهەوا و جۆری تۆمارکردنەکەی یارمەتیدەر نەبوون، بۆ باش تێکەیشتن لە تۆمارەکەدا. بەهەرحاڵ، ئەمە یەکەمین گوتاردانی مام جەلال بوو، دوای گەڕانەوەی بۆ باشووری کوردستان لە مانگی تەمووزی ١٩٧٧. ئەم کۆبوونەوەیە کەمتر لە مانگێک بووە دوای ئەو گەڕانەوەیە. لە گوتاردانەکەیدا زۆر باس لە پشتیوانی ناوخۆ و ناسینی دۆست و دوژمن دەکاتەوە، هەروەها ئاماژەش بە چەکی بیروباوەڕ و هۆشیاری دەکات لەتەک چەکی هەقیقیدا.

ممتاز حەیدەری خودان و سەرنووسەری گۆڤاری k21، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم گوتارە لە گۆڤارەکەیدا، ئەم چەند دێڕەی نووسیوە، ئەو گوتارەکەی ناولێناوە مانفێستی شۆڕشی نوێ، بۆ مێژوو پێمباش بوو نووسینەکەی کاک ممتاز دەقاودەق لێرەدا دابنێم، ئەگەرچی کورتە، بەڵام بۆچوونێکی وردە بۆ گوتارەکە، ئەو دەنووسێت: «ئەم وتارەی جەنابی مام جەلال، لەبەرئەوەی لە هەلومەرجێکی زێدە دژوار و ناسک و ئاڵۆز و لەناوجەرگەی کوردستان و لە ڕەوشێکی زێدە نالەباری دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بەتایبەتی پاش شکستی شۆڕشی ئەیلوول، لەوەش ڕۆشنتر زێدە، وێرانکردنی ناوچەکانی شۆڕش. لە کۆبوونەوەیەکی پێشمەرگەییدا، گرنگییەکی تایبەتی سیاسیی – مێژوویی – پێشمەرگەیی خۆی هەیە. بگرە ئەم وتارە ناوەرۆک هەمەلایەنی شۆڕشگێڕی بە

مانیفێستی سـەرهەڵدانەوەی شۆڕشـی کوردسـتان دەژمێـردرێ. دیـارە وەکـو دیکۆمێنتێکـی گـەورەو سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکـراو لـە مەیدانـی لێکۆڵینـەوەی سیاسـیی – نەتەوەیـی لەبەرچـاو دەگیـرێ. هەروەهـا دەبـێ سوپاسـێکی گـەرم لـە مامۆسـتا نـەوزاد عەلـی بکـەم، کـە ئـەم وتـارە مێژووییـەی لێـرەدا بـڵاو کردۆتـەوە.

# بابەتی پێنجەم

## مام جەلال، لە کوێ و چۆن بوو
## بە سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟!

بەهەر جۆرێک لێکبدرێتەوە، دۆخەکە هەستیار و ئاڵۆز بوو، هەموویان بەدوای سەرێک و کەسێک دەگەران کۆیان بکاتەوە. شەهید ڕێباز دەڵێت؛ تا مام جەلال نەگەیشتبوو، لە جەولەکاندا زۆر خەڵک ئەم دوو پرسیارەیان دەکرد، ئێوە کێن و سەریی سەرەکیتان کێیە، بۆ پرسیاری یەکەم وەڵاممان هەبوو، بەڵام بۆ دووەم نەخێر، کە مام جەلال گەیشت وەڵامی ئەم پرسیارەشمان دەدایەوە. «هاتنەوەی هەڤاڵان و مام جەلال بۆ وەڵات و هێنانی سەدان پارچە چەک کاریگەری باشی کردە سەر بۆ پێشەوە چوونی شۆڕش، ئومێد و ئاواتی خەڵک زۆرتر بوو بە شۆڕش، سەدان تێکۆشەر پەیوەندیان بە شۆڕش کرد ئەوجا وەڵام زۆر بوو لەلامان» (ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، یاداشتی پێشمەرگایەتی، بەشی یەکەم ١٩٧٦-١٩٨٠، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٣، ل١٠٩).

هەر دەرهەق بە هاتنەوەی مام جەلال بۆ باشووری کوردستان و بەشداریکردن لە شۆڕشدا، مەلا بەختیار دەنووسێت: «شەوی ٧/٢٠ گەیشتینە ماسیرۆ مام جەلال گەیشت، مام جەلال، ڕەسوڵ مامەندی ناسییەوە و ڕێزی گرت، یەکەمین پرسیاری ڕەسوڵ مامەند، کە لە مام جەلالی کرد، وتی: مام جەلال دژە ئاسمانیت نەهێناوە لەگەڵ خۆت؟ مام

وتی: کاک ڕەسوڵ لە تورکیاوە هاتووم، چۆنی بهێنم؟ ئەو ماوەیەی لە دۆڵی گۆستێ بووین دیاربوو ڕەسوڵ مامەند بیرکردنەوەی لەهەندێ بارەوە جیاواز بوو، وەکو ڕوخانی ڕژیم، دژایەتی ئێران، شۆڕشی عێراقی... هتد...» (مەلا بەختیار، ٢٠٢٠، ل١٤٢).

یەکێک لەو کادر و سەرکردانەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، کە لەوێ بووە، لە کاتی هاتنەوەی مام جەلال دا، تاهیری عەلی والی بووە، لەم سەرچاوەیەدا هاتووە: «کاک طاهر وتبووی جگە لە مام جەلال کێ هەیە و مام جەلال برا گەورە بێت، هەموویان سەیری یەکیان کردبوو لەبەر جێ بوو، چونکە کەس بەتەمای سکرتێری یەکێتی باوەڕ ناکەم هەبوبێت، مام جەلالیش وتبوی: برا گەورە هەر بە قسە نابێت دەبێت بنووسرێت، کاک تاهر وتبوی بەبێ نووسین سکرتێری یەکێتیت هەموویان ڕەئیان دابوو لەسەر ئەوەوە دەیانووت کاک تاهر تۆ نەبویتایە، کە لە خۆتەوە مام جەلالیش کردووە بە سکرتێر نەدەبوو» (محمد حاجی محمود، ١٩٩٩، ل١١٩). ئەم سەرچاوەیەش نووسیویەتی: «لەسەر پێشنیاری بزووتنەوە مام جەلال دانرا بە سکرتێری گشتی (ی. ن. ک)، کۆمەڵە و خەتی گشتی ئەو پێشنیارەیان قبوڵ کرد» (بەهرۆز گەلاڵی، ١٩٩٨، ل٣٨).

وەک دەردەکەوێت، تەواوی ئەو سەرکردە و کادرانەی، کە ساڵێک زیاتر بوو بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی شۆڕش ڕوویان لە شاخ کردبوو، چاوەڕێی هاتنەوەی مام جەلال و ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون لە دەرەوەی وڵاتدا، یاخود مەبەستیان بوو، سەبارەت بە شۆڕش و بنەماکانی دەستپێکردنەوەی ئەو شۆڕشە بۆچوونی مام جەلال وەربگرن، لەم سەرچاوەیەدا ئەمە ڕوونکراوەتەوە: «وەفد ١٩-١٩٧٧/٧/٢٠ بەسەر شاخی (دالامپۆ) سەرخراو بۆ ١٩٧٧/٧/٢٠ گەیشتە گوندی (ماسیرۆ) کە دوا گوندی

هەرێمی شـەمزینانی کوردسـتانی تورکیایـە، هـەر شـەو وەفدەکـە کەوتـە تەرتیباتـی چۆنیەتـی ڕۆیشـتن بـۆ سـوریا، بەیانەکـەی، لەکاتێکدا وەفد خۆی ئامادەکرد، لەپڕ لەپەنجـەرەوە شـەهید داود گوتـی: کاک نەوشـیروان هـات، کە سـەیرمان کرد، کاک نەوشـیروان و سـامان گەرمیانـی و شـەهید سـەید کەریـم بەڕێـوەن.... کاک نەوشـیروان گوتـی:

- دەتانەوێ بچنە سوریا

گوتمان بەڵێ

- گوتی: بۆ؟

گوتمان بۆ لای مام جەلال.

- گوتی: ئەوە مام جەلال گەیشت.

گوتمان: گەیشتە کوێ؟

- گوتی: ئا ئەوەتە لە خوار دێ بابچینە لای.

هـەر سـەد مەترێـک خواردێ، مـام جـەلال خواحافیزی لـە سـەرکرایەتی (پـاری دیموکراتـی کوردسـتانی تورکیا) دەکـرد، کـە هێنابوویـان هەتـا ئەوێ، مـام جـەلال بەپێکەنیـن و ڕێـزەوە، پێشـوازی لـێ کردیـن، کاک ڕەسـوڵیشـی مـاچ کـرد. مـن لـە ژیانمـدا یەکەمیـن جاربـوو ببینـم» (مـەلا بەختیـار، ١٩٩٨، ل٦٠ و ل٦١).

پێـش ئـەو چەنـد دێـڕە، مـەلا بەختیـار سـەبارەت بـەو وەفـدە ئەمـەی نووسـیوە: «کۆبوونەوەیـەک لـە ١٦ی تەمـوزی ١٩٧٧ لـە خـوار (کیفارینـە) کـرا و بڕیـار درا کـەوا:

- ڕەسوڵ مامەند: بە نوێنەرایەتی بزووتنەوە.

- عـادل: بـە نوێنەرایەتـی قیـادەی مۆقەتـە. (عـادل مەبەسـت لـە فازیـل جـەلال-ە... نـەوزاد).

- عەلی کۆ: ڕێ پیشاندەر و ئێران تەئمین کەر.

- داود مەحەمەد عەلی: وەکو شارەزای ڕێگای سوریا.

- مەلا بەختیار: بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە.

سەفەر بکەن و هەتا دەگەنە سوریا، نەوەستن، لەوێدا هەرچی هەیە و نییە، لەگەڵ مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، هەروا، لەگەڵ سەرکردایەتی قیادەی مۆقەتە، سەرکردایەتی (پارتی- اللجنة التحضيرية) قسە بکرێ، تەنانەت ئەگەر گونجا، کاک رەسوڵ مامەند سەفەری ئەمریکاش بکا بۆ چاوپێکەوتنی مەرحوم بارزانی» (مەلا بەختیار، ١٩٩٨، ل٦٠).

منیش وەک هەزاران حزبناس و شارەزا و بەشێک لە ژیانی حزبایەتی لە کوردستاندا، دەپرسم؛ بۆچی دەستەی یەکەمی ئەو کادر و سەرکردانەی، ک روویان لە شاخەکانی کوردستان کردبوو، دەیانوویست راوبۆچوونی سەرکردەکانی پێشووی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بە تایبەتیش مام جەلال بزانن؟ بۆچی مەبەستیان بوو لەگەڵ مام جەلال و سەرکردەکانی دیکە کۆببنەوە؟ کە مام جەلال دەگات، بۆچی کادرانی دەستەی پێشەوەی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان واز لە فکرەی چوون بۆ سوریا دەهێنن؟ مەبەستم لە بڕیاریی دەستپێکردنەوەی شۆڕش و بەردەوام بوونە لەسەر کاروانی شۆڕشی نوێدا.

لەبەشەکانی نووسینەوەی ئەم مێژووەدا باس لە سەفەری سالار عەزیز و رەسوڵ مامەند بۆ سوریا دەکەم.

بەهەرحاڵ مام جەلال لە ناوچەی برادۆست دەبێت بە سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دوای ئەوەش لە کۆبوونەوە فراوانەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتییدا بە کۆی دەنگ ئەم بڕیارە و کۆمەڵێک بڕیاری دیکە وەردەگیرێن و دەنووسرێنەوە.

## بابەتی شەشەم

# پەیامی تێپەڕبوون بەسەر یەکەمین ساڵەی خەباتی پێشمەرگایەتی

ئەیلولی تەمەن چواردە ساڵ بە شکستێکی گەورە کۆتایی دێت، کە لە ئەدەبیاتی خەباتی چەکداریدا دەچێتە چوارچێوەی هەرەس و ئاشبەتاڵ، بەڵام زۆرێک لە کادر و سەرکردە ئەیلولییەکان چۆک دانادەن و هەندێکیان وەک ئەشقیا لە شاخ دەمێننەوە و چەکەکان گەرمتر دەکەنەوە، هەر زوو مەفرەزەی بچووک بچووک لەژێر ناوی شۆڕشی نوێ، کە پێکهاتبوون لە کۆمەڵەکانی شار و بزووتنەوەکانی تازە دامەزرا، روو دەکەنە، کۆنە جێپێیەکانی ئەیلول، بەڵام بە زمان و کردار و ئەدەبیاتێکی نوێی شۆڕشگێڕیی.

سەرەتا ئەوان زۆر قەڵەباڵغ نەبوون، بەڵام، کە مام جەلال و کۆمەڵێک کادر و سەرکردە بۆ وڵات دەگەڕێنەوە، زۆربەیان روو لە ناوچەی برادۆست دەکەن. برادۆست دەکەن بە مەکۆی جۆشدان و ئومێدی سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ، لەوێ جۆرێک لە رێکخراوبوون بە ژیانی پێشمەرگایەتی درا. هەر لەوێ بناغەی خەباتی پێشمەرگانە پۆلێنکراو و هەرێمەکانی لێکەوتەوە، هەر لەوێ ئەم بەیاننامەیە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. بەیاننامەکە بەبۆنەی ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر تەمەنی جاڕدانی خەباتی پێشمەرگانە «چەکداریی» نووسراوە.

وەک نەوشیروان مستەفا لە کتێبی لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی

ناوزەنگ ئاماژەی پێداوە، ئەوان ئەو ماوەیەی لە برادۆست بوون هیچ چالاکییەکی چاپەمەنییان نەبووە، زۆربەی شتەکانیان بۆ ئۆفیسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا دەناردەوە، لەوێ چاپ و بڵاودەکرایەوە و دانەشیان بۆ برادۆست و ناوچەکانی دیکە دەناردەوە، ئەم بەیاننامەیە و بەیاننامەی یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکرایەتیش بەهەمان شێوە لە سوریا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەندەی لە زمان و چۆنییەتی تایپکردنەکەی وردبوومەوە، ئەم بەیاننامەیە، د. کەمال فوئاد دایڕشتووە و تایپی کردووە، لەکاتی تایپەکردنەکەدا پێڕەوی ڕێنووسی ئەوسای کۆڕی زانیاری کورد-ی کردووە. ئەم بەیاننامەیە دەچێتە چوارچێوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە ئەوکاتە زۆربەیان لە برادۆست بوون، هەربۆیە خستمە دووتوێی ئەم مێژووە.

ئەم بەیاننامەیە دڵنیایی بە جەماوەری عێراق و کوردستان دەدات، کە شۆڕشی ئەمجارە بە سەرکەوتن دەگات، هەروەها ئاماژە بە سیاسەتی زەبروزەنگی شۆڤێنیستی بەغدا دراوە. بەیاننامەکە مانگی ئابی ١٩٧٧ بە ئیمزای کۆمیتەی سەرکردایەتی- وڵات بڵاوکراوەتەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی:

(شۆڕشی کوردستان سەرکەوتووانە

سالێک لە تەمەنی تەواو ئەکات

گەلی عیراقی تێکۆشەر

گەلی کوردستانی نەبەز

ڕێژیمی شۆڤێنی بەغدا، پاش ئاشبەتاڵەکەی ئازاری ١٩٧٥ وایزانی، کە ئیتر گەلەکەمان هەرچی وزە و گوڕی شۆڕشگێڕانە هەیە لە دەستی داوە و توانای دیفاع لە خۆکردنی نەماوە. بۆیە بەوپەڕی لە خۆبایی بوون و دڕندەییەوە بە پەلە کەوتە جێ بە جێ کردنی نەخشەی شۆڤێنیانەی

خۆی بۆ لەباربردنی گەلەکەمان. بەڵام جەماوەری کوردستان سەرەڕای ئەو کارەساتە گەورەیەی دوچاری کرا و لەگەڵ ئەو هەموو زەبر و زەنگەی ڕێژیمی فاشیستی بەغدا بۆ توانەوەی نەتەوەکەمان، ئەمجارەش بەتاوتر و چالاکانەتر ڕاپەڕی و شۆڕشێکی نوێی بەرپاکرد بۆ پاراستنی بونی نەتەوایەتی خۆی و بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی. لەماوەی ساڵێکدا، کە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان بە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی پێکردووە سەرەڕای کورتیی ماوە و زەبر و زەنگی دوشمن شۆڕشەکەمان گەلێک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و گەلێک تاقیکردنەوەی نوێ و بە نرخی خستۆتە دەست گەلەکەمان. ڕێژیمی دیکتاتۆری و شۆڤێنیستی بەغدا بەرپابوونی شۆڕش بەجارێ سەرسام بوون، چونکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەو گۆڕانە کوتوپڕەی نەئەکرد، کە لە مەیدانی خەباتی گەلی کوردستان و هەموو گەلی عیراق ڕوویدا. بەرامبەر ئەم ڕاستییە کاربەدەستە شۆڤێنیستەکانی بەغدا تووشی هستریا بوون و کەوتنە بەکارهێنانی ناڕەواترین و ناشیرینترین و خراپترین شێوەی تیرۆر بۆ گرتن و کوشتن و ئازاردانی هاونیشتمانانی تێکۆشەر تەنانەت زۆر کەسانی بێ ئاگا و بێ لایەنیشیان گرت و تووشی ئازار و سزا و چەرمەسەریان کردن. هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنی خەباتی چەکدار بۆ ترساندنی ڕۆڵەکانی گەل، گەلێک حوکمی قورس و ناڕەوایاندا بەسەر تێکۆشەرانی گەلەکەماندا.

ئەوە بوو لە ١٩٧٦/١١/٢١ تێکۆشەران (شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر) یان لە سێدارەدا پاش ئەوەش دەستیان کرد بە گرتن و دوورخستنەوەی تێکڕا کەس و کاری ئەو کەسانەی گومانی ئەوەیان لێ ئەکرا، کە چووینە ناو هێزی پێشمەرگەوە لە پیر و ئافرەت و منداڵی ساوا، کە هەموویان بە دیل گیران و ڕەوانەی بەندیخانەکانی خوارووی عیراق کران و بە هەزاران خێزانی جوتیار و کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

گواستـرانەوە بـۆ خـوارووی عیـراق بەسەدانیشـیان لـە بەندیخانـەکان توندکران. جگـە لـە سـەدان رۆڵـەی کـورد، کـە لـە ژێـر ئـازار و ئەشـکەنجەدا شـەهید بـوون، یـان کـراون بـە سـێدارەدا ئەمـە سـەرەڕای ئـەو هەمـوو پلانـە فرِوفێڵانەییانـەی بەکاریهێنا بـۆ کرِینـی پێشـمەرگە و تێکدانـی ریزیـان، لەگـەڵ ئەمانەشـدا و لەگـەڵ ئـەو هەمـوو هێرشـە درِندانەیـەی کاربەدەسـتان کردیانـە سـەر هێزەکانـی پێشـمەرگە بـێ ئـەوەی هیـچ جـۆرە سـەرکەوتنێک بەدەست بهێنـن، نەکوشـتن و برِیـن نـە لەسـێدارەدان و هێرشـە درِندانەکانـی کاربەدەسـتە فاشیسـتەکانی بەغـدا نەیـان توانـی گیانـی شـۆرِشـگێرِی ی گەلەکەمـان سـاردبکەنەوە، بەڵکـو بەپێچەوانـەی ئەمـە ئاگـری شـۆرِشـی زیاتـر خـۆش کـرد. کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان رۆژ بـە رۆژ زیاتـر لـە دەوری شـۆرِش کۆئەبنـەوە و گیانـی بەربەرەکانـی یـان بەرامبـەر بـە هێرشـی دوشـمن بەهێزتـر ئەبێـت.

ئەمرِۆ دوشـمن زیاتـر لـە شـەش فیرقـە و سـەرباز و بەهـەزاران پۆلیـس و پارێـزگای سـنوور و سـەدان هێلیکۆپتـەر و فرِۆکـە و تانـک و زرێ پۆشـی خسـتۆتە کارەوە و کەوتۆتـە پەلاماردانـی سەرانسـەری کوردسـتان لـە هەمـوو لایەکـەوە دەسـتی کـردووە بـە گرتـن و کوشـتن و وێـران کـردن و سـووتاندن لەگـەڵ ئەمەشـدا تـا ئێسـتا نەیتوانیـوە هیـچ جـۆرە سـەرکەوتنێک بەدەسـت بهێنـێ. هێزەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان سـوورن لەسـەر هێنانەدیی ئامانجەکانـی گـەل و دلێرانـە ئەجەنگێـن دژی هێزەکانـی دوشـمن.

خەباتکەرانی عیراق

تێکۆشەرانی کوردستان

ڕێبازی راستی شۆڕشی کوردستان جارێکی تر ئەو راستییەی سەلماندەوە، کە ئەگەر گەلێک بەڕێگای بیروباوەڕی زانستیی شۆڕشگێڕیی چینە رەنجکێشەکان خەبات بکات و پشت بەهێز و توانای گەلەوە ببەستێت ئەتوانێ بەربەرەکانیی دوشمن بکات و سەرکەوتن دەست بخات. شۆڕشی ئەمجارەمان، کە هەر لە سەرەتاوە رێگایەکی شۆڕشگێڕانەی زانستانەی گرتووە و سیاسەتی دوشمنایەتیی داگیرکەرانی کوردستان و کۆنەپەرستانی ناوخۆ و بێگانە و هێزە امپریالیستییەکانی کردووە بە ڕێباز و هەر بەردەوامە لەسەر ڕێبازی خۆی لەپێناوی عیراقێکی دیموکراتی و کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمیی راستەقینەدا. عیراقێکی پێشکەوتوو، کە بەتەنگ چاکەی گەلی کورد و عەرەبەوە بێت و سیاسەتێکی ئاشکرای هەبێت دژی امپریالیزم و کۆنەپەرستیی جیهانی و ناوچەکە.

سەرکەوتن بۆ شۆڕشی کوردستان و بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەموو گەلی عیراق.

مردن و سەرشۆڕی بۆ فاشیستە دیکتاتۆری و شۆڤێنیستەکانی بەغدا.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی شۆڕشی کوردستان و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلی عیراق.

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان

کۆمیتەی سەرکردایەتی- وڵات

(ئاب/ ١٩٧٧)

لەم کتێبەدا قسە و باسە گواستراوەکانی نێو سەرچاوەکان،

وەک بەڵگەنامەی مێژوویی دەقاودەق نووسراونەتەوە، بەرامبەر بەم بەیاننامەیەش هەمان هەڵسوکەوت کراوە، تەنیا لە چەند شوێنێک، کە پێڕەوی رێنووسی ئەوسای کۆڕی زانیاری کورد کراوە، بە تایبەتیش چۆنیەتی نووسینی دەنگی گڕی (ڕ)، لەگەڵ چەند سەروبۆرێکدا ئێمە ئەو تایپەمان نەبوو، بۆیە ئەو چەند دەنگەمان بە رێنووسی بەکارهاتووی ئەمڕۆ نووسییەوە، لەگەڵ لێکدانی پێشگر و پاشگرەکان. بۆ دڵنیابوونەوە سەبارەت بەم بەڵگەنامەیە و بەڵگەنامەکانی دیکە، تکایە سەیری پاشکۆی ئەم کتێبە بکەن، کە ئەم بەڵگەنامەیە و چەند بەڵگەنامەیەکی دیکەش داندراون.

# بابەتی حەوتەم

## بڕیارەکانی کۆبوونەوەی دەورەی یەکەمی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی

دوای گەیشتنەوەی مام جەلال بۆ باشووری کوردستان و پێشوازیکردنی لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری سەرکردە و کادرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و چەندان خەڵکی تێکۆشەری دیکە. هەر هەموویان ناوچەی برادۆست دەکەن بە مەکۆی خۆسازدان و رێکخستن و دابەشکردنی کاروبارەکان و شەنوکەوکردنی خەباتی چەکداریی. تەنیا مانگ و چەند رۆژێکە مام جەلال گەیشتووە بڕیار دەدرێت، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیی «کۆمەڵە و بزووتنەوە و دەستەی دامەزرێنەر» بەڕێوەبچێت، ماوەیەک چاوەڕێی ئەندامانی دیکەی دەستەی دامەزرێنەر بوون تا لە سوریا و لوبنان و ئەوروپا بگەن، بەڵام دۆخی نائەمینی رێگا و نەبوونی دەریچەیەک بۆ خۆدەربازکردن، نەگەیشتن، لە دەستەی دامەزرێنەر تەنیا مام جەلال و نەوشیروان مستەفا لەوێ بوون، زۆربەی سەرکردە و کادرە دیارەکانی بزووتنەوە و کۆمەڵەش گەیشتبوون. رۆژی ٣١/ی ئاب تا ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧ کۆبوونەوەی سەرکردەکان لە ناوچەی برادۆست دەستی پێکرد. «ناوچەی برادۆست کەوتۆتە نێوان ٣ سنور. لای سەروی هاوسنورە لەگەڵ شنۆی ئێران و لای رۆژئاوای هاوسنوری شەمزینانی تورکیایە. ناوەندی ئیداری ناوچەکە سیدەکانە،

کە سەر بە قەزای ڕەواندز و ئەویش سەر بە محافظەی هەولێر بوو».
(نەوشیروان مستەفا ئەمین، ١٩٩٧، ل١٣٧).

ئەوەی لێرەدا دەقەکەی دەنووسمەوە، ڕاپۆرتێکە سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە و نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی. ئەوەی توێژەر زۆر ماندوو ناکات، کاک عومەر شێخمووس لەسەر زۆربەی بەڵگەنامەکان سەرنجێکی نووسیوە، یاخود ناوەکانی ساغکردۆتەوە، ئەم بەڵگەنامەیە لە ئەرشیفی ئەو پارێزرابوو.

نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوانەی دەیناسن و نامە و نووسینەکانی ئەویان بینیووە، ناسینەوەی دەستخەتەکەی ئەستەم نییە، ڕەنگە من یەکێک لەو کەسانە بم هەر زوو دەستخەتەکەی بناسمەوە. لەسەر ئەم بەڵگەنامەیەش شێخمووس ناوی نەوشیروان مستەفا-ی نووسیوە، چونکە نەوشیروان مستەفا ناوی خۆی نەنووسیوە، یاخود لەو چەند دێرەی ڕاپۆرتەکە، کە دیار نییە، لە کۆتایی مۆری کردبێت، بەهەرحاڵ، ئەم ڕاپۆرتە ئەو نووسیویەتی.

بەڵگەنامەکە زانیاری زۆر گرنگی تێدایە سەبارەت بە دابەشکردنی ئیش و کارەکان و ناوهێنانی سەرکردەکانی بزووتنەوە و کۆمەڵە، هەروەها دۆخی ئەوێ ڕۆژێی کوردستان و شۆڕشیش لەبیرنەکراوە. ڕاپۆرتەکە لە شێوەی نووسراوێکی فەرمییە و ژمارە ١١ی ٩/١٣ ی پێدراوە، واتە ڕۆژێک دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە دەرچووە. پێدەچێت کۆبوونەوەکە لە گوندێک بووبێ بەناوی خوارانێ، یاخود خواران، زۆر گەڕام ناوەکەم بۆ ساغ نەکرایەوە، نەوشیروان مستەفا لە تەک ناوی خوارانێ ناوی برادۆستی نووسیوە، هەروەها پرسیارم لە چەندان کەس کرد سەبارەت بەم گوند و ناوچەیە، بەداخەوە زانیاری وردم دەستنەکەوت. کۆبوونەوەکەی ١٢ی ئەیلول تەواو بووە، ڕاپۆرتەکە ١٦ی ئەیلولی ١٩٧٧ نووسراوە. وەک دەردەکەوێت بۆ سەرکردایەتی یەکێتیی

یە لە دەرەوە، بە تایبەتیش ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر نارردراوە، تا زانیاریان سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی هەبێت.

هەوڵمدا زۆربەی ناوەکانی دووتوێی راپۆرتەکە ئاشکرا بکەم، تەنیا «بەهزاد و هێرش»م بۆ ساغ نەبووە. ئەم ناوانەم بۆ ساغکرایەوە: «پیرۆت- مام جەلال. شالاو- عەلی عەسکەری. سالار- سالار عەزیز. تایەر- تاهیری عەلی والی. ئارام- شاسوار جەلال. عومەر- عومەر دەبابە. کەریم فەیلی- عەبدولرەزاق فەیلی. سەعدی عەزیز- سەعدی گچکە. رەسول- رەسوڵ مامەند». زانیارییەکانی ئەم راپۆرتە گرنگن؛ چ بۆ ئەوانەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەنووسنەوە، چ بۆ ئەو سەرکردانەی یەکێتیی، کە تا ئێستا بەبێ بەڵگەی بەڵگەنەویست لە شێوەی بیرەوەری، یاخود وتار باس لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەن! لە راپۆرتەکەدا دوو شت زۆر سەرنجی راکێشاوم؛ یەکەم: دیارە لە سەرەتادا عومەر دەبابە و کەمال خۆشناو-یش ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بوونە. دووەم: ئارام کراوە بە بەرپرسی رێکخستن، ئەگەر پرسی پێنەکرابێت، چۆن رازی بووە! ئەگەرچی لە کۆبوونەوەکانیش بەشدار نەبووە.

لەباری زمان و رێنووسدا، وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دەستکاریم نەکردووە و نووسیومەتەوە. ئەمە دەقی راپۆرتەکەیە، کە نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی:

(خوارانێ- برادۆست ...هتد)

ژماره ١١

٩/١٣ ١٩٧٧/٩/١٦

کوردستان یان نەمان

هەڤاڵانی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هیوادارین سەرکەوتوبن لە خەباتدا لەپێناوی گەل و نیشتمانەکەماندا.

دوێنێ ئێوارە کاک بەهزاد و هەردوو برادەرەکەی لەگەڵی بون گەیشتنەوە و نامە و شتەکانی ناردبوتان وە هەروەها (٣٠) دانە مۆر گەیشتن.

رەنگە ئیستا هەڤاڵ هێرش گەیشتبێتە لاتان و بە دوور و درێژی لەسەر روداوەکانی کۆبونەوەکانی (دەورەی یەکەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی مان) ئاگاداری کردبن. پاش گەیشتنەوەی هەڤاڵ پیرۆت بە ماوەیەک هەڤاڵان شاڵاو و تایەر و سالاریش گەیشتن، لەبەرئەوەی بەشی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی لە ناوچەکەدا کۆبونەوە بڕیاردرا کۆبونەوە دەست پێ بکرێ بۆ لابەلا گرتنی ئەو گیروگرفتانەی، کە بە چارەسەرنەکراوی جێ هێڵرابون وە هەروەها بۆ لێدوان لە کاروبارەکانی شۆڕش، وا بە کورتی لە بڕیارە گرنگەکان ئاگادارتان ئەکەین:-

١- پێکهێنانی سەرکردایەتی یەکێتی، وەکو ئەزانن تا ئێستا بەڕێکوپێکی ناوەندێکی یەکگرتوو نەبوو، کە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات رابەری رێکخستن، سیاسی و عسکری و جموجۆڵەکانی ی. ن. ک بکات لەم کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا، کە لە مەولا سەرکردایەتیەکی یەکگرتو پێک بێت

بەناوی (کۆمیتەی سەرکردایەتی ی. ن. ک) بەم جۆرە:

١- ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر لە دەرەوەی وڵات، هەڤاڵان د. فوئاد، د. کمال فوئاد، د. کمال خۆشناو، عادل مراد، کەریم فەیلی و عومەر شێخموس و کاکە عومەر.

٢- شەش ئەندام، کە نوێنەرایەتی (بزووتەوەی سۆشیالیستی کوردستان) بکەن و خۆیان ئەم شەش هەڤاڵەیان ترشیح کرد بۆ ئەندامەتی لە سەرکردایەتی دا (علی عسکری، رسول مامەند، تاهیری علی والی، سەعدی عزیز، بایز عباس ئاکۆ، د. خالد سعید).

٣- شەش ئەندام، کە نوێنەرایەتی (کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان) بکەن و خۆیان ئەم شەش هەڤاڵانەیان ترشیح کرد (ئارام، سالار، بەختیار، عومەر عەبدوڵڵا، تاڵیب رۆستەم، نەوشیروان).

٤- جگە لەمانە هەڤاڵ پیرۆت وەکو نوێنەری هێڵی گشتی دیموکرات و پێشکەوتنخواز و کوردپەروەر، وە هەروەها هەڤاڵ حسین بابەشێخ وەکو یەکێک لە نوێنەرانی ئەم تیارە و خەڵکی بادینان.

٢- بڕیاردرا، کە لەمەولا مەکتەبێکی سیاسی پێک بهێنرێ وەکو سەرکردایەتی لەنێوان کۆبونەوەکاندا هەموو دەسەڵاتێکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەبێ لەم هەڤاڵانە

١- پیرۆت- سکرتێری گشتی ی. ن. ک

٢- شاڵاو- فەرماندەی هێزی پێشمەرگە

٣- ئارام- لێپرسراوی رێکخستن

٤، ٥- رسول/ سالار- لێپرسراوی سیاسی و مالی و اداری و اعلام بن ( وەکو لە راپۆرتەکەدا هاتوو هەردووکیان ئەو لێپرسراوێتیەیان هەیە، واتە رەسوڵ مامەند و سالار عەزیز... نەوزاد).

٣- وە هەروەها ئەو ناوچانەی ئێستا مەفرەزەی پێشمەرگە و چالاکی چەکداری تێدان کرانە هەشت هەرێمی پێشمەرگانە

١- هەرێمی هەولێر. ٢- هەرێمی سەفین. ٣- هەرێمی شۆڕش. ٤- هەرێمی ئازادی. ٥- هەرێمی رزگاری. ٦- هەرێمی کەرکوک. ٧- هەرێمی سلەیمانی. ٨- هەرێمی خەبات. وە بادینان هێشتا یەک هەرێمە و ناوی هەرێمی مەتینایە.

بۆ ئەم هەرێمانە فەرماندەی پێشمەرگە دانرا و هەریەکە لێپرسراوێکی سیاسی، کە لە هەمان کاتدا جێگری فەرماندەی پێشمەرگەیە و ٤ یان نوێنەری بزووتنەوە و ٤ یان نوێنەری کۆمەڵەن.

٤- بڕیاردرا کە هەوڵبدرێ ڕێکخستنی سیاسی لە هەموو شوێنەکان یەک بخرێ و لەسەر شێوەی ڕێکخستنی پارتی (لق- ناوچە- ڕێکخراو) لە شەستەکاندا ڕێک بخرێنەوە و مەسئولیان بۆ دیاری کرا لەگەڵ کارگێڕی لقەکاندا، وە پێویستە لەمەولا بەو گیانە پەروەردە بکرێن و هۆشیار بکرێنەوە وەک لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی دا نوسراون، وە هەوڵبدرێ جارێکی تر چاپ بکرێنەوە و بەسەر سەرانسەری ڕێکخستن و کۆمەڵانی خەڵکدا ببەشرێتەوە.

هەروەها پێشمەرگە ڕێک بخرێ بە گیانی یەکێتی و بکرێتە هێزێکی مۆدێرن، کە بگونجێ لەگەڵ جەنگی پارتیزانی بێ گوێدانە بیروباوەڕی سیاسی یان.

قەول وایە لە ئێستاوە دەسبکرێ بەم هەنگاوانە.

٥- وە ئەو هێڵە سیاسی و عسکرییەی، کە لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی دا بڵاوکراونەوە بە گشتی پەسندکرا و ئیشی بۆ ئەکرێ. وە هەروەها ئەو ڕێگا و شوێنانەی، کە بۆ پەیوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانی دانرابون.

٦- لە کۆبونەوەکاندا بڕیاردرا، کە هەوڵبدرێ ئەهمیەت بدرێ بە چۆنایەتی پێشمەرگە لە رووی نەبەزی، بیروباوەڕ، لیاقەتی بەدەنی وە تێگەیاندنی لە حکومەت و پیلانی دەوڵەتە دراوسێکان و ق. م و تاقمەکانی

تری، کە هەن وە هەوڵبدرێ، کە پێشمەرگەی ناوچەیی و نهێنی و گەڕۆک دروست بکرێ و لە هەر هەرێمێکدا چەند دەستەیەکی گەڕۆک و بۆ م. س یش هێزێکی گەڕۆک و هەروەها هێزێکی تایبەتی گەڕۆکی (١٥٠) کەسی پێک بهێنرێ و رێکخستنی بریتی بێ لە مەفرەزەی ١٠-١٥ لە ناوچە شاخاویەکان و ٧-١٠ لە ناوچە دەشتاییەکان وە هەرچەند مەفرەزەیەک کەرتێک پێک ئەهێنن و هەرچەند کەرتێکیش هەرێمێک. وە بڕیاردراوە، کە جگە لە یارمەتی دۆستان هەندێک سەرچاوەی پارە پەیداکردن لە ناوەوە بدۆزرێتەوە، وە بەو پێیە یارمەتی پ. م، گیراو، شەهید بدرێ و ئازوقە بۆ پێشمەرگە دابنرێ.

٧- بۆ رێکخستن و بەرید و نامە و شتی لەو بابەتەش، هەندێک بڕیاردرا لەوانە گرنگترینیانە بەندە بە هەوڵدانی ئێوەوە، کە بریتییە لە پەیداکردنی هەندێک بێ تەل بە تایبەتی بۆ پەیوەندی نێوان دەرەوە و ناوەوە و ناردنی دەنگوباس بە زوویی.

٨- بەم بۆنەیەوە ئەمانەوێ تاکیدتان بۆ بکەین لەسەر دوو نقطە، کە سەرنجی راکێشاین لە نامەکانتاندا:

آ- بە پێویستی ئەزانین بە دڵنیاییەوە ئاگادارتان بکەین، کە هێرشبردن بۆ سەر هەڤاڵی بەڕێزمان کاک عومەر ( مەبەست لە عومەر دەبابە-یە.... نەوزاد) هیچ بناغەیەکی نیە و ئێمە لەلای خۆمانەوە بە هیچ جۆرێک رێگە نادەین رێگەی نامەبدەئی بگیرێ بۆ شکاندنی هەڤاڵانی ئێمە، وە هەر کەسێ اسلوبی وەها بەکاربهێنرێ سزا ئەدرێ و مجالی نادرێ، کە بە تخریب و ئاژاوە نانەوە دائەنرێ. ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین، کە نە کەسی مەسئول و نە پێشمەرگە ئەو نەدواون. رەنگە پێشتر هەندێک پڕوپاگەندە و درۆ و دەلەسە هەبوبێ لەسەر ئەو و گەلێک هەڤاڵی قیادی ترمان، سەرچاوەی ئەم پڕوپاگەندانە بەزۆری قیادەی موەقەتە بووە، هەروەکو خۆتان ئاگادارن لە دەرەوەی وڵاتیش درێخی یان نەکردوە لەم

جۆره درۆ و دەلەسانە، ئەگینا لە ریزەکانی ئێمەدا هیچ تیارێک و تاقمێک کاری وەهای نەکردوە، وە بێگومان ئەتوانین لەباتی هەڤالانی کۆمەڵە ئاگادارتان بکەین کە هەر قسەیەکی لەم بابەتە بە زمانی ئەوانەوە بکرێ درۆی بێ بناغەیە، دوژمنانی یەکێتی مان بلاوی ئەکەنەوە بۆ تێکدانی ریزەکانی شۆڕش و رێکخستن، ئەبێ بە توندی بچین بە گژیا.

ب- دەربارەی دابەشکردنی ئیشوکار و مانەوەی هەڤالانی دەستەی دامەزرێنەر لە دەرەوە. بەو جۆرەی، کە لە دوا کۆبونەوەدا بڕیاری لەسەر دراوە و ئیشوکار لەنێوان ئەو هەڤالانەی ئەگەڕێنەوە و ئەمێننەوە دابەش کراوە، هەڤالانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە پەسندی زانیوە و دڵنیان. کە هەر هەڤالێک بە گوێرەی دەسکەوتی گەل و یەکێتی و شۆڕش لە کوێ دا لازم بێت پێویستە بمێنێتەوە، وە ئێمە بەوپەڕی تقدیر و احترامەوە سەیری رەنج و تەقەللاکانی ئێوە ئەکەین بۆ خزمەتی شۆڕش و بە هیچ جۆرێک خەباتی ئێوە لە هی خۆمان بە کەمتر نازانین، بەڵکو بە تەواوکەری یەکتری دائەنێین، بێگومان هەر کات پێویستی مان بە هەر هەڤالێک هەبێ داوای گەڕانەوەی لێ ئەکەین هەروەکو داوا لە هەڤاڵ د. کمال خۆشناو کراوە و داوا لە دکتۆر و کادرە عسکریەکان کراوە.

٩- دەربارەی ق. م بە دوور و درێژی لەسەریان دواین و هێشتا هەندێک لە برایانی ناوەوە لە سەرگروستەی پەیوەندی نێوان یەکێتی و ق. م و کردەوە خراپەکانیان بە تەواوی حاڵی نەبووبن، بە تایبەتی چونکە لە ناوچەکانی ئەواندا سیاسەتێکی مزدوجیان هەبوە و زەعیف بوون و نەیان توانیوە خراپەی زۆر بکەن. هەڤالانی ناوەوەش بە گوێرەی توانا هەوڵیان داوە بۆ ریسواکردن و دەرخستنی رووی راستەقینەیان لای کۆمەلانی خەڵک و تێگەیاندنی چەکدارەکانیان و راکێشانیان بۆ رێگەی راست. وە ئێستا ئێران دەستی کردوە بە ناردنەوەی هەندێک جەماعەتیان بەناوی ق. م ەوە بۆ تێکدانی شۆڕش، لە زۆر شوێندا بە کۆمەڵ تەسلیم

بونەتـەوە و بونەتـە جـاش و لەناوچـەی چەمـی ریـزان ٨ پێشـمەرگەیان بـە نامـەردی کوشـتین و ئینجـا چوونـە لای حکومـەت و بوونـە جـاش. سـەرکردەی پێشـمەرگەکان هەڤاڵی نەمر محمد غەفور بـوو.

بـە دوورودرێـژی باسـیان کـرا و بڕیـاردرا کـە آ- خەباتـی سیاسـی بکـرێ بـۆ تێگەیاندنـی خەڵـک و ریسـواکردنی ئەمانـە و ئاشـکراکردنی نیـازی راسـتەقینەیان لـەو چالاکـی و جموجۆڵانـەی دەسـتیان پـێ کـردوە لـە کوردسـتان. ب- لـەو شـوێنانەی دروسـت نەبـوون رێگـە نەدرێـن دروست ببن. ج- لـەو شـوێنانەی چەکداریـان هەیـە هـەوڵ بـدرێ چەکدارە دڵسـۆزەکانیان لـێ بکرێتـەوە و زەعیـف بکرێـن و تصفیـە بکرێـن یاخـود ناچـار بکرێـن کـە التـزام بکـەن بـە سیاسـەتی گشـتی شـۆڕش و قازانجـی گەلەکەمـان. وا وێنـەی بەیاننامەیەکتـان بـۆ ئەنێریـن لەسـەر جموجۆڵـی ئێران لـە کوردسـتانی عیراقدا و هەوڵدانیـان بۆ تێکدانـی ریزەکانی شـۆڕش. چاپـی بکـەن و بڵاوی بکەنـەوە، ئێمـەش لێرە هەوڵـی چـاپ کردنـی ئەدەین، بـەڵام هێشـتا گیروگرفتەکانـی چـاپ مـان بـە تـەواوی چارەسـەر نەکـردوە لەبەرئـەوە پاش چاپکردنی تکایـە بەشـی ئێمەشـی لێ بنێرنـەوە. بیکـەن بـە عەرەبیـش بـۆ (الشـرارة)...

لێـرەدا راپۆرتەکـە تـەواو دەبێـت، بـەڵام وەک دیـارە و لـەم سـەرنجەی کاک عومـەر شـێخمووس-یش دەردەکەوێـت، کـە تـەواو نییـە، کاک عومـەر ئـەم سـەرنجەی بـە زمانـی عەرەبی لـە دوادێڕەکانی راپۆرتەکەدا نووسـیوە: «اسـتلمتها بهـذا الشـكل واعتقـد بانهـا ناقصـة، ساسـتفر حـول الموضـوع مـن كاك رزاق، وهـو الـذي ارسـلها لـي. لـدي نسـخة اخـرى فقط لاطلاعـك و لغـرض الاسـتفادة منهـا». دەردەکەوێـت کاک عەبدولـرەزاق فەیلـی ئـەم راپۆرتـەی کۆپـی کـردووە و بـۆ کاک عومـەر-ی نـاردووە.

وەک لـە پێشـەوە ئامـاژەم پێدا، ئـەم راپۆرتـەم دەقـاودەق نووسـیوەتەوە، تەنیـا لـەو شـوێنانەی، کـە پێویسـتن دەنگـی(وو)م روونترکردۆتـەوە، چونکـە

نەوشیروان مستەفا تا کۆچی دواییشی کرد، باوەڕی بە نووسینی دوو واو نەبوو، لە راپۆرتێکەدا ئەم سێ دەنگە تێکەڵاو دەبوون؛ (ۆ)، (وو)، (و).

ئەم راپۆرتە بە زمانێکی بەدەر لە کۆد و جفرە نووسراوە، پێویستی بە لێکدانەوە و وردەکاریی نییە. ناوەڕۆکەکەی دیوێکی شاراوەی لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رۆشن و یەکلاکردۆتەوە، بەتایبەتیش بۆ دابەشکردنی کاروبارەکان و پێکهاتەی بواری پێشمەرگایەتی و پێکەوەکاردنی هەردوو باڵەکەی ئەوسای نیمچەبەرەیی یەکێتیی، واتە؛ (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) و (کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان) و چارەنووسی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

# بابەتی هەشتەم

## بەیاننامەی کۆتایی خولی یەکەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوەڕاستی ئەیلولی ١٩٧٧

وەک پرانسیپ و کارێکی تەبلیغاتی، کە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حزب و رێکخراوە سیاسییەکان تەواو دەبن، بەیانێک، یاخود راگەیەنراوێک بڵاودەکەنەوە، لەناو ژیانی حزبایەتی کوردیی و کوردستانیش ئەم پرانسیپە پێڕەوکراوە. ئەوەی لەم بەیاننامەیەدا لەهەمووی گرنگترە، ئەو کۆبوونەوەیە، یەکەمین کۆبوونەوەی فراوان و رەسمی ناوەندی حزبییە، کە چەندان سەرکردە و کادری پێشکەوتووی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان و بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و خەتی گشتی بەشدارن، وەک پێکهاتەی نوێ و تازەدانراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆدەبنەوە، دەبێت بە یەکەمین بەڵگەی مێژوویی بۆ دانانی سکرتێر و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ئەو هێزە.

ئەمەی خوارەوە دەقی وەرگێڕدراوی بەیاننامەکەیە لە زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی. ئەم دەقە کوردییەم لە چاپی چوارەمی ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرهێناوە، چونکە لە بناغەدا بەیاننامەکە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، مام جەلال دەقەکەی نووسیوە، دوایی بۆ سوریا ناردراوە، لەوێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

بەیاننامە عەرەبییەکە دوو لاپەڕەیە و لەسەر کاغەزیی فۆڵسکاب چاپکراوە، لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا لاپەرەی یەکەمیم داناوە.

ئەم دەقە لە شێوەی بەیاننامە داڕێژراوە، ئەگەرنا لە چەندان خاڵدا لەگەڵ راپۆرتەکەی پێشەوە، ئەوەی نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی زۆر جیاوازنین.

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

(کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان لەماوەی نێوان ٣١ی ئاب- ١٢ی ئەیلولی ١٩٧٧، بەئامادەبونی زۆربەی ئەندامەکانی، بەوپەڕی سەرکەوتوییەوە خولی یەکەمی کۆبونەوەکانی گرێدا. کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرکردایەتی ناوەوە و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، پێکدێت، ئەم دوو سەرکردایەتییە، سەرباری هەندێ لە تێکۆشەرانی بادینان تێهەڵکێشی یەکتری کراون.

کۆمیتەی سەرکردایەتی تا بەستنی کۆنگرەی یەکەم بە سەرکردایەتیی بەرپرس و رێپێدراوی یەکێتی دادەنرێ و ئەرکە سیاسی و رێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و فیکری و داراییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رێکخراوە پێشمەرگەیی و مەدەنییەکانی لەئەستۆ دەگرێ.

کۆمیتەی سەرکردایەتی لەنوێنەرانی هێڵی پانی پێشکەوتنخواز و نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕ، بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و کۆمەڵەی مارکسی لینینی پێکدێ و وەک کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی یەکگرتوو کار دەکا، کە هەموو ئەندامەکانی هەوڵ و تەقەللای سەرەکیی خۆیان بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و پرنسیپەکانی و جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی و فراوان کردن و سەرکردایەتی کردنی رێکخستنەکانی تەرخان دەکەن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستانی سەر بە یەکێتی هێزێکی شۆڕشگێڕی هۆمۆجین  یەکگرتوو پێکدێنێ، ملکەچی یەک سیستم و وەک سەرکردایەتی هاوبەشە و بۆ وەدی هێنانی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستانی عیراق، لەژێر ئالآی ئەو شۆڕشە دیموکراتییەدا خەبات دەکات، کە لە چیاکانی کوردستانی عیراقدا هەڵگیرساوە، بە جەخت کردن لەسەر ئەوەی، کە یەکێتی فۆرمێکی گونجاوە بۆ رێکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد، لەو گۆشە نیگایەوە، کە یەکێتی رێکخراوێکی نیمچە بەرەییە، لەناو ریزەکانیدا هەلی پێکەوە ژیان و پێگەیشتن بۆ رەوتە پێشکەوتنخوازەکان دەرەخسێنێ.

کۆمیتەی سەرکردایەتی، کە ئەندامەکانی بەکۆی دەنگ هەڵبژێردراون، چەند بڕیارێکی گرنگی بۆ سەرلەبەر رێکخستنەوەی یەکێتییە سیاسییەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرکردووە.

کۆمیتەی سەرکردایەتی چەند بڕیارێکی گرنگی بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی یەکێتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عیراق بەپێی بنەما سیاسی و رێکخراوەییەکانی یەکێتی دەرکردووە، پێکهێنانی لیژنەکانی ناوچە و شار و دێهاتەکانی بەشێوەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو پەسند کردووە و بڕیاری وەگەڕخستنی تێکۆشانی داوە لەپێناوی پەلەکردن لەپەیدابونی ئەو پارتی پێشڕەوە شۆڕشگێڕەی، کە دەتوانێ سەرکردایەتیی یەکێتی و بزاڤە رزگاریخوازەکەی گەلەکەمان بکات، لەگەڵ درێژەدان بەفۆرمە نیمچە بەرەییەکەی یەکێتی، بەو پێیەی، کە ئەم فۆرمە فۆرمێکی گونجاوە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی و رەوتە پێشکەوتنخوازەکانی، کە هەر یەکێکیان هەڵوێستی فیکری و فەلسەفیی تایبەت بەخۆی هەیە و هەمووشیان یەکگرتنێکی تێکۆشەرانە سەبارەت بە ئامانجە سەرەکییەکان و رێبازی هاوبەشی تێکۆشان لەنێواندا هەیە. کۆمیتەی سەرکردایەتی بەبایەخەوە دەڕوانێتە پێویستی خوێندنەوەی

بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەناو ڕێکخراو و شانەکان و مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگە و بڵاوکردنەوەی بەشێوەیەکی فراوان لەناو کۆمەڵانی خەڵکیدا بۆ پەروەردەکردنیان بە بیروباوەڕی یەکێتی و شرۆڤەکردن و چەسپاندنی هێڵە سیاسی و عەسکەرییەکەی و سەقامگیرکردنی بیروباوەڕی برایەتیی تێکۆشەرانەی کورد و عەرەب لەدژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دکتاتۆری و کۆنەپەرستی.

کۆمیتەی سەرکردایەتی سیاسەت و هاوپەیمانییەکانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی تاوتوێ کرد و بەشێوەیەکی گشتی ئەو سیاسەت و هاوپەیمانییانەی پەسەند کرد و هەروەها جەختی لەسەر پێویستیی تێکۆشان بۆ وەدی هێنانی بەرەیەکی تێکۆشانی جەماوەریی راستەقینە کرد بەجۆرێک، کە ئەم بەرەیە هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕە کاراکانی سەر خاکی نیشتمان و هێزە راستەقینەکانی ناو کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق بگرێتەوە، بە مەبەستی پەلەکردن لە بەعیراقیکردنی شۆڕش، وەک چۆن شۆڕشەکە لە روی بەرنامە و دروشم و ئاراستە و ئامانجەوە شۆڕشێکی عیراقیی دیموکراتە، دەبێ هەروەها بەکردەوە، لە رووی سەرکردایەتی و پراکتیکیشەوە شۆڕشێکی عیراقی دیموکرات بێ.

لە کاتێکدا، کە کۆمیتەی سەرکردایەتی بە پێزانینێکی زۆرەوە دەڕوانێتە هەوڵ و تەقەللای هەڤاڵانی ناو وڵات، وەک سەرکردایەتی و کادیران و جەماوەر بۆ وەگەڕخستنەوە و جۆشدانی جەماوەر و پێکهێنانی هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان و راگەیاندنی شۆڕش بەچاوی رێزەوە دەڕوانێتە قارەمانێتییەکانیان، کە جەبەروتی زوڵم و زۆری فاشیستەکانی تێک شکاندووە و ئەوەی سەلماندۆتەوە، کە فاشیزم لەبەرئەنجامی کۆتاییدا لە شێرە بەفرینە بەولاوە هیچی تر نیە، هەروەها لە کاتێکدا، کە کۆمیتەی سەرکردایەتی سەری رێز و نەوازش بۆ شەهیدە پاڵەوانەکانمان دادەنوێنێ، کە گاڵتەیان بەتیرۆری فاشستی هاتووە و مەردانە پێشوازییان

لـە مـەرگ کـردووە و گیانـی خۆیـان لەپێنـاوی سـەروەریی نیشـتماندا بەخـت کـردووە، لـەو کاتـەدا کۆمیتـەی سـەرکردایەتی بڕیاریـداوە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لەسـەر بنچینەیەکی شۆڕشـگێڕانەی پێشـمەرگانە ڕێکبخاتەوە و ریزی پێشمەرگە تۆکمە بکات و گۆشـی بکات بەبیروباوەڕی شۆڕشـگێڕانەی یەکێتی و گیانی خەباتی جەماوەری و پرنسیپەکانی پشـت بەسـتن بەهێزی گەلەکەمـان و دروسـتکردنی پەیوەندی لەگەڵ جەمـاوەری ڕەنجـدەر و خزمەتکردنـی گـەل و بەرگـری کـردن لـە نیشـتمان، هەروەهـا بڕیاریـداوە هێـزی پێشـمەرگە بـە گیانـی برایەتیـی تێکۆشـەرانەی کـورد و عـەرەب پـەروەردە بکات و راسـتیی تێکۆشـانی سـەخت و دوور و درێژی تێگەیەنـێ، رووی راسـتەقینە و شـێوازی دڕندانـەی دوژمنانـی بـۆ ئاشـکرا بـکا و فێـری جیاکردنـەوەی دۆسـت و دوژمـن و هاوپەیمـان و دوژمنـی بکات.

هەروەهـا کۆمیتـەی سـەرکردایەتی بڕیـاری داوە تـا ئەندازەیەکـی گونجـاو ژمـارەی پێشـمەرگە زیـاد بـکات، بەجۆرێـک، کـە بگونجـێ لەگـەڵ درێژەپێدانـی شـەڕی پێشـمەرگانە لـە کوردسـتانی عیـراق، کـە شـەڕێکە ڕێسـا و تاکتیکەکانـی لـەم راسـتییەوە سـەرچاوە دەگـرن، کـە ئامانجـی شۆڕشـەکەمان پڕوکاندنی دوژمـن و بڕینی بڕسـت و کلۆرکردنی ناخێتـی بـۆ ڕێخۆشـکردن بـۆ راپەڕینـی شۆڕشـگێڕانەی چەکـدار لەسـەر دەسـتی جەمـاوەری گەلانـی عیـراق بـە بەشـداریی رۆڵـە بەئەمەکەکانـی لـە هێـزە چەکدارەکانـی عیـراق، ئەمـەش بـەم واتایـە دێـت، کـە ئێمـە پێویسـتمان بەکوالیتیی باشـە، نـەک ژمـارەی زۆر و بـۆر و پێویسـتمان بەبەرپاکردنـی شـەڕی پارتیزانییە بەپێی ڕێسـا شۆڕشـگێڕییە هاوچەرخەکانی، نـەک بەپێی ڕێوشـوێنە خێڵەکـی و سـواوەکان.

کۆمیتـەی سـەرکردایەتی چووەتـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی، کـە درێژەپێدانـی شـۆڕش بەپشـت بەسـتن بەهێزەکانی گەلانـی عیراق بـە هـەردوو نەتـەوەی

کورد و عەرەب و کەمینە چەوساوەکانی وەک تورکمان و ئاشوورییەکان و هی ترەوە و بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی تێکۆشەرانە لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕە راستەقینەکانی ناوەوە و دەرەوەی کۆڕی نیشتمانیی عیراق، شتێکی مومکین و پێویستە، چونکە ئەو تاقمەی، کە خۆی بەسەر پارتی دەسەڵاتدار و بەرەو رژێمی عیراقدا سەپاندووە تاقمێکی فاشیستە نوێنەرایەتیی بورژوازیی بیروکراتی مشەخۆری دژ بە هەموو گەلی عیراق دەکا و دەروونی پڕ رق و کینە و شۆڤێنیزمە بەرامبەر بەنەتەوەی کورد و لەم رووەوە نەتەوەی کورد لەسەر دەستی ئەم تاقمە تووشی جەنگی سەرتاپاگیری قڕکردن بووە بە مەبەستی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی کوردستان و راگواستنی سەدان جوتیار و کرێکاری کورد و چۆڵکردنی سنووری عیراق- تورکیا و عیراق- ئێران لە کورد و نیشتەجێکردنی خەڵکانی تر تێیدا بۆ ونجڕکردنی نەتەوەی کوردی دابەشکراو بەسەر ئەم وڵاتانەدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر تەواوی نەتەوەی کورد. ئەم تاقمە لە جەنگدا دژ بە گەلەکەمان دزێوترین و دڕندانەترین و توندوتیژترین شێوازی فاشیستی لە دژی دانیشتوانی بێتاوان بەکاردێنێ و سیاسەتی خاکی سوتماک لە کوردستان پیادە دەکات. ئەم سیاسەتە تا ئێستا بۆتە مایەی راماڵینی سەدان گوند لە ناوچە بەربڵاوەکانی بادینان، هەولێر، کەرکوک، خانەقین، شەنگال، تەلەعفەر و زەممار. ئەو دڕندایەتییەی، کە تاقمی فاشیست لەدژی خێزانی تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکان، لە زیندانە ترسناکەکاندا، بە کۆمەڵ، لەدژی پیاوان و ژنان و منداڵان، بەکاری دێنێ، نمونەیەکی روونە لەسەر سوکایەتی کردن بە هەموو داب و نەریتی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی و عەرەبی و ئیسلامی.

خەباتمان لە دژی ئەم تاقمە فاشیستە بەشێکە لە خەباتی جەماوەری گەلەکەمان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی لەوانە هێزە بەعسییە

پێشـكەوتنخوازەكانی نـاو پارتـی دەسـەڵاتدار و سـوپای عیـراق، بۆیـە ئێمـە هیوامـان بەهێنانـە كایـەی فراوانتریـن و باشـترین پەیوەندیـی تێكۆشـەرانەیە لەگـەڵ باڵـە نیشـتمانی و پێشـكەوتنخوازە شۆڕشـگێڕەكانی نـاو پارتـی دەسـەڵاتدار و سـوپای عیـراق لـە چوارچێوەی بەرەیەكـی تێكۆشـانی جەماوەریـدا، كـە تێبكۆشـێ بـۆ هێنانـە سـەر كاری حوكمـی ئیئتیلافـی نیشـتمانیی پێشـكەوتنخواز و رزگاركردنـی عیـراق بـە كـورد و عەرەبـەوە لـەم تاقمـە فاشیسـتە، كـە تەنانـەت پارتـی دەسـەڵاتدار و بـەرەو سـوپای عێراقیشـی دووچـاری ئەشـكەنجەیەكی فاشیسـتییانە كـردووە و هەمـوو ئەمانـەی لـە ئەركـە نیشـتمانی و نەتەوەییـە پـان عەرەبیشـتی و پێشـكەوتنخوازییەكان دوورخسـتۆتەوە.

لـە كاتێكـدا ئەركـی نیشـتمانیی و نەتەوەیـی، ئەركێكـی پیـرۆز بەسـەر سـوپای عیراقدا دەسـەپێنێ ئەویش بەشداری كردنـە لـە نەبـەردی نەتـەوەی سـەرفرازی عـەرەب لـە دژی دەسـتەبژێریی زایۆنیسـتی- ئیمپریالیسـتی، كـە ئەمـەش بـەم مانایـە دێـت، كـە دەبـێ سـوپای عیـراق لەبانـی جـۆلان و باشـووری لوبنـان و سـەر لێـواری رووبـاری ئـوردون بـێ (نـەك لـە چیاكانـی كوردسـتان) بـۆ بەرگریكـردن لـە شۆڕشـی فەلەسـتین و مافـە رەواكانی عـەرەب، سـوپای عیـراق پاڵـی پێـوە بنـرێ بـۆ شـەڕی براكوژی و كوشـتنی بـرا كوردەكانی خـۆی، كـە هاوبەشـی ئـەون لـە نیشـتمان و ئایندا و وای لـێ دەكرێ، كە ناوبانگە نیشـتمانییە شایسـتەكەی لەكەدار ببێ، چونكە ناچار دەكرێ بكەوێتـە گـەڕ بـۆ سـوتاندنی گونـد و بـاخ و رەز و كێڵگەكانی عیراقـی نیشـتمانی و كوشـتنی منداڵان و ژنـان و بەسـاڵاچوان، دیـارە ئـەم تاوانـە بەتـەواوی لەگـەڵ داب و نەریتـی سـوپای شۆڕشـە سـەرفرازەكەی ١٤ی تەمـوزدا ناسـازێت.

كۆمیتـەی سـەركردایەتیی یەكێتیـی نیشـتمانیی كوردسـتان بانگـەوازی برایەتیـی راسـتەقینە ئاراسـتەی لایەنـە بەعسـییە پێشـكەوتنخوازەكان و

ئەفسـەرە ئازادەکانی نـاو سـوپای عیـراق دەکات و داوایان لێ دەکات پەی بـە ئەرکـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی و مرۆیـی خۆیـان بـەرن و ڕوو بکەنـە تێکۆشـانێکی هاوبـەش بـۆ ڕزگارکردنـی گەلانـی عیـراق لـە نەهامەتـی و سـتەمی فاشـیزم و وەیشـومەی شـەڕی ناوخـۆیماڵوێرانکـەر بۆئـەوەی عیراقـی نیشـتمانی خۆشەویسـتمان بنیـات بنێـن، ڕژێمـی ئیئتیلافـی دیموکـرات دابمەزرێنیـن و مـاف و ئازادییـە دیموکراتییـەکان بـۆ گەلانـی عیـراق دەسـتەبەر بکەیـن بـە ئۆتۆنۆمیـی ڕاسـتەقینەوە بـۆ گەلـی کـورد لـە چوارچێوەی کۆمـاری عیراقدا، ئـەو کۆمارەی، کـە دەبێ بکرێتـە قەڵایەکـی شۆڕشـگێڕ بـۆ ڕۆشـن کردنـەوەی تاریکیـی ڕۆژهەڵاتمـان و هەروەهـا بۆئـەوەی ئابوریـی نیشـتمانیمان و ژیانـی کەلتوریـی نوێمـان بنیـات بنێیـن و وزە مرۆیـی و سـوپایی و مادییەکانـی عیـراق بخەینـە گـەڕ بـۆ بەشـداری کـردن لـە نەبـەردی نەتـەوەی عـەرەب لـە دژی دەسـتەبژێریی زایۆنیسـتی-ئیمپریالیسـتی و بـۆ بەرگـری کـردن لـە سـەربەخۆیی عیـراق و خاکەکـەی، کـە فاشـیزم لـە هەراجخانـەی پیلانگێڕانـدا لـە دژی هـەردوو نەتـەوەی بـرای کـورد و عەرەبـدا بـە ئێرانـی شاهنشـای فرۆشـتووە.

هەروەهـا کۆمیتـەی سـەرکردایەتی پـەی بـە هەڵسـوڕان و جموجوڵـی تێکدەرانـە و تاوانکارانـەی کۆنەپەرسـتانی ئێران لـەدژی شـۆڕش دەبا، ئـەو هەڵسـوڕان و جموجوڵـەی، کـە لەلایـەک خـۆی لـە هەماهەنگیـی هـەوڵ و تەقەللاکانـدا لەگـەڵ هێزەکانـی حکومەتـی عیراقـدا دەبینێتـەوە و لـە لایەکـی تـرەوە خـۆی لـە گێڕانـەوەی چەنـد تاقمێکـی گومانلێکـراوی پەنابـەرە کوردەکانـی نـاو ئێرانـدا دەبینێتـەوە. پرۆسـەی گێڕانـەوەی ئـەو تاقمانـە بـۆ کوردسـتانی عیـراق لـە زیادبوندایـە و ئێسـتا ڕۆڵـی تێکدەرانـەی ئـەو تاقمانـە، کـە گومـان دەکرێ پەیوەندییەکـی پتەوەیـان لەگـەڵ سـاواکدا هەبێ، زۆر بـە ڕوونـی دەرکەوتـووە. ئـەم تاقمانـە بەنـاوی سـەرکردایەتیی کاتیـی پارتییـەوە دەرکەوتـوون و کەوتونەتـە ژاوەژاوێکـی پروپاگەندەیـی درۆزنانـە لـە دژی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەندێ تاوانیان ئەنجام داوە و پاشان پەیوەندییان بە هێزەکانی حکومەتی عیراقەوە کردووە. ئەم تاقمانە بە سەرۆکایەتیی چەند تاوانبارێکن وەک؛ خلە رەشید بەحری، سابیر مینە رەندان، عوسمان شێخ فەتاح، قالە فەرەج، تەحسین شاوەیس، محەمەد شێخ حەسەن، مولازم حەسەن عەبدوڵڵا، رەمزی سەففار و مەهدی شنگالی، کە هەر هەموویان بە رەزامەندیی ساواک و هەندێ گروپی نیشتەجێی کەرەج لە ئێرانەوە هاتونەتەوە، هەروەها هەندێ تاقمی دیکەش هەن، کە لەم دواییەدا هاتونەتەوە و خێزانەکانیان لە کۆشکەکانی کەرەج نیشتەجێن و یارمەتیی مانگانە لە ساواک وەردەگرن بۆئەوەی هەمان رۆڵی تێکدەرانە و تاوانکارانەی تاقمە هاوشێوەکانیان، کە ئێستا بونەتە جاش، بگێڕن.

بێدەنگیی فاشیزمی عیراق بەرامبەر بەم دەستێوەردانە ئاشکرایەی ئێران، سەرەڕای ئەوەی، کە ئەو تاقمانە خۆیان رادەستی عیراق کردۆتەوە و چۆنێتی و وردەکاریی گێڕانەوەیان لە لایەن ساواکەوە بۆ عیراق ئاشکرا کردووە، مایەی وروژاندنی پرسیارگەلێکی رەوایە دەربارەی دەست تێکەڵاوکردنی فاشیزم لەگەڵ کۆنەپەرستانی ئێراندا و رێککەوتنیان لەسەر پیلانگێڕان لەدژی شۆڕش و بەو ئومێدەی، کە بتوانن شۆڕشەکە لە ناوەوە هەڵتەکێنن.

ئەم راستییانە رووی گەشی نیشتمانپەروەریی شۆڕش و پوچەڵیی تۆمەتەکانی فاشیزم دەردەخەن و بەڵگەی ئەوەشن، کە شۆڕشەکە هەڕەشەیەکی شۆڕشگێڕانەی لەسەر رژێمە کۆنەپەرستە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان دروست کردووە، چونکە ئەو رژێمانە چاویان بەرایی نادا شۆڕشێکی دیموکرات لە چیاکانی کوردستانی عیراقدا هەڵبگیرسێت و رێی خەباتی سەرفرازی گەلانی رۆژهەڵات روناک بکاتەوە، ئەو گەلانەی، کە گیرۆدەی دەستی ئیمپریالیزم و رژێمە کۆنەپەرستە دکتاتۆرەکانن،

هەروەها ئەم راستییانە ئەوە ساغ دەکەنەوە، کە ئەم تاقمانە بۆ هەردوو فاشیزمی ئێران و عیراق، رۆڵی ئەسپی تەروادە (troy) دەبینن و بەهۆی ئەمەوە مۆری گەورەترین ناپاکی بەرامبەر بە نیشتمان لە تەوێڵیان دەدرێ.

بەرامبەر بەم کەیسە، کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری پێویستی دەرکردووە بۆ کەوتنەگەڕ بۆ بەرپەرچدانەوەی کۆنەپەرستانی ئێران و ریسواکردنی ئەو تاقمە خۆفرۆشانە و رۆڵی خیانەتکارانەیان لەدژی شۆڕشە دیموکراتییەکەی عیراق، کە لە چیاکانی کوردستانی عیراق هەڵگیرساوە.

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی عیراق، ئەی نیشتمانپەروەرە پێشکەوتنخوازەکان، ئەی ئەفسەرە ئازادەکان، ئەی سەربازە سەربەرزەکان:

ئەرکی نیشتمانیمان، کە هاندەرمانە بۆ پەرپاکردنی خەباتی چەکدار بریتییە لە بەرگریکردن لە سەربەخۆیی کۆماری عیراق، ئەو سەربەخۆییەی، کە تاقمی فاشیست کردویەتی بەبارمتە لە دەرباری شا و بەهۆی چەند سەودایەکی نهێنییەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکادا کۆت و بەندی لەسەر داناوە، ئەرکی نیشتمانیمان بەرگریکردنە لە سەربەخۆیی ئابوریی نیشتمانەکەمان، کە فاشیزم کردویەتی بە پاشکۆی مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییەکانی ئەڵمانیا و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ژاپۆن بەجۆرێک، کە ئابورییەکە گیرۆدەی ئەختەبوتی ئیمپریالیزم بووە و زۆر بە توندی پێوەی بەستراوەتەوە، ئەرکمان بەرگریکردنە لە مافی گەلی عیراق لە دیموکراسی و خۆ حوکمکردن لەڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانییەوە و دامەزراندنی دەسەڵاتە نیشتمانییە دیموکراتییەکەی لەجێی فەرمانڕەوایی ئەو تاقمە دکتاتۆرەی، کە تێکڕای گەلی عیراقی دوچاری دکتاتۆرییەکی فاشیستانەی رەش کردووە، ئەرکمان بەرگریکردنە لە برایەتیی کورد و عەرەب، کە لە سۆنگەی سیاسەتە شێلگیرانەکەی فاشیزمەوە، سیاسەتی

جینۆسـایدکردنی نەتـەوەی کـوردی بـرای نەتـەوەی عـەرەب، کەنـد و کۆسـپی تێکەوتـووە. ئەرکمـان بەرگریکردنـە لـە سـامانە زۆر و زەبەندەکانـی عیـراق، کـە تاقمـی فاشیسـت بەفیـڕۆی دەدا و وەک سـامانێکی بەمیـرات بەجێما و بۆ خۆی و بنەماڵـەی دەسـەڵاتدار و دەسـتوپێوەندەکانی مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکات، لـە کاتێکـدا عیـراق گیـرۆدەی تەنگـژەی ئابـوری بـووە و جەمـاوەری گەلەکەمـان بـەدەم کەمیـی کەرەسـتەی پێویسـتەوە دەناڵێنـن و پرۆژەکانـی پەرەپێـدان و پیشەسـازی و پرۆسـەکانی ریفۆرمـی کشـتوکاڵ لەژێـر گـورز و چەمکەکانـی سـەرمایەداریی دەوڵەتـی وابەسـتەی ئابوریـی جیهانـی سـەرمایەداری و ئیمپریالیسـتیدا، توشـی هەڵەنگوتـن بـوون.

لـەم سـۆنگەیەوە داواتـان لـێ دەکەیـن پـەی بـە راسـتی شـۆڕشـەکەمان بـەرن، چونکـە شـۆڕشـەکەمان لـە رووی نـاوەڕۆک و ئامانجـەوە شـۆڕشـی ئێوەیـە و دەمانـەوێ لـە رووی پێکهاتـە و سـەرکردایەتیشـەوە شـۆڕشـی ئێوە بـێ، بۆیـە داواتـان لـێ دەکەیـن بەشـداریی تێـدا بکـەن و پشـتگیریی بکـەن بۆئـەوەی هەموومـان لـە چوارچێـوەی بەرەیەکـی فراوانـی جەماوەریـدا، لـەدژی فاشـیزمی دوژمنـی کـورد و عـەرەب هەمـوو هاووڵاتییـان، لـە دژی فاشـیزمی نۆکـەری کۆلۆنیالیزمـی نوێ، کـە دەیـەوێ دەسـت بەسـەر ئابوری و سـامانی عیراقـدا بگـرێ، یەکگریـن.

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکان:

خۆڕاگریی دلێرانەتـان لەبـەردەم لەشکرکێشـیی دڕندانـەی سـوپاییدا، کـە فاشـیزم شـەش تیپـی سـوپا و کۆمانـدۆ و دەیـان هـەزار پۆلیـس و پاسـەوانی سـنور و جاشـی تێـدا بەکارهێنـاوە، بەڵگـەی خۆڕاگریـی گەلەکەمانـە بـە رووی فاشـیزمدا و بۆتـە مایـەی جـۆش و خرۆشـی هەمـوو تێکۆشـەران و هاووڵاتییانـی بەشـەرەف.

یەکڕیزیتـان تۆکمەتـر بکـەن، هەڵمەتـی رۆشـنبیری و هۆشـیاریی شـۆڕشـگێڕانە و هەڵمەتـی مەشـق و راهێنـان لەسـەر شـێوازەکانی شـەڕی

پێشمەرگانە فراوان بکەن، پەیوەندیتان لەگەڵ جەماوەردا بەهێزتر بکەن، بەرەو فیداکاری و خۆبەختکردن لە پێناوی گەل و نیشتماندا.

ئەی جەماوەری گەلی خۆڕاگری کورد:

لە کاتێکدا، کە سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی بەرزی تێکۆشانتان دادەنەوێنین، ئەو گیانەی، کە ڕێوشوێنە فاشیستییە سامناکەکان نەیانتوانیوە چۆکی پێ دابدەن، داواتان لێ دەکەین بەردەوام بن لەسەر پشتگیری کردن و یارمەتیدانی شۆڕشەکەتان، کە بەرگری لە بوونی نەتەوەییتان و لە کوردستانەکەتان و لە پەیوەندیی برایانەی تێکۆشەرانەتان لەگەڵ جەماوەری گەلی برای عەرەب دەکات. ئێمە بەپشت بەستن بەهێزی داهێنەرانەی جەماوەر دەستمان داوەتە خەباتی چەکدار، بۆیە داواتان لێ دەکەین بە پارە و چەک و زانیاری و ڕێنمایی پێویست یارمەتیی هێزی پێشمەرگە بدەن، چونکە هێزی پێشمەرگە، هێزی ئێوەیە و بەرگری لە شەرەفی نیشتمانیتان و مافی ژیانی سەربەرزانەتان لەسەر خاکی باوباپیرانتان دەکات. هەمووان بۆ ئەوە بانگهێشت دەکەین، کە پەی بە دڕندایەتیی دوژمن بەرن و ڕاستیی نیازەکانی تێ بگەن، کە هەوڵ دەدا نەتەوەی کورد لەناوبەرێ و ئاسەواری، وەک نەتەوەیەکی جیاوازی خاوەن مافی ڕەوای سودمەندبوون لە مافە نەتەوەییەکانی، لەسەر خاکی کوردستانەکەی خۆی نەهێڵێت، ئەمە لە کاتێکدا، کە لەم سەردەمەدا، گەلی کوردی لێ دەرچێ، گەلێک نەماوە لە ڕۆژهەڵاتدا لە هەموو مافەکان بێبەش کرابێ. هەڕەشەکە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و گەورەیە و هیچ بوارێک بۆ ساتوسەودا و گوێ پێ نەدان نەماوە، بەڵکو دەبێ هەموو کوردانی بە شەرەف بکەونە جۆش و خرۆش و ئامادەی هەموو قوربانیدان و هەموو فیداکارییەکی پیرۆزبن، بەجۆرێک، کە کوردە خۆفرۆشەکان، ئەوانەی، کە بەردەوام دەبن لەسەر بەشداریکردن لە حکومەت و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی، چیتر لێیان قبوڵ نەکرێ

خۆیان بە کورد بزانن. ئێمە لێرەدا لێبوردن بۆ هەموویان دەردەکەین و داوایان لێ دەکەین بگەڕێنەوە بۆ ریزی گەلەکەیان، بە پێچەوانەوە، وەک ناپاکترین و تاوانبارترین خۆفرۆش تەماشا دەکرێن و زۆر بە سەختی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ و بەهیچ جۆرێک لە سزای رەوا دەربازیان نابێ بەبێ گوێدانە ئەوەی، کە سەر بە چ لایەنێکی سیاسی و رێکخراوێکن.

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی قارەمان:

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مژدەی ئەوەتان پێ دەدا، کە کۆبونەوەکانی سەرکەوتوو بوون لە دارشتنی نەخشە سیاسی و پێشمەرگەییە شۆڕشگێڕەکانی تایبەت بەپەرەپێدان و سەرخستنی شۆڕش و بەم بۆنەیەوە کۆمیتەی سەرکردایەتی بەڵێنی ئەوەتان پێ دەدا، کە تا دوا هەناسە لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ گەلی کورد بەردەوام بێ لەسەر تێکۆشان و لەبەردەمتان خۆی بەوە پابەند دەکات، کە بەردەوام بێ لەسەر رەوتی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سەنتۆ و دکتاتۆری و بەهیچ جۆرێک رێ بەکۆنەپەرستانی دراوسێ نادات جارێکی تر یاری بە مەسەلەی گەلەکەمان بکەن، یا ئەو شۆڕشە دیموکراتییەی لێ تێک بدەن، کە ئەمڕۆ لە چیاکانی کوردستانی عیراقدا هەڵگیرساوە، بەڵکو دەستی هەموو ئەوانە دەبڕێ، کە یاری بە خەباتی گەلی کورد وەک کارتێکی قومار دەکەن. تێکۆشانی ئێمە بەشە شۆڕشگێڕە گرنگەکەی تێکۆشانی گەلانی قارەمانی عیراق پێکدێنێ.

سەرکەوتن بۆ ئەو شۆڕشە دیموکراتییەی عیراق، کە لە چیاکانی کوردستانی عیراقدا هەڵگیرساوە.

بژی برایەتیی تێکۆشەرانەی کورد و عەرەب.

سەروەری بۆ پێشمەرگە دلێرەکان.
نەمری بۆ شەهیدە قارەمانەکان.
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- کۆمیتەی سەرکردایەتی).

ئەم بەیاننامەیە، کە دوایی بوو بە نەخشەرێگەی خەباتی یەکێتیی نیشتمایی کوردستان، بە تایبەتیش بۆ ژیانی سیاسی و پێشمەرگەیی ئەو هێزە نیمچەبەرەیە و ناسینی دۆست و دوژمن و چۆنییەتی پەیوەندی و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، هەروەها لەپێناوی درێژەدان بەخەبات بەرنامەیان بۆ هێزێکی تۆکمەی پێشمەرگە داناوە، کە زیاتر پشتیان بە چۆنایەتی هێزەکە بەستووە، بەڵام نەک چەندایەتی رەتبکەنەوە.

لەپەرەگرافەکانی پێشەوەشدا راگەیاندووە، کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتوپەنای شۆڕشن و جارێکی دیکە نابێت، پشت بە وڵاتانی دراوسێ و ئیمپریالیزمی جیهانی ببەسترێت، کە ئەوان ناویان لێناون کۆنەپەرستانی دراوسێ، ئەوەشیان نەشاردۆتەوە، کە بە دامەزراندنی عێراقێکی دیموکرات مافەکانی نەتەوەی کورد بەدەستدێ، کە ئەوکاتە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەچەسپێ.

# بابەتی نۆیەم

## یەک سەرکردایەتی و
## یەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان

دوای تەواوبوونی یەکەمین کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گەیشتنی بەڵگەنامەکان بە دەرەوە، لقی ئەورووپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە، بڵاوکراوەیەکی ناوخۆی دەرکرد، کە تیایدا وردەکارییەکانی کۆبوونەوەکەیان بۆ ئەندامان خستۆتەڕوو. بڵاوکراوەکە بریتییە لە سێ لاپەڕەی قەبارە ئەی فۆڕ و بەئیمزای لیژنەی کارگێڕ ڕۆژی ١٩٧٧/١١/٢٦ بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەی ناوخۆییە بەڵگەنامەیەکی گرنگە بۆئەوانەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی و مێژووی حزبی کوردی لە ئەورووپا دەنووسنەوە.

ئەم بڵاوکراوەیە تەنها بۆ ئەندامانی لق بووە. دوای نووسینی دەستەواژەی «سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە» نووسراوە: هەڤاڵانی تێکۆشەر بە پێویستی ئەزانین کە لەم خاڵانەی خوارەوە ئاگادارتان بکەین.

یەکەم: لە ئەنجامی گەڕانەوەی هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵەکانی بۆ کوردستان وە لەبەر پێویستی دیاری کردنی نەخشەی لەبار و پلانی گونجاو بۆ ئەم قۆناغەی، کە شۆڕشە نوێکەی خەڵکی چەوساوەی کوردستانی پیا تێپەڕ ئەبێ، وە بۆ زیاتر گەشەپێدانی و چەسپاندنی هێڵی سیاسی ڕاست و دروست وە دابەش کردنی ئیش و کار و

دووان لـەو مەترسـییانەی کـە بەرەنـگاری شۆڕشـەکەمان دەبێتـەوە و خۆئامادەکردن بۆی، چۆنیەتی پووچ کردنەوەیان لە پیلانەکانی فاشستی بغداد و امپریالیزمی ئەمریکی و ایران و کۆنەپەرستی کورد و ناوچەکە و ئەلقـە لـە گوێکانـی امپریالیـزم لـە نمونـەی سـەرکردایەتی ناوەخـت بۆ ئـەم مەبەسـتانە هەڤالانی وولات لـە هـەر سێ پیلەکە (کۆمەڵـەی مارکسی لینینی کوردستان و بزوتنـەوەی سۆشیالیستی کوردستان و پیلـە گشتییە دیموکراتیە شۆڕشگێڕەکەی ی. ن. ک) زۆربـەی هەڤاڵـە پێش کەوتوەکانی ئـەم پیلانـە ئامادەبوون لـەو شـوێنەی هەڤـاڵ مـام جـەلال -ی لێ بوو لـە ٨/٢٠- وە کۆبونەوەیەکـی فراوانیـان پێـک هێنـا بـۆ لێـدوان لەسـەر ئـەو مەسـەلانەی سـەرەوە و کۆبونەوەکە (١٢) رۆژی خایـان وە گەلێک بڕیاری بـە سـودیان وەرگـرت و زۆر سـەرکەوتوبون وە هـەرە گرنگەکانیـان ئەمانـەی خـوارەوە بـوو. (دەمەوێت ئـەوە راست بکەمـەوە، کۆبوونەوەکە رۆژی ٨/٣١ تـا ٩/١٢ بـووە.. نـەوزاد).

١)- سـەرکردایەتی دەرەوە و نـاوەوەی وولات کـران بـە یـەک بەنـاوی لیژنـەی سـەرکردایەتی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان وە بـەم جـۆرەی خـوارەوە پێـک هـات: (٦) هەڤالانی کۆمەڵـەی مارکسی لینینی کوردستان+ (٦) هەڤـاڵ لـە بزوتنـەوەی سۆشیالیستی کوردسـتان+ ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنـەر+ هەڤـاڵ مـام جـەلال وەک هێڵـی گشـتی+ شـێخ حسـین لـە بادینان کە کۆیان (٢١) کەسـە وەئەشـتوانرێ لـە پاشـەڕۆژدا کـە لێی زیاد بکرێ بە تایبەتی گەر هـەر هەڤاڵێکی بادینی لێهاتـوو شۆڕشگێڕ هەبێ و گونجـاو بێ بکرێـت بـە ئەندامـی لیژنـەی سـەرکردایەتی.

٢)- بڕیـاردرا، کـە پێشـمەرگەی کوردسـتان هەمـووی بەنـاوی (ی. ن. ک) وە کاربکـەن واتـە نـاوی نەنرێ ئـەم پێشـمەرگەیە هـی کۆمەڵەیـە ئـەوی تـر هـی بزوتنەوەیـە.

٣)- کوردسـتان کـرا بـە (٨) هەرێمـەوە لـە رووی سـەربازی یـەوە

– هـەر هەرێمـە دوو هەڤـاڵ بەرپرسـیار ئەبـن لێپرسـراوی سـەربازی – لێپرسـراوی یەکـەم ئەبـێ– لێپرسـراوی سیاسـی لێپرسـراوی دووەم ئەبـێ وە بـە هەردوولایـان تەنسـیقی ئیـش و کار ئەکـەن و بڕیـار ئـەدەن. وە لـە (٤) هەڤاڵـی کۆمەڵـە لێپرسـراوی سـەربازیەوە، (٤) هەڤاڵـی بزوتنەوەشـیان لەگەڵدا ئەبێ کە لێپرسـراوی سیاسـی ئەبـن، هەروەها (٤) هەڤاڵـی بزوتنەوە لێپرسـراوی سـەربازیەوە، چـوار هەڤاڵـی کۆمەڵـەش لێپرسـراوی سیاسـییە لەگەڵیانـدا.

٤)– هێزێکـی گـەڕۆک کـە لـە (١٥٠) کـەس پێـک بێـت، کـە یەکێـک لـە هەڤاڵانی لیژنەی سـەرکردایەتی سەرپەرشـتی ئەکات بۆ هەموو کوردسـتان لـە هـەر شـوێنێک پێویسـتیان پـێ بـوو.

٥)– دروشـمی (کوردسـتان یـان نەمـان) بەرزکراوەتـەوە ئـەوەش دروشـمی ئێسـتامانە.

٦)– بڕیاردرا کە ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١ ڕۆژی گەڕانـەوەی هەڤاڵان ابراهیم عـەزۆ و هاوڕێیەکانـی بـۆ کوردسـتان بکرێـت بـە یەکـەم ڕۆژی دەسـت پێکردنـەوەی شۆڕشـی نوێمـان.

٧)– ناوی هێزی پێشمەرگە بە (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) نرا.

٨)– لە ئەنجامی کۆبونـەوەدا لیژنـەی سـەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسـی هەڵبـژارد بـۆ ئەنجـام دانـی ئـەو بڕیارانـە و ئیـش و کاری شـۆڕش و ڕێکخسـتنی (ی. ن. ک) تـا کۆبونەوەیەکـی یـان کۆنگـرە. وە (٥) هەڤـاڵ کـە دووانیـان لـە هەڤاڵانـی کۆمەڵـەی مارکسـی لینینـی کوردسـتان وە دووانـی تریـان لـە هەڤاڵانـی بزوتنـەوەی سۆشیالیسـتی کوردسـتان و هەڤـاڵ مـام جەلالیش وەک سکرتێری گشتی کـە هێڵە گشتی یەکەیە، ئەمانە و لەگـەڵ زۆر بڕیـاری گرنـگ و بـە سـوودی تـردا وەرگیـرا کۆبونەوەکـە لـە ٧٧/٩/٢ کۆتایـی هـات. (کۆبوونەوەکـە ڕۆژی ٩/١٢ کۆتایـی هاتـووە.. نـەوزاد).

دووەم: خاڵـی دووەمـی ئـەم بڵاوکراوەیـە تەرخانکراوە، بۆ شـەهیدکردنی

ئەو مەفرەزەیەی، کە لە سوریا بەرەو باشووری کوردستان بەرێکەوتوون، بە مەبەستی گواستنەوەی چەک و بەشداریکردن لە شۆڕشی نوێدا و لەسەر سنوور ق. م شەهیدیان دەکەن. شەهیدەکانیش بریتین لە: «ملازم؛ حەسەن ئەبوبەکر خۆشناو، باهیر ئەحمەد، نەجات نوری، کەمال محەمەد حسێن، عەلی کوێخا عومەر، خدر ئەحمەد چەکولان».

سێهەم: بە پێی یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنفرانس ئەبوایە هەموو هەڤالان مەوادیان بنوسیایە بۆ رۆژنامەی شرارة، یان دەنگی یەکێتیی تا ئێستا هەڤالانی کۆمیتەیش هیچیان نەنوسیوە و هاوکاریان نەکردووین نەخوازە هەڤالانی خوارەوەی ریزەکانی خوارەوەیش.

بۆیە بە زوویی ئەم کارە ئەنجام بدەن و هانی هەڤالان بدەن، کە شت بنوسن بۆ شرارة، یان دەنگی یەکێتیی، وە تەنها قسە و پێشنیازی بەجێ کاری نابێ ئەگەر ئیش و خۆماندوکردنی لە دواوە نەبێ، بۆیە رەخنەتان لێ ئەگرین لەم بارەیەوە.

چوارەم: لیژنەی کارگێڕ لە دووای کۆنفرانسی دووهەمەوە جگە لە ئەنجامدانی ئیش و کاری رۆژانە بەم کارانەی خوارەوەش هەستاوە:

١- دەرکردنی بلاغی ختامی کۆنفرانس.

٢- دابەش کردنی ئیش و کار و ئاگادارکردنی هەڤالان.

٣- چاپ کردنی بڵاوکراوەکان.

٤- دەرچونی سپارک – ١- (٣) ژمارەش بەڕێوەیە.

٥- دەرکردنی بەیاننامەیەک لەسەر تاوانە گەورە خیانەتکاریەکەی سەرکردایەتی ناوەخت.

٦- دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ بۆ ریزەکانی رێکخستن.

٧- دەرکردنی بانگەوازیەک بۆ دکتۆرەکان بۆئەوەی بگەڕێنەوە وواڵت.

٨- پەیوەندی کردن و بەستن لەگەڵ هەندێ رێکخراودا (جەبهەی میللی، مجاهدین، وەحدەی قاعدە).

٩- بڕیاردرا کە بەیانی رۆژی ٩٧٧/١٢/٢١ کۆبونەوەی لقی ئەوروپا لە ئەمستردام بکرێت وە ئەبێ هەموو هەڤاڵان لەو رۆژەدا لە بەیانیەوە لەوێ بن واتە شەوی ٢٠ لەسەر ٩٧٧/١٢/٢١ لە ئەمستردام بن. بۆیە دەبێ هەموو هەڤاڵان لە کات و شوێنی دیاری کراو ئامادەبن وە پەیوەندی بە هەڤاڵ ئازاد خۆشناوەوە بکەن بۆ ئەو مەبەستە.

ئیتر بۆ پێشەوە لەژێر ئاڵای یەکێتی ی ماندا
بۆسەرخستنی شۆڕش و هێنانەدی ئامانجەکانمان).

بڵاوکراوەکە تەواوبوو. ئەوەی لەهەمووان گرنگترە رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و بڕیاردراوە، نابێت هەر باڵە و هێزی پێشمەرگەی خۆی هەبێت، یەک هێز هەیە، ئەویش هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، هەروەها لەکۆبوونەوەکەی لیژنەی کارگێڕدا هەڵوەستە لەسەر راگەیاندن و ژیانی رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کراوە، پەیوەندی و گۆڕینەوەی بیرورِا لەگەڵ هێز و حزبەکانی دیکە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بووە. ئەوەی زۆر گرنگە کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوەوە و دەرەوەی وڵات نەماوە و یەک سەرکردایەتی لەژێر ناوی « لیژنەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» سەرکردایەتی یەکێتیی کردووە، کە نوێنەری هەردوو باڵەکە و نوێنەری هێڵی گشتیشی تێدابووە. ئەمە و وەک کاروبارییی ناوخۆیی لقی ئەوروپا ئاماژە بە بواری راگەیاندن و هاوکاریی و دەرکردنی بڵاوکراوەکان دراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، رەخنە لەو ئەندامانەش گیراوە، کە گرنگی بە بڵاوکراوەکان و نەناردنی بابەت نادەن و لەو رووەوە داوای هاوکاری دەکەن.

ئەمە و زانیاری ئەوەشی تێدایە، داوا لە ئەندامانی لقی ئەوروپای

یەکێتیی دەکات بۆ کۆبوونەوە لە شاری ئەمستردام، پایتەختی هۆڵەندا ئامادەبن.

لەم بڵاوکراوەیەدا زاراوەی «سەرکردایەتی ناوەخت» لەبری «سەرکردایەتی کاتی- قیادەی موەقەتە» بەکارهاتووە.

## بابەتی دەیەم

# بەڵگەنامەیەکی گرنگ
# بۆ یەکڕیزی کوردایەتی

هەر لەم کتێبەدا لاپەڕەکانی بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بەشی ڕێکخستن هەڵدەدەمەوە، کە لە بناغەدا پەیوەستە بە ژیانی حزبایەتی و هاوکاریی نێوانیان لە کوردستان، بەتایبەتیش بۆ ئەو ماوەیەی یەکێتیی لە ناوچەی برادۆست و چاوی لە دەڤەری بادینان بووە، ئەگەر ئەو دەستپێشخەرییانەی لەم بڵاوکراوەیەدا هاتووە و ڕێرەوی خۆی وەربگرتایە، گۆڕانکاریی جۆریی لە خەباتی کوردایەتیی کوردەواری ڕوویدەدا.

ئەم بڵاوکراوەیە، بریتییە لە ١٧ لاپەڕە، لەسەر قەبارەی فۆڵساب چاپکراوە، بەڵگەنامەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بە زانیاریی مێژوویی، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ بەئیمزای بەشی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. لەسەر سنگی لاپەڕە١دا نووسراوە: «بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ بۆ ڕێکخراو و ریزەکانی یەکیەتی دەربارەی گفتوگۆکانی (ی. ن. ک) و (ق. م)».

بڵاوکراوەکە بەم پەرەگرافە دەست پێدەکات. وشە و رستەکان دەقاودەق دەنووسمەوە: «ماوەیەکە نوێنەرانی ی. ن. ک لەگەڵ نوێنەرانی ق. م (القیادة المؤقة) کەوتونەتە زنجیرەیەک گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە خەباتی گەلەکەمانەوە هەیە. رای گشتی

کورد زۆر بە توندی داوای یەکیەتی ریزەکانی گەلەکەمان و رێگەنەدان بە دوبەرەکی شەڕی براکوژە ئەکات، یەکیەتی-مان حورمەتی رەئی میللەتەکەمان ئەگرێ جا لەبەرئەوەی ئەم گفتوگۆیانە زۆرجار لەناو خەڵکدا بە جۆرێکی پێچەوانەی راستی بڵاوبۆتەوە بۆ رونکردنەوەی راستی بە پێویستمان زانی ئەم راپۆرتەتان پێشکەش بکەین، کە سەرگروشتەی پەیوەندی هەردولا ئەگێڕێتەوە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا. هیواداریــن هەڤاڵانی یەکێتی چ بەدەم لە شانەکانیدا وە چ بە نوسین بۆ رێکخراو ئۆرگانەکانی یەکێتی رەئی خۆیان دەرببڕن».

لەپەرەگرافێکی دیکەی لاپەڕە١دا ئاماژە بە جاڕدانی شۆڕشی نوێ دەکات و نووسراوە: «لەم جەوە سیاسیەدا چەند تیکۆشەرێکی شۆرشگێڕی کوردستان، کە لایان وەهابوو مەسەلەی کورد تەواو نەبووە و نامرێت، کە زەرفی دەولی ناتوانێت سەر بە کورد دابنەوێنێت و قەناعەتی پێ بهێنێ ئیتر کوردایەتی نەکات، کە نەتەوەی کورد لە پیلانی شۆفێنیەکانی بەغدا و کۆنەپەرستەکانی تاران و ئیمپریالیزم بەهێزترە و بزوتنەوەی کوردایەتی لە مەیدانی جەنگی و سیاسیدا مەسەلەکەی نەدۆڕاندوە، چونکە مەسەلەیەکی رەوا و عادلە و هێزەکانیشی لەناونەچوە». پاشان باس لە دەستەی دامەزرێنەر دەکات؛ «لە ١٩٧٥/٥/٢٢ دەستەی دامەزرێنەر پێک هات و یەکەمین بەیانی ی. ن. ک دەرچوە و مژدەی تێ هەڵچونەوەی خەباتی بە خەڵکیدا و تێکۆشەرانی گەلەکەمانی بانگ کرد، کە لەسەر رێوشوێنێکی نوێ خۆیان رێک بخەنەوە و بۆ بەربەرەکانی کردنی تهجیر و تعریب و روخاندنی رژێمی رەگەزپەرستی بغداد و بەدیهێنانی دروشمە دێرینەکەی شۆڕشی کوردستان (کوردستانی ئۆتۆنۆم و عیراقی دیمکرات)».

پێش ئەو پەرەگرافەی پێشەوە، ئەم زانیاریە هاتووە: «هەر لەبابەت رێبازی نوێی خەبات و ئامانج و فەرمانەکان و شێوەی کارکردنی ی. ن.

ک هۆکانی شکانی شۆڕشی کورد و ڕێوشوێنی هاوکاری نێوان یەکێتی و ئەوان جگە لەوەی هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی نامەی بۆ کاک م. بەرزانی نووسی، هەڤالان فوئاد مەعسوم و عادل مراد یش نامەی دور و درێژیان بۆ نوسی، بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی نوسراو، یان ئیجابی وەربگرنەوە».

پاشان لەسەر بیروڕای یەکێتیی دەوەستێت و مەسەلە گرنگەکان وردەکاتەوە: «بڕینی هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل و دەوڵەتە ئیمپریالیسییەکان. گرتنەبەری سیاسەتێکی نیشتمان پەروەری و پێشکەوتوانە. وازهێنان لە بیری سەپاندنی تاقە پارتییەک بەسەر گەلی کوردا. بەلاوەنانی رەوت و رەفتاری خێڵەکی لە کارکردنی سیاسی دا».

ئینجا ئاماژە بەناوی دەستەیەک لەو پێشمەرگانە دراوە، کە لەگەڵ ئەندازیار؛ ئیبراهیم عەزۆ لە سوریا بەرەو کوردستان بەڕێکەوتوون و سەرکردایەتی کاتی کەمینی بۆیان داناوە و ژمارەیەکی زۆریانی لێ شەهیدکردن.

لە لاپەڕە شەش و حەوتەدا نامەیەکی مام جەلال داندراوە، کە بۆ مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی نووسیوە. وەک بەڵگەیەک بەپێویستی دەزانم چەند رستەیەک لە نامەکە لێرەدا دابنێم، چونکە دەستپێشخەرییەکی گرنگە بۆ کاریی پێکەوەیی و داخوازییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان. نامەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

«١٩٧٦/٨/١٤

برایانی بەڕێز کاک ئیدریس و کاک مەسعود

سلاوێکی گەرم

هیوام وایە ساغوسەلامەت بن

لەم زروفە نالەبارەدا گەلەکەمان پێیدا تێپەڕ ئەبێت زۆر بە پێویستم زانی لەم راستییانەی خوارەوە ئاگادارتان بکەم وە بتانخەمە بەردەم مسئولیەتی مێژویی خۆتان.

دامەزراندنـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بـۆ ڕێکخسـتنەوەی ڕیزەکانـی گەلەکەمـان و هێنانـە جـۆش و خرۆشـی هێزەکانـی شۆڕشـی کوردسـتان بـوو. لـە پـاش ماوەییێکی لەچاوخۆیدا کەم توانرا، کە خۆسـازدان بۆ دەسـت کردنـەوە بـە شـەڕی پارتیزانـی و بەشـێوەی نـوێ بگاتـە ڕادەیەک بتوانرێـت سـەدان پێشـمەرگە ئامادەبکرێـن لـە وولاتـدا و سـەدانیش لـە دەرەوە، ئەوانـەی دەرەوە زۆرتـر بـۆ یارمەتیـدان و یارمەتـی گەیانـدن بـۆ هەڤاڵانـی ناوەوەیـە ئەگینا شـۆڕش وەک هەمـوو جـۆرە خەباتێکی تـر هـەر لـە وولات ئەکرێـت».

ئینجا مـام جـەلال بـاس لـە دوو مەسـەلە دەکات، کـە لە خزمەتی شـۆڕش و کوردایەتـی دایـە:

«- هەمـوو هێـز و تاقـم و کوردێـک ئەبـێ هەڵوێسـتی خـۆی دیـار و ئاشـکرا بـکا بەرامبـەر بـەم هەوڵـەی تاقمێـک لـە ڕۆڵـە جوامێـرە لەخۆبردووەکانـی کوردسـتان ئەیـدەن دژی حکومـی فاشسـتی بەغـداد و ئـەو پلانـە ئیمپریالیسـتەی دژی کوردایەتـی گێـڕدرا. ئەوانـەی یارمەتـی ئـەم خەباتـە تازەیـە ئـەدەن دڵسـۆز و کوردپـەروەرن و ئەوانـەی دژی ئەوەسـتن دژی کوردایەتـی ئەوەسـتن، دژی ژیاندنـەوەی شـۆڕش و بەربەرەکانـی (تعریب و تشـرید)ی گەلەکەمـان و لەناوبردنـی کوردایەتـی ئەوەسـتن لەریـزی حوکمـی بەغـداد و پلانـە ئیمپریالیسـتیەکەدا.

- هەروەهـا لەسـەرەتاوە بەنامـە بـۆ کاک مەسـعود نوسـراوە و چەندیـن جـار بـەزار و بەراسـپاردەش عەرزتـان کـراوە ئێمـە لایەنگـری ڕیزەکانـی گەلـی کوردیـن لەسـەر بناغەیـەکی: نیشـتمانی و پێشـکەوتوو دژی ئیمپریالیزم و فاشیسـت و صهیونیەتـی ئیسـرائیلی و سـەنتۆ و هێـزە کۆنەپەرسـتەکانی خۆماڵـی، وە زۆر هەوڵیشـمان لەگـەڵ ئێـوە داوە».

مـام جـەلال داوایـان لێـدەکات فەرمـوو شـۆڕش بکەنـەوە: «ڕێگـەی خەبـات و شـۆڕش لەکـەس نەگیـراوە و کەسـیش ناتوانێـت بیگرێـت. ئەگـەر

ئێوە ئەتانەوێ شۆڕش بکەنەوە خۆ ئەوە دەستی پێ بکەنەوە و ئێمە هیچ ڕێگەمان لە ئێوە نەگرتوە. ئەگەر تاقمەکەی ئێوە لە تورکیاوە گەرەکیانە شۆڕش بکەنەوە فەرموو با بیکەنەوە و ئێمەش هیچ کۆسپمان بۆ دروست نەکردون تەنانەت ئەمانەی لە سوریاوە گەرەکیانە بچنە لایان ئێمە لە کۆبوونەوەی گشتی داوایان لێ ئەکەین بچن و یارمەتیشیان ئەدەین بڕۆن بۆ لایان وەک یارمەتی بورهانی برای جەوهر نامقمان دا».

پاشان مام جەلال ئەم تکایە دەکات؛ «ئەم نامەیە تکایەکی دڵسۆزانەی برایانەیە بۆ بەربەستی کردنی هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژە لەناوماندا بۆ ئەوەیە کە ئەو خیلافەتە سیاسیانەی نێوان هەردوولا بخرێتە قالبی سیاسی و دیعائی خۆی بەشێوەی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن حواری علنی لەبەرچاوی جەماوەری گەلەکەمان بکرێت نەک بەشێوەی بەگژایەکاچونی عەسکەری و یەکترکوشتن و هەوڵدان بۆ ئیغتیال کردنی سەرکردەکانی هەردوولا».

مام جەلال نامەکەی بەم پەرەگرافە کۆتایی دێنێت: «دیسان بانگی ویجدانتان ئەکەم کە دەسکەوتی گەلەکەمان دەسکەوتی شۆڕشی کۆرپە و تازەمان بخەنەسەر هەموو شتێکی تایبەتی فەرموون بۆ یەکێتییەکی نیشتمانی پێشکەوتوو لەنێوان هەموو هێزەکانی کوردستان و عراقدا، فەرموون بۆ هاوکارییەکی جدی بۆ ژیاندنەوەی شۆڕش و خەبات دژی حوکمی فاشستی بەغدا شان بە شانی هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی عیراق، فەرموون بۆ برایەتی نەوەکا بۆ شەڕی براکوژە. بەهیوای وەرامێکی نوسراو لێتانەوە بەخواتان ئەسپێرم».

هەروەها لە بڵاوکراوەکەدا هاتووە لەرێگەی پەیوەندییەکانی عەلی سنجاری»لە راپۆرتەکەدا نوسراوە ئەوسا عەلی سنجاری سەر بە ی. ن. ک بوو» رۆژی (١٩٧٦/١٠/١٨)، لە شاری لەندەن مام جەلال

بەنوێنەرایەتی یەکێتیی لەگەڵ مەسعود بارزانی و سامی عەبدولرەحمان کۆبووەوە و لەکۆتایدا گەیشتنە ئەوەی کە:

- کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوەی مشتەرەکی یەکێتی و ئەوان بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو تاوانەی بەرامبەر بە هەندێ پێشمەرگەی کوردستان لە تورکیا کراوە پێک بێت. م. بەرزانی و ق. م وایان پیشاندا، کە سەرکردایەتی ق. م ئاگای لە شتی وانیە و ئەگەر وابێت وەکو نوێنەری یەکێتی ئەڵێت ئەو تاوانە ئەوان استنکاری ئەکەن لەگەڵ یەکێتی رێ بکەون و یاری نەکەن لێی ئەکۆڵنەوە چونکە بۆ سومعەی خۆیان خراپە.

- ق. م درێژەکێشانی سەرکردایەتی پێشوی پارتی نیە و ئەوان هەموو پەیوەندیەکیان پچڕیوە لەگەڵ ئیران و ئیسرائیل و ئیمپریالیزم، لە گومان لێکراوەکان و سیاسەتێکی نیشتمانی پێشکەوتووتر ئەگرنەبەر، ئەو لایانەی بە کردەوە دەریان خستوە، کە دوژمنی گەلی کوردن جارێکی تر نابێ بە هیچ جۆرێک پشتیان پێ ببەسترێت.

- کردنی شۆڕشی کوردستان بە شۆڕشێکی عراقی.

- راوەستانی هێرش بردنەسەر یەکتری بە قسە بە نوسین بە تفەنگ».

هەر لەکۆبوونەوەکەی لەندەن دا، مام جەلال پڕۆژەیەکی نووسراوی بۆ هاوکاری نێوان هێزەکان بە ق. م داوە. پڕۆژەکە بەزمانی عەرەبی نووسراوە و لەژێر ئەم ناونیشانە دایە «مشروع میثاق التعاون الوطني في کردستان العراق»، ئەو پڕۆژەیە زیاترە لە سێ لاپەڕە و پێنج خاڵی سەرەکییە، هەر یەکێک لە خاڵەکان خوردکراوەتەوە. دوای ماوەیەک ق. م «سەرکردایەتی کاتی» پڕۆژەکە دەخوێننەوە. لێیدەکۆڵنەوە و لێیزیادەکەن، وەک پڕۆژەی ق. م بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ی دەنێرنەوە. پڕۆژەکەیان لەژێر ئەم ناونیشانە دایە «مشروع میثاق جبهة النضال الوطني الکردستاني».

لـه لاپـەڕە ١٥ی بەڵگەنامەکـەدا بۆچـوون و بیـروڕای یەکێتیی-یـەکان سـەبارەت بـە ق. م نووسـراوە: «لێـرەدا بەپێویسـتی ئەزانیـن دوای ئـەو هەمـوو پەیوەندی و یەکتر بینینە هەندێک انطباعـات و بیرۆڕای هەڤاڵانی یەکێتـی بگێڕینـەوە». بیـروڕاکان پوخـت دەکەینـەوە و ناکرێـت دەقـاودەق بینانووسـینەوە:

- ق. م کـە نوێنـەری هەندێـک چیـن و تاقمـی کۆمەڵـی کـوردە وەکـو هێزێـک هـەن بـەڵام لـە نـاوەوە تـا ئێسـتا کـز و بێهێـزن.

- لەو گفتوگۆیانەدا، کە کراوە هەڵوێستی ق. م ئیجابییە و ئارەزووییەکی زۆری هـاوکاری و پێکەوە کارکردن پیشـان ئـەدەن، بـەڵام بەداخـەوە ئەمـە تائێسـتا کـردەوەی لەگـەڵ نەبووە.

- ق. م هەرچەندە ئەڵێن گوایە ئـەوان وەکو حزبێکی مارکسـی- لینینی خەبـات ئەکـەن بـەڵام تائێسـتاش رەوت و رەفتـاری خێڵەکیانـەی ئیشکردنی سیاسـییان بەتـەواوی بەرنـەداوە.

- زۆربـەی ئەوانـەی کـە ئێسـتا بەنـاوی ق. م ئیش ئەکـەن خەڵکـی لـەو بابەتـە نین کـە پـەروەردەی قوتابخانـەی فکری پ. د. ک و ئەندامـی خـاوەن تەجروبـە و کۆن بن.

لاپـەڕە ١٦ی بڵاوکراوەکـە تەرخانکـراوە بـۆ دیدارێکـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی، کـە چەنـد رۆژێـک دوای هەرەسـی ١٩٧٥ بـۆ رۆژنامـەی «رسـتاخیز» لێدوانـی داوە.

لـە دوا لاپـەڕەدا، کـە لاپـەڕە حەڤدەیـە، ژیاننامـەی شـەهید ئیبراهیـم عەزۆ نووسراوە.

ئـەم بەڵگەنامەیـە، سـەرچاوەیەکی گرنگـە بـۆ نووسـینەوەی مێـژووی یەکێتیـی نیشـتمانیی و سـەرەتای خەباتـی شـۆڕشـی نـوێ.

## بابەتی یازدەیەم

## گفتوگۆی ١٩٧٧، چۆنکرا؟ ئەنجام چی بوو؟

یەکێتیی لە سەرەتای خۆ سازدانەوەیە، نامەیەک بە دەستخەتی سەدام حوسێن بە سەرکردایەتی دەگات و داوای گفتوگۆ دەکات. ئەوکاتە کۆمەڵێک سەرکردە و کادری یەکێتیی لەناوچەکە بوون «مەبەستم لە گوندەکانی ناوچەی برادۆستە» دوای گۆڕینەوەی بیروڕا و قسە و باسێکی زۆر بڕیاردەدەن وەڵامی ئەو نامەیە بە ئەرێنی بدەنەوە.

مام جەلال بەمشێوەیە باس لەو رووداوە دەکات: «ئێمە لەناوچەی سێ سنوور بووین، واتا لەناوچەی برادۆست، لەوێ سەرماندا لە حاجی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ رەشیدی لۆلان، لە دێیەکەی خۆیان لە لۆلان بوو، ئەوسا ئەو دێیە ئاوەدان بوو، چاومان پێکەوت و دوای چاکوچۆنی و دەنگوباس، خۆی باسی ئەوەی کرد، کە حکومەت رای سپاردووە ئەوان ئامادەی گفتوگۆن لەگەڵ ئێمە، ئێمەش مۆڵەتمان لێخواست تا لەناو خۆماندا باسی لێبکەین. ئێمە کۆبوونەوەیەکمان کرد بەگشتی دەنگ هەموو برادەرانی سەرکردایەتی کە لەوێ بوون، رەزامەندیان دەربڕی، لەو برادەرانەی، لەبیرمە کە لەوێ بەشداربوون، جگە لە من و نەوشیروان، عەلی عەسکەری، سالار عەزیز، مولازم عومەر، رەسوڵ مامەند و چەند برادەرێکی تر بوون.... بڕیارماندا بچین بەپیر ئەو داخوازییەی حکومەتی عێراقەوە و بزانین چی دەبێت... گوتم: ئەگەر ئەوان سەدام حسێنیان داناوە، ئەوا ئێمە عەلی عەسکەری

دەنێرین، ئەگەر قائیدی فەیلەقی کوردستانیان داناوە، ئەوا ئێمە ملازم عومەر دەنێرین... کە وەڵام هاتەوە گوتیان سەدام حسێن راسپێردراوە، بۆیە ئێمەش بڕیارماندا عەلی عەسکەری بنێرین. عەلی عەسکەری لەگەڵ شێخ محەمەدی لۆلان رۆیشتن» (سەلاح رەشید، ٢٠١٧، ل٨٠).

محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت: «لە رۆژی ٣-١٩٧٧/١١/٦ کاک عەلی عەسکەری هەر بە جلی کوردی بە پاتەی لاستیک و جامانەوە چوو بۆ کەرکوک و بەغدا، لە بەغدا سێ هەلیکۆپتەر هاتبوون و هەندێک ئازووقە و خواردنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، بەو شێوەیەش کاک عەلی سێ رۆژی پێ چوو بوو، عدنان خیروللە و پاشان سەدام حوسێنی دیبوو، کە لە پاشاندا بە مام جەلالی ووت: سەدام ویستویەتی لەسەرمان نەنوسێ، وەک کاک عەلی نامیلکەیەکی بچووکیشی لەگەڵ خۆیا هێنابوو، وا دیاربوو لەسەر گواستنەوەی سنوورەکان نەگەیشتبوونە ئاکامێک و ئەویش وتبووی با بگەڕێمەوە و لەگەڵ مام جەلال دا قسە دەکەین.. کە هاتەوە ئیتر نەچۆوە و پاشان حاجی محەمەد لەلای عیراقەوە ئاگاداری کردینەوە، کە ناوچەکە چۆڵ بکەین (واتە پێشمەرگە ناوچەکە چۆڵ بکات) یا گلەیی نەکەن ئەگەر عەشیرەتەکەی کەوتە بەر هێرش و پەلامار و زیان هەبوو» (محمد حاجی محمود، ١٩٩٩، ل١٣٣).

نەوشیروان مستەفا بەم زانیارییە ئەم باسە دەوڵەمەند دەکات: «سەرکردایەتی عیراقی کاغەزێکی سپی بێ سەرناو و بێ ئیمزا بەمەرەکەبێکی سەوز بەخەتی سەدام حسێن ناردبوو... نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٧، ل١٨٠»، وەک لە کتێبی ناوبراودا هاتووە، لەنامەکەدا چەندان خاڵ وەک دەسپێکردنی گفتوگۆ نووسراوە. دوای زنجیرەیەک کۆبونەوەی سەرکردایەتی و کادرانی یەکێتیی، ئەوانیش لە کاغەزێکی بێ سەرناو و ئیمزا بەچەند خاڵێک لەسەر گفتوگۆ رازیبوون، نامە بە بەغدا دەگات. دوای ئەمە عەلی عەسکەری لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٧

لـه لـۆلان-ەوه بەهالیکۆپتـەر بـۆ کەرکوک بردراوه و پاشـان چۆتـه بەغدا، دوای سـێ ڕۆژ مانـەوه و بینینـی چەنـد سـەرکردەیەکی بەعس لەناویانـدا سـەدام حوسـێن. عەلـی عەسـکەری بـۆ ناوچـەی برادۆسـت دەگەڕێتـەوە. دەرکەوت بەعس لـه پێگـەی هێزەوه ئـەو نامەیـەی ناردووه و بـه خاڵەکانی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ڕازی نەبـووه و ئـەم گفتوگۆیـه سـەری نەگـرت.

ئەوکاتـه هێشـتا چەنـد سـەرکردەیەکی یەکێتیی لـه دەرەوەی وڵات بوون و ئیعتبـار بـۆ بۆچوونەکانیـان دادەنـدرا، لەوانـەش کەمـال فوئـاد، عومـەر مسـتەفا، فوئـاد مەعسـووم، عومـەر شـێخمووس، عـادل مـوراد، عەبدولرەزاق فەیلـی، شـازاد سـائیب و .. تـاد. ئەوانـه زۆربەیـان سـرنجیان لەسـەر ئـەو گفتوگۆیـه هەبـوو. بـۆ نموونـه ئەمـه بۆچوونـی عومـەر مسـتەفا: «ئـەو گفتوگۆیـەی لـەو دواییـەدا هەڤـاڵان لـه وڵات لەگـەڵ حکومەتیـان کردبـوو تأثیرێکی خراپی کردووەتـه سـەر لایەکانی (تجمع)ی عیراقی و ئـەو لایەنـه عیراقییانـەش، کـه لـه تجمع دا نین لـەو ڕووەوە کـه پرسـیان پـێ نەکراوه و گوایـه نیشـانەی ئەوەشـه کـه ئێمـه وازمـان لـه (اسـقاطی حوکم) هێنابێت. بـەڵام کاربەدەسـتانی ئـەو وڵاتـەی کەمـن لێـی دەژیـم ئـەو هەنگاوەمانیـان زۆر لاباش و پیرۆز بوو وه مەدحیان کردین، ئەگەرچـی ڕەنگه ئەوانیش لەدڵـی خۆیانـدا پێیـان خـۆش نەبووبێـت» (نامـەی عومـەر مسـتەفا بـۆ عومـەر شـێخمووس، لەندەن، ڕۆژی ١٩٧٨/٢/٣). بەڵام لـه شـوێنێکی دیکەی نامەکەیـدا دان بـەوەدا دەنێـت، کـه سـوریا «ئـەو وڵاتـەی کـه دەبابـە-ی لێدەژیـا فشـارێکی زۆریـان لەسـەر بـووه بـۆ ئاشـتبوونەوه لەگـەڵ عێـراق. لـەم نامەیـەدا ئاماژە بـه «تجمع» کراوه، واتـه «تجمع وطني عراقي-تـوع»، کـه ئەوکاتـه یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لـەو تەجەموعـەدا ئەندام بـوو، ئەندامانـی ئـەو تەجەموعـه دروشـمی ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس-ی بەغدایـان بەرزکردبـووەوە.

سەبارەت هەمان بابەت و بۆ باشتر تێگەیشتن لەدۆخی ناو سەرکردایەتی یەکێتیی، بەتایبەتیش ئەوانەی لە دەرەوە خەریکی خەبات و تێکۆشان بوون، ئاماژە بەنامەیەکی فوئاد مەعسووم دەدەم. نامەکە پێنج لاپەڕەیە و وەک لە پەرەگرافی دووەمدا هاتووە: «من لێرەدا حەز دەکەم رەئی خۆم و کاک عادل مرادتان بۆ بنووسم». کەواتە ئەم نامەیە بە ئاگاداری عادل موراد نووسراوە. نامەکە زۆربەی تەرخانکراوە، بۆ ئەو گفتوگۆیە، ئەو لەباری شکلی و مەوزوعییەوە شرۆڤەی بۆ کاتی گفتوگۆیەکە کردووە. ئەمە دەستپێکی نامەکەیە: «ماوەیەکە میری هەوڵ ئەدا پەیوەندی لەگەڵ برادەران بکا لە رێگای هێندێ عەلاقاتی شخصی وە هەر جار برادەرانی وڵات دەیان گوت: وەڵامیان نادەینەوە. لەناکاو مام بۆ «قيادة العمل الوطني في التجمع العراقي» هات باسی چونی کاک علی عەسکەری ئەکا بۆ بەغدا و کە ٣ سعات صدامی دیوە، بەراستی مفاجئە بوو بۆمان، وە برادەرانیش وەنەبوو لە نامەیەک حقیقەتی موقفمان بۆ بنوسن، خلفیاتی ئەم مەسەلەیە چیە؟ هەر ئەوەندە دەڵێن: لە نامەکەی تجمع هەموو شت هەیە» (نامەی د. فوئاد بۆ فەرید و هۆمەر، پاریس ١٩٧٧/١٢/١٦). د.فوئاد واتە د. فوئاد مەعسوم. فەرید واتە د. کەمال فوئاد. هۆمەر واتە عومەر شێخمووس.

لەباری شکلییەوە د. فوئاد ئەم سەرنجەی لەسەر گفتوگۆیەکە نووسیوە: «چۆن یەکێکی وەک علی عسکری بەو سرعەتە یەکسەر دەنێردرێتە لای صدام دەبا یەکێتی تر بناردرابا. بەڵکو نەدەبا راستەوخۆ کەس بنێرن، دەبێ لایەکی سێیەم هەبێ.. ئەو لایەش، یا سۆڤیەت، یا جهەتێکی عەرەبی، تا نرخ بدرێ بە مفاوەضاتەکە و هەر لە عەینی کاتیشدا ئەو لای سێیەمە ضمان بێ»، ئەمە و لەباری مەوزوعییەوە بەمجۆرە شیکاریی بۆ کردووە: «یەکیەتی لەوەتەی دروست بوە

دروشمی روخانی رژێمی هەڵگرتوە، هەر لە بەیانی یەکەمیەوە تا ئەو دواییەیە، ئەمەش لە ئەنجامی تحلیلی علمی رژێم، کە ممکن نیە بە هیچ جۆرێ بڕوای بێ بە دیموکراتیەت و مافی کوردیش بدا لە عراق». ئەو دەڵێت: «یەکێتی بەرپابوو..بۆ شۆڕشی چەکدار، شۆڕشی چەکداریش بۆ هێنانەدی پێنج نوقتەکەیە لە بەیانی یەکەمدا هاتوە: اسقاط، ائتلاف.. هتد». فوئاد مەعسوم لە دەرهاویشتەی سەرکەوتنی گفتۆگۆ ترساوە، وەک دەردەکەوێت باوەڕی بە پەیمان و قسەکانی رژێم نەبووە: «ئەو رژێمەی بەغدا بە هیچ جۆرێ واناکا جەماوەری کوردستان لە ژیانێکی سەربەستیدا بژین، واتە ئەو خەڵکە هەردەم هەست بە غەدری رژێم ئەکەن، چاو لەو کەسانە دەگێڕن دفاعیان لێ ئەکات.. ئەو جارە لەگەڵ رژێمی بەعث بگەینەوەیەک، یەک بە یەک تصفیەمان دەکا، هەر لە مام جەلالەوە بگرە تا ئەو پێشمەرگەی ماڵی سوتاوە و ناچار چەکی هەڵگرتوە». ئینجا دێتەسەر مەرجەعبوونی مام جەلال و بوونی ئەو گفتوگۆیە زیان لە کەسێتی مام جەلال دەدات: «ئەو مفاوضاتە بچتە سەر ضربەکی زۆر گەورەی کوژندەیە لە مام جەلال. جارێکی تر کەس بە قسەی ناکا و گوێی ناداتێ، وە بەراستی سمعەی مام جەلال و مانەوەی لە سەرەوەی بزوتنەوەی کورد سودی زۆری هەیە لەم مرحلەیەدا کە نە پارتێکی پێشرەو هەیە، نە زعیمێکی شعبی هەیە خەڵکی لە دەورە کۆببنەوە». سەرەڕای ئەو سەرنجانە، لەکۆتایدا دەنووسێت: «ئیمە دژی مفاوەزات نین».

لەکۆی هەموو قسەکاندا دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

- بەعس لەئەوجی هێز و پێگەکەیدا داوای گفتوگۆی کردووە.
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەرەتای خۆسازدان و دەسپێکردنەوەی خەباتی پێشمەرگانەدا بووە.
- بەعس ئەگەر حیسابێکی وردیشی سەبارەت بە هێزی مرۆیی، هێزی

پێشمەرگە لەبەردەست نەبێت، بەڵام حیسابێکی وردی بۆ سەرکردەکانی شۆڕشی نوێ کردووە؛ وەک؛ مام جەلال، عەلی عەسکەری.. لەو نامەیەدا، کە ناردرابوو نووسراوە: «ان ماضي العلاقة مع جلال و ماضي علي عسكري يتيحان فرصا جدية لبناء علاقات من شانها خدمة شعبنا العراقي بعربه و اكراده» (نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٧، ل١٨١»، کەواتە بەعس حیسابی وردی بۆ پێگەی هەردووکیان کردووە.

- داخوازییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاسایکردنەوەی ناوچەکان و دەستهەڵگرتنی بەعس بووە لە تەهجیر و تەرحیل.

- بەعس بەتایبەتیش سەدام حوسێن بە ئاشکرا بە عەلی عەسکەری گوتوە؛ ئێمە دەست لە تەرحیل و تەهجیر هەڵناگرین.

- کورت و پوخت بەعس داوای کردووە دەست لەخەباتی چەکدارییی هەڵبگرن و پێکەوە خزمەت بە بیناکردنەوەی عێراق بکەن.

## بابەتی دوازدەیەم

# ئایدیۆلۆجیا و گوتار و
# پەیوەندییەکانی یەکێتیی

ئەمیر حەسەنپوور لە ١٩٤٣/١١/١٠ لە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە (١٩٦٠-١٩٦٤) لە زانکۆی تاران وەرگرتووە. ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٦ لە خوێندنگایەکانی شاری مەهاباد مامۆستای وانەی ئینگلیزی بووە. ئەندامی کۆنفدراسیۆنی جیهانی خوێندکارە ئێرانییەکان- یەکێتیی نەتەوەیی و یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران بووە. بۆ خوێندنی زیاتر ساڵی ١٩٧٣ رووی لە ئەمریکا کردووە. لە جیهاندا لە چەندان زانکۆ وانەی گوتۆتەوە. ساڵی ١٩٨٦ تا رۆژی ٢٠١٧/٦/٢٤، کە کۆچی دوایی دەکات، لە وڵاتی کەنەدا ژیاوە. خاوەنی چەندان کتێب و توێژینەوەی ئەکادیمییە لە بوارەکانی زمان و ناسیونالیزم و دیموکراتی و شێوازەکانی رەخنەگرتن دەینووسی، هەروەها قسە و باسی سەبارەت بە جینۆساید و ململانێی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا کردووە، ئەو خاوەنی دیدێکی تایبەتە سەبارەت بە ناسیونالیزمی کوردی. بابەتەکانی بە زمانی کوردی، ئینگلیزی و فارسی نووسیوە. ساڵی ١٩٧٥ کە کۆمیتەی ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی حەڤدەمینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دادەمەزرێت، کاک ئەمیر هەڵسوڕاوێکی دیاری کۆمیتەکە بوو. پاشان کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا)

دادەمەزرێت، بەشداری لە زۆربەی کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دەکات، لقی ئەمریکای کۆمەڵەی ناوبراو بە هەوڵ و هاوکاری ئەو دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٥، کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەمیر تاهیری بۆ ڕۆژنامەی کەیهان-ی تاران چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی دەکات و ڕۆژنامەکە بەم ناونیشانە «کار من تمام است» سەرنجی خوێنەران بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، ئەمیر حەسەنپوور و حەسەن قازی دەقی چاوپێکەوتنەکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕن.

ئەم نامەیە ڕۆژی ١٩٧٧/١/٤ لە لایەن پرۆفیسۆر: د. ئەمیر حەسەنپوور نووسراوە و ئاڕاستەی عومەر شێخمووس کراوە، بەگوێرەی مێژووی سەر نامەکە بێت، ساڵێک و پێنج مانگە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە. ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە نەخشەرێگای کاری: پەیوەندی، ئاڕاستە، گوتار، چ ئایدۆلۆجیا، کە پێویستە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری لەسەر بکات، دیارە نووسەری نامە بە گوێرەی ڕوانینەکانی خۆی بۆ ئەو مەسەلانە چووە.

لە عومەر شێخمووس-م پرسی لە چەند شوێنێک وەک کەسێکی نزیک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕستەکانی داڕشتوون، گوتی: هەر لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تا کۆچی دواییەکەی، کاک ئەمیر دۆستێکی هەرە نزیکی یەکێتیی بوو.

لەم پێشەکییەدا ناکرێت سوپاسی ئەحمەد ئەسکەندەری نەکەم، کە لە دوو شوێن یارمەتی داوم، بە تایبەتیش لەو شوێنەی، کە د. ئەمیر ئاماژە بە لێدوانی نوێنەرێکی یەکێتیی نیشتمانیی کورستان بۆ گۆڤار Inprecor، دەدات، ئەحمەد ئەسکەندەری گوتی: ئەو نوێنەرەی یەکێتی نەوشیروان مستەفایە. بە سوپاسەوە ژمارەی گۆڤارەکەی بۆ ناردم، گۆڤاری ناوبراو ساڵی ١٩٧٦ ئەو لێدوانەی بڵاوکردۆتەوە. ئەو گۆڤارە لە لایەن ئینترناسیونالی چوارەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەمە و لە کۆتایی

نامەکـەدا د. ئەمیـر ئامـاژە بـە نووسـینێک دەدات لەژێـر ناونیشـانی»باری ئێسـتەی خەباتمـان» ئـەم بابەتـە مـام جـەلال دوای بابەتـی «یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، بۆچـی؟» نووسـیویەتی.

ئەم نامەیە هەر ئەو کاتە نووسراوە، کە مام جەلال و سەرکردەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان روویـان لـە ناوچـەی برادۆسـت کـردووە. لەبـەر گرنگـی ناوەرۆکـی نامەکـە و ئـەو باسـەی وروژاندوویەتـی، لـەم کتێبـەدا شـوێنی بـۆ تەرخـان دەکـەم.

ئەمـە و پێویسـتە ئاماژە بەو زمانـە جوانـە بدەم، کە کاک ئەمیر نزیکەی پەنجـا سـاڵ لەمەوبـەر بـەو زمانـە پـاراوە کوردییـە نامەکـەی نووسـیوە، وەک ناوەڕۆکەکـەی پێویسـتە توێـژەران لەسـەری بوەسـتن. مـن نامەکـەم دەقـاودەق نووسـیوەتەوە، بـەڵام لـە دوو شـوێن دەسـتکاریی رێنووسـەکەم کـردووە، یەکـەم: بـۆ (و)ی پەیوەنـدی ئـەو دوو (وو)ی نووسـیوە، مـن کردوومـە بـە یـەک (و). دووەم: لـە چەنـدان شـوێن نیشـانەی (٧) بـۆ (ێ) دانەنـاوە، بـۆ جیاکردنـەوەی واتـای دەنگـەکان، نیشـانەی حەوتـم لەسـەر دەنگـی (ی)ی دانـاوە.

دەقی نامەکەی؛ د. ئەمیر حەسەنپوور

(هاوڕێ ی خۆشەویست: ٤ ژانویە ٧٧

بەعزە مەسـەلەیێک هەیە کە بە پێویستی دەزانم زۆر زوو بە کورتـی باسـی بکـەم: لـە پێشـدا مەسـەلەی دۆسـت و دوژمـن لـە بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی گەلەکەمانـدا. ئـەو مەسـەلەیە خەریکـە دەبێتـە کۆسـپێک لـە رێگـەی پەرەپێدانـی خەباتـی شۆڕشـگێرانە. ئـەم باسـە کورتـە لەسـەر ئەساسـی رەخنـە و رەخنـە لەخۆگرتـن دەسـت پێدەکـرێ و ئامانـج ئەوەیـە کە هـەم لە بیرووڕا و هـەم لـە کردەوەدا یارمەتی بدا بۆ چارەسـەکردنی

ئـەو مەسـەلەیە.

ڕێبـازی نوێـی بزووتنـەوەی گەلـی کـوردی عیـراق- بەرابەرایەتـی «یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان» (ی. ن. ک) ڕێبازێکـی شۆڕشـگێڕانەیە و ڕێگـەی ڕزگاری کوردسـتانی عیـراق و سەرانسـەری عیراقـی گرتۆتـەوە. بەڵام دامەزراندنـی ی. ن. ک و خسـتنە پێش چاوی ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانە نەبۆتـە (و ناتوانـێ ببێتـە) لابردنـی تـەواوی کەنـد و کۆسـپەکان. بـۆ؟

ڕێبـازی نـوێ لـە پرۆسـەی خەبـات لـە دژی ڕێبـازی دواکەوتـوو و کۆنەپەرسـتانەدا پەیدابـوە بـەڵام ئـەو ڕێبـازە نەیتوانیـوە (و ناتوانـێ) کـوت و پـڕ و سـووک و هاسـان تـەواوی پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ ڕێبـازی کـۆن ببـڕێ. بۆچـی؟ چونکـە ڕێبـازی نوێ لـە پرۆسـەی خەباتێکی ئیدەئولۆژیک و سیاسـی قـووڵ و بەریـن لـە دژی ڕێبـازی کـۆن پەیـدا نەبـوە. هەربۆیـە ڕێبـازی نـوێ بـە زۆر کـۆت و زنجیـر بەسـتراوەتەوە بـە ڕێبـازی کـۆن. پێویسـتە ئـەو بەنـد و زنجیرانـە بپسـێنین.

یەکێـک لـەو کـۆت و زنجیرانـە، کـە ڕێبـازی نـوێ بـە ڕێبـازی کـۆن دەبەسـتێتەوە مەسـەلەی دۆسـت و دوژمـن لـە خەباتـی گەلەکەمـان دایـە. ڕێبـازی دواکەوتـوو و کۆنەپەرسـتانە (هەردووکیـان) دۆسـت و دوژمنیـان تێکـەڵ کـروە و لـێ یـان شـێواوە (یـان دەی شـێوێنن). ڕێبازی دواکەوتـوو و کۆنەپەرسـتانە دوژمنـی هـەرە گـەورەی گەلـی کـورد (ئیمپریالیزمـی ئەمریکی و سەهیونیسـم و ڕێژیمی کۆنەپرستی شـای) کردە دۆسـتی گەل و هەمـوو دۆسـت و هاوپەیمانـان گەلەکەمانـی بـە دوژمـن دانـا.

بەعـزە لایەنگرانێکـی ڕێبـازی نـوێ (نـە بـە ئانقەسـت، بـەڵام لەبـەر هوشـیار نەبوون، لەبەر نەناسـینی مەسـەلەکە، لەبەرئـەوەی کە خەباتێکی ئیدەئولوژیکی ئەوتۆ نەکراوە) بە چەشـنێکی تر لەسـەر مەسـەلەی دۆسـت و دوژمن سـەریان لێ شێواوە. بۆ وێنە نوێنەرێکی ی. ن. ک دوژمنێک گەلی کورد و هەمـوو گەلانـی دنیا- ئینترناسـیونالی ٤»- کە بنکەی ئیمپریالیزمە

بە دۆستی گەلی کورد دادەنێ (بڕوانە وت وو وێژی «ئەندامێکی ی. ن. ک» لەگەڵ گۆڤاری ئینیرێکۆر بڵاوکراوەی «ئینترناسیونالی ٤» ژمارە ٥٦، ٢٢ جولای ١٩٧٦).

بۆچی ڕێبازی نوێ خۆی لە دوژمنی وەک ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ڕێژیمی شاە دەپارێزی، بەڵام دەکەوێتە باوەشی یەکێکی تر لە دەست و پەیوەندەکانی ئیمپریالیزمی (واتە «ئینترناسیوالی ٤»)؟ بۆچی ڕێبازی نوێ گوێ ناداتە هۆشی مینی مەزن کە هەموو گەلانی دنیا لە تروتسکیستان دەپرینگێنێتەوە؟ بۆچی ڕێبازی نوێ تەجروبەی چینی کرێکاری سۆڤیەت و چین و ویتنام ئەخاتە ژێرپێ و لە خۆیەوە ئەسل و مەبدەء دادەنێ؟ ئایا ڕێبازی نوێ لە وجوودی تروتسکیسم دا حەقیقەتێکی وای دیوەتەوە کە لێنین وو ئیستالین و مائو و هۆشی مینی نەیانتوانی بیبیننەوە؟

ڕەنگە مارکیست- لینینیستی کورد خۆیان بە «سەربەخۆ» دابنێن. ئەوە شتێکی سەیر نیە. پرسیار ئەوەیە: سەربەخۆ لە کێ و لە چی؟ سەربەخۆ لە چ ڕێبازێک؟ ڕێبازی بزووتنەوەی کومونیستی یەک ڕێباز زیاتر نیە ئەویش ڕێبازی مارکس- ئینگلێس- لینین- ستالین- مائۆیە. ئەگەر کەسێک «سەربەخۆیی» لەو ڕێبازە بکاتە ئامانجی خۆی، چ ئاگادار بێ و چ نەبێ، سەری بە ڕێبازەکەی دی دەبەسترێتەوە یانی ڕێبازی بورژوازی. هیچ «بەهەشتێکی» وا دروست نەکراوە کە لە نیوەڕاست دوو ڕێباز بێ و ناسیونالیستی کورد بتوانێ لەوێ دا بحەسێتەوە و دڵی خۆی خۆش بکا کە مارکیست- لینینیستە. لە دنیایەدا دوو ڕێباز زیاتر ناتوانێ هەبێ: ڕێبازی چینی کرێکار و چینی بورژوازی (ڕێبازی وردە بورژوازی و وەرزێریش هەر بورژوازیە). ماتریالیسم و ئیدەئالیسم. ئەگەر ئیستە مارکسیست- لینیستی کورد پێیان وایە ڕێبازێکی ناوەڕاست یان ڕێبازی سەیوم هەیە واباشە بۆ قازانجی چینی کرێکار و گەلە ڕزگاریخوازەکان ئەو کەشفە مێژوویە بڵاوبکەنەوە تا شۆڕشگێڕانی دنیایە. لەو هەڵەیەی

مارکس و ئینگلیس و لینین و ستالین و مائو (کە دەڵێن دوو ڕێباز زیاتر نیە) رزگاریان بێ!

ئەسلی سەربەخۆیی بەو مەعنایە نیە کە سەربەخۆبین بۆ یەک گرتن لەگەڵ هەر هێزێکی دژی گەلدا وەک تروتسکیستەکان. ئەسلی سەربەخۆیی بەو مەعنایەیە کە چینی کرێکاری یەک وڵات (یان یەک گەل) تەنیا بۆخۆی دەتوانێ خۆی رزگار بکا. هیچ هێز و هیچ ڕێکخراوە و چینێک ناتوانێ ئەو کارە گرینگەی بۆ بکا. (ئاشکرایە کە یارمەتی لە هەموو شۆڕشگێڕان وەردەگیرێ).

لە بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لە ئەورووپاش دا ئەو مەسەلەیە (نەناسینی دۆست و دوژمن) خۆی باش دەنوێنێ. ئیستە کە ئیمپریالیزم بەرەو رووخان ئەڕوا و شۆڕشی گەلان هرووژمی دەباتەسەر، ڕێبازێک هەیە کە دەیەوێ ئیمپریالیزم نەجات بدا. ڕێبازێک کە دەترسێ ویەتنام و کامبوج لە هەموو وڵاتان دیسان دووپاتە ببیتەوە. ئەو ڕێبازە دوو فورمی هەیە: ١- لە بزووتنەوەی کومونیستی دا و ٢- لە بزووتنەوەی دیموکراتیک دا.

١- لە بزوتنەوەی کومونیستی دا ڕێبازی Octobr League، «حیزبی شۆڕشگێڕی کرێکار و وەرزێر» (تورکیا)، ئومانیتە روژ (فەرانسە)، ک. ب. و. (ئەلمان)، کلارتە (سوئید)، «خەتی راست»، «سازمان انقلابی حزب تودە»... (ئیران). ئەوە ئەو ڕێبازەیە کە کە خەیانەتنامەی ٦ مارسی ٧٥ بە «قازانجی گەلانی عیراق و ئیران» دەژمێرێ؛ ئەو ڕێبازەی کە لە ئیزمیری تورکیا بەرەو پیری شای کۆنەپەرست دەچێ و دەڵێ «دەوڵەتی شا یەکێک لە هێزە ئەساسیەکانی شۆڕشی جیهانی»یە؛ ئەوە ئەو ڕێبازەیە کە ئیمپریالیزمی رووسی بە «مەترسی بنچینەیی»دادەنێ و دەڵێ «بژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا»..

٢- لە بزووتنەوەی دیموکراتیکدا ئەو ڕێبازەی، کە هەمیشە بۆ

رزگارکردنی وڵات خۆی بە «دوژمنی دوژمن» بەستۆتەوە- ئەو ڕێبازەی کە ئیستە لە ئێرانا بۆ بەربەرەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی خۆی بە ئیمپریالیزمی رووسی دەبەستێتەوە؛ ڕێبازی بورژوازی لیبرال و نیشتمانپەروەر، کە لە هێزی گەل دەترسێ و ناوێرێ پشتی خۆی پێ ببەستێتەوە. ڕێبازێکی، کە دەڵێ ئیمپریالیزمی رووس ئیمپریالیزم نیە و سوسیالستە و دۆستی گەلانە. ئەوە هەر ئەو ڕێبازەیە کە (لە ئیران) لە بزووتنەوەی مشروطیت خۆی بە ئیمپریالیزمی ئینگلیس بەستەوە و دەیگوت ئەو هێزە ئیمپریالیست نیە و یارمەتی گەلان دەدا. ئەوە هەر ئەو ڕێبازەیە کە لە سالآنی ١٩٥٠-١٩٥٤ بۆ بەربەرەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیس خۆی بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی بەستەوە و دەیگوت ئیمپریالیزمی ئەمریکی ئیمپریالیم نیە و یارمەتی گەلان دەدا. ئەو ڕێبازەش لەناو بزووتنەوەی دیموکراتیکی هەموو گەلانی دنیایەدا هەیە.

ڕێبازی ١ و ٢ یەک ناوەڕۆکی هەیە: خۆبەستنەوە بە یەکێک لە ئیمپریالیستەکان و ترسان لە پشت بەستنەوە بە چینە زەحمەتکێشەکان.

با ئەو ڕێبازی خۆبەستنەوە بە ئیمپریالیزم هەر خۆی بە «شۆڕشگێڕ»، «ماوی» و.... دابنێ. با هەزار ئیدیعای «شۆڕشگێڕانە» بکا. ئەو ڕێبازە ڕێبازێکی ئوپورتونیستیە و ئاخریکەی دەبێتە ڕێبازێکی کۆنەپەرستانە، هەروەک ڕێبازی کائوتسکی، پلیخانوف و ئیرل برادر Browder (حیزبی شیوعی ئەمریکا) بەناوی «مارکسیم» و «مارکسیسم لینینسیم» بوون بە ڕێبازێکی کۆنەپەرستانە.

ئایا ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەو ڕێبازە ئوپورتونیستیە یەک بگرین یان خۆمانی لێ هەڵبڕین و خەباتێکی بێ وچانی لە دژی بکەین؟ ئایا ئێمە دەتوانین شۆڕشگێڕ بین و لە دژی ئوپورتونیسم و لەڕێ لادان خەبات نەکەین؟

جوابی ئەو پرسیارانە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا روون بەڵام

وادیاره بزوتنەوەی سیاسی ئێمە سەری لێ شێواوە. لینین دەڵێ: «خەبات لەدژی ئیمپریالیزم درۆیێ و دەلەسەیە ئەگەر بەتەواوی نەبەستریتەوە بە خەبات لە دژی ئۆپورتونیسم». ئەوەیە ریگەی بزوتنەوەی سیاسی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد. شێلگیر بوون لەسەر ریبازی شۆڕشگێڕانە و خەبات لەدژی ریبازی کونەپەرستانە و ئۆپورتونیستی. گەلی مە پێویستی بەوەی نیە لەگەڵ هەر ریباز و ریکخراوەیەکی ئۆپورتونیست و کۆنەپەرست یەک بگرێ. پڕ هێز بوون تەنیا بە هەڵگرتنی ئاڵای ریبازی شۆڕشگێرانە وەدی دێ. ئەگەر لە ئۆپورتوونیسم و دواکەوتوویی و کونەپەرستی رزگاریمان بێ بەهێزتر دەبین.

هاوڕێ ی خۆشەویست،

مەبەستی ئەو رەخنە کورتە ئەوەیە ریگاکەمان زوتر روون بکاتەوە. پێداویستی رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن ئەوەیە، کە دوور لە هەر چەشنە (یانزە چەشن!) لیبرالیسمێک ئەو هەڵەیەی دەیبینم باسی بکەم. رەخنەگرتن لە بزووتنەوەی سیاسی ئێمەدا باو نەبوە، دڵنیام ئیستە کە رابەرایەتی شۆڕشگێڕی بزووتنەوەی گەلی کوردی عیراقیش تەئکیدی لەسەر خەباتی فیکری ناوخۆ کردوە («باری ئیستەی خەباتمان») ئەم رەخنەیە بە شێوەیەکی شۆڕشگێرانە وەربگیرێ و وەک هەڵمەت بڕدنە سەر ئەم و ئەو چاوی لێ نەکرێ).

لێرەدا دەقی نامەکە تەواو دەبێت. ئەمە پەیامی دۆستێکە بۆ کارکردن لەسەر رەخنە و رەخنەگرن لەپێناوی رابەرایەتی شۆڕش و شۆڕشگێریی لە شۆڕشی نوێدا، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ناونراوە ریبازێکی نوێ، لە دژی ریبازی دواکەوتووی وابەستەبووی ئیمپریالیزم لە دنیادا. وەک لەو بەڵگەنامانەی لەم کتێبەدا پشتمان پێ بەستوون، دەردەکەویت،کە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئەو بنەمایانە کاریکردووە، کە د. ئەمیریش ئاماژەی پێداون.

# بابەتی سێزدەیەم

## ئەوانەی لە برادۆست بوون!

مستەفا چاوڕەش، مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٧ دەگاتە گوندی «ماسیڕۆ» لەسەر سنوور، پاشان بۆ ناوچەی برادۆست دەچێت، لەم سەفەری گەڕانەوەیەدا ئەو و د. کەمال خۆشناو هاوسەفەرن و دەگێڕێتەوە: «لەگەڵ ئەم هەموو سەرماوسۆڵە و برسێتییەدا باوەڕمان بەهێز بوو، بەسەری یەکتر سوێندمان دەخوارد. ڕۆژگارمان بەڕێ کرد، چونکی لەوێ چاوەڕوانی چەکمان دەکرد. ئەوانەی لەوێ بوون، ناوی هەموویان ناوتریێ؛ مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، ملازم عومەر، عەلی عەسکەری، سالار عەزیز، حاجی حاجی ئیبراهیم، دکتۆر خالید، ملازم تاهیر عەلی والی بەگ، مامۆستا سەلام، دلێری سەید مەجید، شێخ حسێن بابەشێخ یەزیدی (ئێزدی.. نەوزاد)، مامۆستا عەزیز، هاوڕێ جەبار، عەلی ئاماخان، عوسمان قالە منەوەر، عەبدولقادر هەڵەدنی و دەیانی تریش. پاش ماوەیەک دکتۆر مەحموود عوسمان و شەمسەدین موفتی هاتن. لیژنەی تەحزیری بوون، بەناوی پارتییەوە هاتن لەسەر سنوور یەکمان گرتەوە. هەروەها شەوکەتی حاجی مشیر، کە لە دێی گامیش تەپە لە شارەزوور بە دەستی تیرۆریستان نامەردانە شەهید کرا. هەروەها کاک محەمەدی حاجی مەحموودیش لەوێ بوون. هەر هەموومان بە کۆمەڵە و بزووتنەوە، یەکێتی بووین» (مستەفا چاوڕەش، ٢٠١٤، ل١٢٩). لە کتێبەکەی مستەفا چاوڕەش کۆمەڵێک وێنەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی لە

سێ سنوور بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتیش ناوچەی برادۆست (ل٤٨٣ و ٤٨٥). هەروەها ئازاد هەورامی، سەید کاکە، فوئاد چەڵەبی.. تاد لە برادۆست بوون، لەگەڵ سەدان پێشمەرگەی دیکە.

شەهید ڕێباز «ڕەفعەت عەبدوڵڵا» لە کتێبی قەندیل بەغدای هەژاند، یاداشتی پێشمەرگایەتی ١٩٧٧- ١٩٨٠ دەنووسێت: «دیارە لە مانگی ١٩٧٧/٧ مام جەلال و هەڤاڵەکانی هەریەکە بە ڕێگاییێک گەڕابوونەوە ناو خاکی کوردستانی خواروو، لەبەرئەوەی وەزعی شۆڕش ناخۆش و پڕ گیروگرفت بوو، پەیوەندی نێوان مەفرەزەکان و کەرت و هەرێم و سەرکردایەتی زۆر زەحمەت بوو، هاتنی نامەیێک کاتێکی زۆری دەوێت. دەشتی هەولێر زۆر لەناوچەی سێ سنوور دوورە.. لە ١٥ ڕۆژ کەمتر نییە بەپیادە، خەڵکی ناوچەی برادۆست و سێ سنوور لەبەر نەبوونی ڕێگا و بان، نەبوونی ئۆتۆمبیل، زۆر هامووشۆی شارەکانیان نەدەکرد، دۆست و برادەرایەتیان لەگەڵ ناوچەکەی ئێمە کەم هەبوو.. پەڕینەوەشی لە جادەی گشتی حاجی ئۆمەران زۆر سەخت بوو بەهۆی تەنینی ڕەبایەی زۆر لەسەر جادە گشتییەکە (کە سێیەم ڕێگای دەرەوەیە) دەنگوباسیش زۆر بڵاونەکرابووە، بۆئەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەکانی خۆی دوور لە هێرش و پەلاماری دوژمن ئەنجام بدات. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی ڕۆیشتبوون (ناوچەکەی ئێمە ئەوکات هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی لێ نەبوو)» (ڕێباز، ١٩٩٣، ل١٠٦ و ١٠٧). ئەمەش بەڵگەیەکی دیکە، کە هەوڵدراوە، زۆرترین ژمارە لە پێشمەرگە روو لە ناوچەی برادۆست بکات، بەڵام گەیشتن و هاتوچۆ بە دەڤەرەکە سەخت بووە.

لەم سەرچاوەیەشدا نووسراوە؛ «ڕۆژی ١٩٧٧/١١/٨ چووینە گوندی گڵانگەردی و شێخان و گوندی جورجان، مام جەلال و کاک عەلی عەسکەری و کاک خالید و کاک نەوشیروان و کاک سالار و کاک ڕەسول

و کاک دکتۆر مەحمود و کاک قادر جەباری و کاک ملازم عمر هەموو ئەوکاتە لەوێ بوون» (محمد حاجی محمود، ١٩٩٩، ل١٠٧).

زۆر هەوڵمدا بە ورد و نزیکی ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بزانم، کە لە ناوچەی برادۆست بوون، یاخود بەبۆنەی هاتنەوەی مام جەلال و هەڤاڵەکانی روویان لەوێ کردبوو، بەڵام هەوڵەکەم بە ئامانج نەگەیشت. ئەوەندەی بۆم ساغبۆتەوە، نزیکەی دووسەد و پەنجا پێشمەرگە دەبوون، بەڵام ژمارە زۆرەکە لە سنوورەکانی گەرمیان، سلێمانی، باڵەکایەتی، هەولێر، بیتوێن و پشدەر لە جەولەدابوون و لەوێ چالاکییان دەنواند.

## بابەتی چواردەیەم

## کەی، بۆ، ناوچەی برادۆست چۆڵکرا؟

نەوشیروان مستەفا مانگی نیسانی ١٩٧٧ لەرێگەی سوریاوە بە قاچاغ بە یارمەتی شەهید؛ نەجمەدین بیوککایا «نەجۆ- سەڵاح» داخیلی خاکی باکووری کوردستان «تورکیا» دەبێت و دوای مانەوەی بۆ ماوەیەک لەوێ، دیسان بە قاچاغ داخیلی خاکی باشووری کوردستان «عێراق» دەبێت. ئەوکاتە د. خالید سەعید و چەند کادرێکی دیکە لەگەڵ پێشمەرگەکانیان لەسەر سنوور و بەتایبەتی لەناوچەی برادۆست بوون.

ئەوەی لەم بەشەدا مەبەستی ئێمەیە بۆچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەم ناوچە سەختەی نەکرد بە مەکۆی سەرەکی؟ بۆچی دوای چەندان مانگ بۆ ناوچەکانی دیکە چوونە خوارەوە و ئەو ناوچە ستراتیجیەیان چۆڵکرد؟ سەلاح رەشید نووسیویەتی: «لە ٢٠ تەموزی ١٩٧٧دا مام جلال بە پەساپۆرتە ئێرانیەکەی فازیلی تاڵەبانی کە خۆی لە نەخۆشخانەی لەندەن کەوتبوو، گەڕایەوە کوردستان» (مام جەلال، ٢٠١٧، ل٩٠).

نەوشیروان مستەفا زانیاری ئەوەمان پێدەدات، بۆچی دەڤەری برادۆستیان چۆڵکردووە: حکومەت هەڕەشەیان لە شێخ محەمەد کردبوو، کە ئەگەر هێزەکانی یەکێتی ناوچەکەی ئەوان بە جێ نەهێڵێ وەکو شێخ محەمەد نوسی بووی: هێزەکانی عیراق (ئیغارەیەکی بە شیددەت) ئەکاتە سەر گوندەکانی ئەوان. بۆئەوەی گوندەکانی برادۆست توشی زەرەر و

زیان نەبن هەمومان چوینە گوندەکانی گارە، گەلیشم، مەلاویان... لەبەری تورکیا، چونکە چاوەڕوانی گەیشتنی وەجبەیەک چەک و گەڕانەوەی هەندێ لە هەڤالانی دەرەوە بووین» (نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٧، ل١٨٥).

پێنج لاپەڕە دوای ئەمە، زانیاری دیکە دەنووسێت: «ساڵ بەرەو زستان ئەچوو، هەوا سارد ئەبوو. وەرزی باران و بەفر نزیک ئەبوەوە. هێزەکانی ینک خانو و پێخەف و رایەخ و خێوەتیان نەبوو. ئازەقە زۆر بە زەحمەت و بەگران دەست ئەکەوت. زستانان رێگاوبانەکان ئەبەسران، ئەبوو لە پیازەوە زەخیرەی خواردن و سوتەمەنی بخرێ. هاتوچۆکردن زۆر کەم ئەبوەوە. توانای دارایی ینک کز بوو. نەی ئەتوانی پێویستییەکانی چەند مانگێکی هەموو هێزەکە دابین بکا.

مانەوەی بە کۆمەڵی هەموو هێزەکە لە برادۆست کارێکی راست نەبوو، هەروەها چۆڵکردنیشی راست نەبوو. ناوچەکە گرنگییەکی ستراتیجی هەبوو. چۆڵکردنی ئەبوو بەهۆی دابڕانی ینک و، جولانەوەکەی لە دنیای دەرەوە. لەبەرئەوە بڕیاردرا بەشێکی هێزەکە لەوێ بمێنێتەوە و، ئەوی تر هەر بەشەی بچێتە شوێنی کارکردنی خۆی. ئەبوو کاک خالید و شێخ حسێن و پێشمەرگە بادینییەکان لەێ بمێننەوە بۆ درێژەپێدانی پێکەوە بەستنی ناوەوە و دەرەوە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و فەرماندەی هەرێمەکان بە کوردستان بڵاوببنەوە. هەر کەس و هێزە رووبکاتە ئەو شوێنەی بۆی دیاری کراوە» (نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٧، ل١٩٠).

ئەو لەم مێژووەدا ناوچەی برادۆستی جێهێشتووە و بەرەو ناوچەکانی سلێمانی بەڕێکەوتووە: «رۆژی ٧٧/١١/٣٠ چوم بۆ خواحافیزی لە مام جەلال و مەکتەبی سیاسی... رۆژی ١ی ١٢ی ١٩٧٧ لە کوێرەدێ ی (جورجان)ەوە لە برادۆست بەرەو شارباژێر لە سلێمانی بەڕێ کەوتین» (نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٧، ل١٩٢).

لەبەر هاتنی زستان و دۆخی سەختی ناوچەکە، دوای ئەمیش، هێزەکەی دکتۆر خالید و حسێن بابەشێخ برادۆستیان چۆڵکردووە: «لە گوندی حاجی مامەند بوین لە نزیک بەرزنجە نامەیەکی د. خالیدمان پێ گەیشت. د. خالید و حسێن بابەشێخ و پێشمەرگە بادینییەکان گەیشت بونە شوێنێکی نزیک ئێمە. پێشمەرگەکان دانیان بە خۆیانا نەگرت بوو لە برادۆست بمێننەوە. پێیان وابوو زستان لە هەموو هێزەکانی ینک دائەبڕێن لە ژێر گوشاری سروشت و (قم) دا پەرێشان ئەبن. بریاریان دابوو بۆ بەسەربردنی زستان بێنە ناوچەکانی هەولێر. چۆڵکردنی برادۆست هەڵەیەکی کوشندە بوو. یەکێتی لەبەهاردا نرخەکەی دا و توشی کارەساتی هەکاری بوو» (نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٧، ل٢٢١).

لەم سەرچاوەیەشدا هاتووە: «یەک قۆناغمان گواستەوە بۆ دیوی تورکیا لە رێگا حکومەت و تەیارەی هەلیکۆپتەر هاتە سەرمان لەچەمی نێوان تورکیا و عێراق، یا نێوان جورجان و ماسیرۆ دا چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون» (محمد حاجی محمود، ١٩٩٩، ل١٠٧).

مستەفا چاوڕەش لەکاتی دابەشکردنی هێزەکاندا، لەگەڵ هێزەکەی نەوشیروان مستەفا بەرەو ناوچەکانی سلێمانی بەڕێکەوتووە: «هێزەکەی ئێمە لەگەڵ ئەو بەشە چەکەی بەرمان کەوتبوو، بە سەرکردایەتی کاک نەوشیروان، کە لێپرسراوی یەکەم بوو، کەوتینەڕێ» (مستەفا چاوڕەش، ٢٠١٤، ل١٣٠).

کەواتە؛ بۆردومانی بەردەوامی هێزی حکومەتەکانی عێراق، ئێران، تورکیا. رێزگرتن لە داخوازیی شێخ محەمەد رەشید لۆلان. دۆخی سەختی ناوچەکە. دانەبڕان لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان. پیلانە بەردەوامە دوژمنکارییەکانی سەرکردایەتی کاتی- پارتی دیموکراتی کوردستان. نامۆبوونی زۆربەی هەرەزۆری پێشمەرگەکان بەناوچەکە و دوورکەوتنەوەیان لە ناوچەکانی خۆیان، لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکان

بـوون بـۆ چۆڵکردنـی دەڤـەری برادۆسـت. دوایـی دەرکـەوت ئـەو بڕیـارە یەکێـک لــە بڕیـارە هەڵـە و کەمەرشـکێنەکان بـووە، کـە سـەرکردایەتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لەژیانـی حزبایەتـی خـۆی داویەتـی، بەتایبەتیش ئەنجامـە خراپەکـەی، لەکاتـی بەڕێکردنـی هـەردوو کاروانەکـەی هــەکاری و دابـڕان لــە سـنووری سـوریا دەرکـەوت.

# ئەنجام و پوختە

- برادۆست، دەڤەرێکی گرنگ و ستراتیجییە بۆ سێ پارچەی کوردستان، بەتایبەتیش بۆ باشوور.
- زۆربەی حزب و هێزەکانی کوردستان چاویان لەوە بووە بارەگا و بنکەی پێشمەرگە لە برادۆست دابنێن.
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥ دادەمەزرێ، بڕیاریدا ساڵی ١٩٧٦ دەست بە خەباتی چەکداریی پێشمەرگانە بکات.
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەنیا پشتی بە کۆمەڵانی خەڵک بەستبوو، پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ هیچ لەو حکومەتانە نەبوو، کە خاکی کوردستانییان دابەشکردبوو، ئەمەش بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ سەخت بوو.
- قیادەی موەقەتەی «سەرکردایەتی کاتی» پارتی دیموکراتیی کوردستان، بەهاوکاریی دوو عەشیرەتی گەورە لە ساڵی ١٩٧٦ لە سێسنووری ئێران-تورکیا-عێراق بارەگای دامەزراند و پێگەی خۆی بەهێزکرد، مەفرزەکانیان سنووری جووڵەیان بۆ سووریاش درێژ دەبوونەوە. ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی شای ئێران مابوو. لەگەڵ حکومەتی تورکیاش کۆدەبوونەوە و یەکتریان دەبینی.
- گەڕانەوەی پێشمەرگە، کادر، سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ لە سوریا و ئەوروپا دەستیپێکرد، قیادەی موەقەتە زۆر دوژمنکارانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی دەکرد.
- لەگەڵ پەیدابوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان لە کۆتاییەکانی ١٩٧٥ و سەرەتای ١٩٧٦دا، هەر زوو چاویان لە دەڤەری برادۆست بوو، کە بیکەن بە مەکۆی بنکەکانیان، چونکە خاڵێکی گونجاو بوو بۆ بەستنەوەی ناوەوە و دەرەوە.

- دوای سەرنەکەوتنی کورتە گفتوگۆی ساڵی ١٩٧٧ لەنێوان بەعس-یەکێتیی. شێخ محەمەد رەشید لۆلان داوا دەکات، هێزەکانی یەکێتیی لە ناوچەکەیان دوور بکەنەوە، چونکە عێراق ناوچەکەیان بۆردومان دەکات و زیان بە گوند و دانیشوانەکانیان دەگات.

- سەختی زستان و داخوازیی لۆلانییەکان و هەڕەشە بەردەوامەکانی قیادەی موەقەتە هۆکاریی سەرەکیین، کە سەرکردایەتی یەکێتیی دەڤەری برادۆست چۆڵ بکات.

- ئەو ماوەیەی، کە یەکێتیی لە برادۆست بوو، لە کۆتایی ١٩٧٦ تا کۆتایی ١٩٧٧ گرنگترین رووداو لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تۆمارکراوە، هاتنەوەی مام جەلال و چەندان سەرکردە و کادر لە سوریا و ئەوروپا، هەروەها گرێدانی یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی، لەو کۆبوونەوەیەدا ئیش و کارەکان دابەشکراون و ژیانی حزبایەتی بە دیسپلین کراوە و ناوچەکانی کوردستان لەسەر بنەمای هەرێم دابەشکران، لەگەڵ چەند رووداوێکی دیکە.

# دەقی نامەکان

ئەگەرچی ئەم کتێبە لەسەر رەگەز و بنەمای بەڵگەنامە بناغەکەی دارِشتووە و لە هەموو بەشەکانیدا راستەوخۆ پشت بە سەرچاوەی ئەسڵی، یاخود نووسین و یاداشتی کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو رووداوەکان بەستووە. بۆ دڵنیایی زیاتر لە بەڵگەنامەکان، لێرەدا دەقی سێ نامەی گرنگ دادەنێم، کە لە بەشەکانی کتێبەکەدا چەند پەرەگرافێکیان لێوەرگیراوە. دەقی نامەکان دەنووسمەوە و لە لاپەڕەکانی ئەسڵی بەڵگەنامەکانیشدا، کە دوای ئێرە دێن، لاپەڕەی یەکەمی ئەم سێ نامەیەش داندراون. هەر سێ نامەکە پەیوەندیدارن بەو کاتەی زۆربەی سەرکردایەتی یەکێتیی لە دەڤەری برادۆست بوون.

**نامەی یەکەم:**
**لە مام جەلال بۆ عومەر « عومەر شێخمووس»**

پاریس
١٩٧٧/٥/٢٧

برا گیان کاک عومەری بەڕێز
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
شادی و بەختیاریتانم داوایە و ئێمەش باشین. وا خەریکی گەڕانەوەم بۆ وولات. لە پاریس چاوم بە سپارکەکانت کەوت بە راستی باشن. نامەکەی مەلام دیت بە راستی زۆر خراپوناشیرینە ئەبێ ی. ن. ک جوابیکی باشی بداتەوە. پێویستە خەتی خوگری دان بە ئەمریکاوە ریسواکەین. من وا بەناوی خۆمەوە (ایضاح)ێک ئەنوسم لەسەر مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ ئیران و ئەمریکا. ئەینێرم بڵاوکرێتەوە، بۆتۆشی ئەینێرم. چونکە مسائلی کۆنی تێدایە نامەوێ بەناوی ی. ن. ک بێت.
وەزع لە وولات زۆر باشە. لام وایە بگەینەوە باشتریش ئەبێت.
ئیتر سەلام لە هەموو برایان ئەکەم

برای دڵسۆزتان
مام جەلال

ئاگاداری
بەلای منەوە نامەکەی بارزانی بۆ کارتەر هەموو شتێک نەسف ئەکا بە اتفاقە عملیەکەشەوە بەڵام پێویستە بە قراری هیئەی مؤسسە بێت.

**نامەی دووەم:**
**لە نەوشیروان مستەفا بۆ فەرید «د. کەمال فوئاد»**

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاکە فەرید
سڵاوێکی گەرم. هیوادارم شاد و بەختیار بیت. زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵی خۆشی و سەرکەوتنتان ئەپرسم. پێش ئەم نامەیەش نامەیەک و دوو بڵاوکراوەی ناوەوەی وڵاتمان بۆ ناردیت و بەڵێنم دابویتێ کە لە نامەیەکی درێژدا وەزعی ئێرەتان بۆ بنوسم، وا ئەمڕۆ فرسەتم بەدەس کەوتوە و بەڵێنەکەم بەجێ ئەهێنم.
دوای گەڕانەوەی عەجولی برادەرانی تریش گەیشتنە ناوچەکەمان بۆ کوبونەوە، پاش دانیشتن ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە پێکهێنانی سەرکردایەتی بەم جۆرە بێت (٦ ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان+ ٦ ئەندامی بزوتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان+ عەجولی کە لە خەتی گشتی یەکێتی یە+ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری دەرەوەی وڵات+ هەر عنصرێکی باش لە بادینان بێ گوێدانە اتجاهەکەی وە ئێستا جارێ شێخ حسینەکەمان هێناوە کە خۆت ئەی ناسیت).
ئینجا بۆ ئاگاداریت دەربارەی تیارەکانی ناو یەکێتی ئەم زانیاریانەت بۆ ئەنوسم:
١- کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان: ئەمە ڕێکخراوێکە بە شێوەیەکی بچوک لە ساڵانی ٧٠ کان دامەزراوە، من و عەجولیش ئاگاداری سەرەتای دەس پێکردنەکەیان بوین، بەڵام خۆیان بە خۆ گەشەیان کردوە و دروست بوون و بەهێزبون، دوای ئاشبەتاڵ تەنیا

هێزی ڕێکخراو بوون، وە ئەگەر لێدانی شەهاب و هاوڕێکانی نەبوایە ئەبونە گەورەترین ڕێکخراوی کوردستانی عیراق. ئەمە کاتی خۆی لەسەر بنچینەی م. ل. بیروباوەڕی ماوتستینگ دامەزرابوو، بەڵام ئێستا لە روی فیکری یەوە وەکو جاران توندوتیژیان نەماوە، ڕێکخراوەکانی ی. ن. ک لە هەمو شارەکانی عیراق دا ئەمان دروسیان کردوە، هەموو ئەو چالاکییانەی لە شارەکاندا بە تایبەتی کوشتنی پیاو خراپانی سلەیمانی و هەولێر و کەرکوک و بەغدا ئەمان کردویانە، یەکەمین دەستەی چەکدار کە چونەتە شاخیش هەر ئەمانە بوون. بەڵام ئەمانە چەند کەموکوڕیەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە هەموو کادرە پێشکەوتو و اساسیەکانیان ٣ لەگەڵ شەهاب اعدام کران و دوای تر لە سلەیمانی هەندێکی تریان اعدام کراون و نزیکەی ٦٠-٧٠ کادری بە قابلیەتیان گیراون، کە خەڵکی شارە جیاجیاکانن، لەبەرئەوە هەندێک گەنجی خوێن گەرم کەوتونە سەرکردایەتیەکەیەوە، بە گشتی ئاستی تیوری یان نزمە، بیروڕای (دەستەگەری) بە تەئسیری...... تاقمەکانی تریان تێدا پەیدابوە، خەڵکی ناسراویان کەمە لەناو خەڵکدا، کە ببنە واجهەی ڕێکخراوەکەیان، بەڵام لە رووی تەنزیم و ڕێکخستنەوە، دژی ڕێکخستنن بە شێوەی کۆن واتە کۆکردنەوەی زۆر و بۆر هێنانەوە.... عناصری کۆن و ئاغا و کوێخا و لایەنگری پێش خستنی خەڵکی گەنجن لەسەر بنچینەی دڵسۆزی بیروباوەڕ و توانا و کارامەیی نەک لەسەر اساسی ناوبانگی پێشو و مرکزی اجتماعی.

خولاصە ئەمانە لایەنی سلبی و ایجابییان هەیە، بەڵام لایەنە ایجابیەکانیان زۆر زیاترە لەلایەنی سەلبی. من تا ئەم کۆبونەوەیەش هەروەکا خەتی گشتی ی. ن. ک بووم بەو جۆرەی، کە لە دەرەوەی وڵات ئەمان کرد، بەڵام لێرە بەداخەوە برادەرانی بزووتنەوە وەهایان لەگەڵ ڕەفتار نەئەکردم، وە بۆ قازانجی یەکێتی لەسەر داوای عەجولی و کاک

عەلی و هەندێکی تر چومە سەر میلاکی ئەوان و ئەوانیش وەکو خۆیان ئەڵێن منیان قبوڵە.

٢- بزوتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان:

خۆت بەیانی دامەزراندنی ئەم رێکخراوەت دیوە، جگە لەوەش هیچی تریان بڵاونەبۆتەوە، ئەمە ریشەکەی ئەگەرێتەوە بۆ ئەو تاقمانەی کاتی خۆی لە ئیران گەڕانەوە لەگەڵ عەلی و لە سەرەتادا بە تەمابون، کە حکومەت رێگەی ئیشکردنیان بدا و نەیدا، لەبەینی خۆیان جۆرە پەیوەندییەکیان هەر مابووو تا چوونە دەرەوەی کاک عومەر، عەلی، د. خالد وە دوای هاتنە دەرەوەیان وەکو رێکخراوی منافس بۆ کۆمەڵە ئەمەیان دروست کردوە، سەرکردایەتیەکەیان زۆربەیان لەوانەنە کە کاتی خۆی کۆمیتەی ناوەندی خۆمان یا جەماعەتی مەلا دابوون، یاخود هیچ نەبێ مسئولیەتی عسکری یان هەبوە، وە هەندێ کەسی تر وەکو بایزی عباس ئاغا کە متنفذە، وە بزوتنەوەکە کاتی خۆی لەسەردەستی ئەمانەدا گەورە بوو و چەکدارەکانی زیادی کرد و صەدان کەسیان بەهۆی ئاغاکان و کوێخاکانەوە راپەڕاند، ئەمان خەڵکی ناسراویان زۆرە لەناو خەڵکدا، لە روی فکری و تیۆری یەوە نا منسجم و جیاجیان، مەبەستیان لە اشتراکیەتی دیموکراتی (مارکسیزم- لینینیزم)ە وەکو خۆیان ئەڵێن، بزوتنەوە شتێکە وەکو پارتیە کۆنەکەی خۆمان بە هەموو سەلبیاتەکانیەوە، ئەیانەوێ زۆرترین خەڵک کۆبکەنەوە و بزوتنەوەکە زل بکەن و جاروبار سەرەتاتکێ لەگەڵ دراوسێکاندا ئەکەن و پێشمەرگەیان بە چەک و پارە اغراءاتی تر پەروەردە کردوە لەبەرئەوە لەگەڵ دەس پێکردنی هێرشی حکومەت و ناخۆش بوونی وەزعماندا لەو هێزانەی ئەمان رێکیان خستوە زیاتر لە هەزار کەس تسلیم بونەوە بە چەکەوە لە کاتێکدا لە هێزە کەمەکانی کۆمەڵە ژمارەیەکی یەکجار کەم تەسلیم بونەتەوە.

